# یوتۆپیا پاش پێنج سەدە

چەند نووسەرێک

لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح

٢٠١٥

Ideafoundation.co

# یوتۆپیا پاش پێنج سەدە

ئولریخ ئارنسڤالد
بلانگا پرات ڤالدێس
سۆنیا مۆکنی
ڤانێس شێل
ئەندرێیاس هێتسل و هانس پێتەر شیوت

لە ئەڵمانییەوە: **پێشەوا فەتاح**

٢٠١٥

**خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا**
**لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن**

- ناوی کتێب: **یوتۆپیا** پاش پێنج سەدە
- بابەت: فکری
- دیزاین: شاڵاو حەبیبە
- چاپ: چاپخانەی دلێر
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ: ٤٠٠٠ دینار
- ساڵی چاپ: یەکەم- ٢٠١٥

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا**
**زنجیەرە (٣١)**

## پێشەکی وەرگێڕ

ڕۆمانی "**یوتۆپیا**"ی **تۆماس موور**، هەتا ڕۆژگاری ئێستامان لێوانلێو لە ناکۆکی ماوەتەوە و گروپەکان، یەک لەوی دیکەیان جیاوازتر بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاریانهێناوە. چ ئەو هومانیستانەی کە وانەی تۆلێرانس دەخەنە پێشخانەوە، چ ئەو کۆمەنیستانەی کە هێڵیان بەژێر بنەمای یەکسانییەکەدا هێناوە. هیچ کام لەو تەفسیرانە بەڕاستی مرۆڤ ڕازیناکەن؛ ئەو گومانانەی کە ماونەتەوە لەوە زۆرترن. بەو شێوەیە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا دەکەوێتە سەر تامی لەزەتێک، کە خۆی یوتۆپیایەک بۆ خۆی دروستبکات. تۆماس موور، کوڕی جۆن موور، دادوەر لە دادگای شاهانە، ساڵی ١٤٧٨ لە لەندەن لەدایک بووە. وەک باوکی یاسانسی خوێندووە و ئەو ڕێچکەیە گەیاندوویەتی بە پلەی ڕاوێژکاری دەوڵەت، کە بەرزترین پۆستی سیاسیی ئەو سەردەمە بووە. ئەوەیش کە سەری خۆی پێ لە قوڕ ناوە دڵسۆزییەکەی بووە بۆ ئاینی کاتۆلیکی. کاتێک **هاینریشی هەشتەم** لە یەکەم ژنی جیابووەتەوە و **ئانا بۆلێین**ی خواستووە، **تۆماس موور** قبوڵی نەبووە. خەنجەری جەللاد ساڵی ١٥٣٥ کۆتایی

به ژیانی هێنا. کەنیسەش لەبەر دڵسۆزییەکەی ناوی وەک پیاوێکی موبارەک ڕاگەیاند.

یوتۆپیا لە دوو بەشی جیاواز لە یەک پێکهاتووە. بەشی یەکەم باس لە یەکتربینینی موور لەگەڵ دەریاوانێکی پرتوگالی دەکات، کە ناوی **ڕافایل هیثلۆدۆیس**ە. ئەو سەرەتا پیاوی **ئامێریگۆ ڤێسپۆچ**ی بووە و پاشان ئەو دوورگەیەی دۆزیوەتەوە، کە دواتر باسی دەکرێت. (ئو = نا، تۆپۆس = شوێن، ئوتۆپیا = هیچکوێ یاخود ناشوێن).

لە بەشی دووهەمی ڕۆمانەکەدا **ڕافایل** باسی ئەو سەرنج و تێبینیانەی خۆی دەکات، کە لەو دوورگەیە کۆی کردوونەتەوە.

یوتۆپیا لەڕاستیدا وەک بەریتانیا دوورگەیە، بەڵام لێرەدا بۆ موور هاوبەشییەکانیان دەگەن بە کۆتایی. چونکە هەموو ئەو بەدخوویی و نایەکسانیانەی، کە نیشتیمانەکەی بەدەستیانەوە دەناڵێنێت، بۆ یوتۆپیاییەکان شتێکی نامۆیە. بەم کتێبە **موور** ئاوێنە دەخاتە بەر دەمووچاوی هاوزەمەنەکانی خۆی: نەجیبزادەکان، پیاوە ئاینییەکان و دەوڵەت، بەڵام پیاوە ئاساییەکانی سەر شەقامیش.

ئایا هۆکاری نایەکسان دابەشکردنی ڕسق و بارگرانی و تاوان لە کوێدایە؟ **موور** تەماحی مرۆڤ وەک سەرچاوەی هەموو

خراپەکارییەکان دەستنیشاندەکات. **موور** لێرەدا هەڵوێستێکی مەسیحی دێرین و کۆمەنیستی وەردەگرێت. بە توندی ڕەخنە لە کۆششی مرۆڤ بۆ دەوڵەمەندبوون دەگرێت. وەک نموونەش، مەڕداری دەهێنێتەوە، کە لەو زەمەنەدا هەر دێتو لە زیادبووندایە، چونکە خوورییەکەیان پارە زیاتر فرێدەدات وەک لە کشتوکاڵ و هەر بۆیە هەموو زەویە بەپیتەکان دەکرێن بە وێرانە و خانوەکانی ناویان دەڕوخێنرێن و تەنلبەند دەکرێن.

شتێکی دیکە لەو شتانەی کە گرپیان لە **موور** بەرداوە، ئەو گەلۆرانەن کە لەسەر کاری خەڵکی دیکە دەژین. **موور** ئەوەی حساب کردووە، کە دەکرێت ڕۆژێکی کار بۆ شەش کاتژمێر لە ڕۆژێکدا کورتبکرێتەوە، بەڵام لەکاتێکدا هەمووان لە بەرهەمهێناندا بەشدار بن.

ئەرکی ئەوە بەسەر دەوڵەتدا دەدات خۆی لە جەنگ دوور ڕابگرێت و ناڵە و ئازار و مەینەتی کەمبکاتەوە: "بۆیە دەبێت نەجیبترین خەمی پاشا ئاسوودەیی گەلەکەی بێت، نەوەک ئاسوودەیی خۆی."

وەک سیاسەتمەدارەکانی ئەم سەردەمە، **مووریش** لایەنگری ئاسانکردنێکی بنەڕەتی یاساکان دەکات. لەو ڕووەوە هەڵوێستی بەم شێوەیەیە: یاساگەلێک کە کەس پێیان ئاشنا

نییە و لێیان حاڵی نابێت، مرۆڤ ناتوانێت پابەندیان بێت. لە فۆرمێکی تەواو مرۆڤدۆستانەدا **موور** پشتگیری لە ئازادی و تۆلێرانسی دینی دەکات. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئاتێیزم وەک ناجنسبوونێکی سروشتیی مرۆڤ ڕەتدەکاتەوە. پێنج سەد ساڵ لە پاش بڵاو کردنەوەی ئەو کتێبۆکەیەی، خۆزگەکانی **تۆماس موور** بە یوتۆپیایی ماونەتەوە. بەڵام فکرە مرۆڤدۆستەکانی لە دڵی مرۆڤەکاندا ڕەگوڕیشەیان داکوتاوە. ئەگەرچی ڕۆمانی یوتۆپیا هەتا ئێستا وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام وەرگێڕانی ئەم کۆمەڵەوتارە هەوڵێکە بۆ ناساندنی یەکێک لە کارە هەرە ناسراوە جیهانییەکان و کەشفکردنی ئەو مەرامانەی کە دەشێت لەپشت ئەو شاکارەوە هەبن. دیدی گەلێک جیاواز سەبارەت بە تۆماس موور هەن، لەکاتێکدا کەسانێک هەن، موور وەک پیاوێکی موبارەکی ئایینی دەبینن، خەڵکانی دیکەش هەن ئەو بە سەرەتای کۆمەنیزم ناوزەند دەکەن. بەو چەشنە ئەم پیاوە مرۆڤدۆستە میراتییەکی دووئادگارمان لەدوای خۆی بۆ بەجێدەهێڵێت.

پێشەوا فەتاح
سلێمانی، ٢٠١٥\٢\٢

# پێشەکی

(سەبارەت بە دەستووری نوێی دەوڵەت و دوورگە نوێیەکەی یوتۆپیا، کتێبێکی چکۆلانەی بەڕاستی زێڕین، کە چەند ئاسوودەبەخشە هێندەش دڵخۆشە)ی **تۆماس موور،** کتێبێکی کلاسیکۆی فەلسەفەی سیاسییە. ئەو کتێبە، کە ساڵی ١٥١٦ بۆ یەکەم جار بڵاو بووەتەوە، مۆرکی خۆی لەسەر نەریتی بەرفراوانبوونی مۆدێلی دەوڵەتداری خەیاڵی بەجێهێشتووە، چ ئەوانەی کە مەرامی تیۆری و چ ئەوانەش کە مەرامی ئەدەبییان لەپشتەوە هەبووە، ئەو دوورگەیەیش کە **موور** خۆی ناوی لێناوە، بووەتە شاناوی هەموو خەیاڵە سیاسییەکان. هەر بەو هۆیەشەوەیە کە **یوتۆپیا** مۆدێلی هەموو یوتۆپیا پۆزیتیڤەکانی دەوڵەتدارییە. هێزی وروژاندن و پێگە و کاریگەری مێژوویی ئەو شاکارە دەکەن بە یەکێک لە کاریگەرترین کتێبەکانی مێژووی هزری سیاسی.

ناوی (یوتۆپیا) که له (ئو) و (تۆپۆس)ی زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، گوزارشت له (هیچکویَ)یەک دەکات، و بەهۆی نەدۆزینەوەی ئەو شوێنەوە هەموو تامەزرۆییەک ڕووەو دوورییەک، که دەست پێی نەگات، پەخش دەبێتەوە. کەوابێت ئەوەی وەک یوتۆپیا تەماشا دەکرێت، وێنایەکە کە لەڕاستیدا وەک ئایدیایەک بیری لیَ دەکرێتەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ جێبەجێناکرێت. وەهمێک، کۆنسێپت و نیگای جیهانێک یاخود زەمەنێکە، کە تیایدا یاساوڕێسایەکی نوێی کۆمەڵایەتی، دینی یاخود تەکنیکی سەروەرە. هەتا کۆتایی جەنگی سارد لە سەردەمانی دوو جەمسەریی جیهاندا، هەم بەرهەمهێنانی یوتۆپیا و هەم توێژینەوەی، لە لوتکەی بازاڕگەرمییدا بوون. زنجیرەی نووسەرەکان له **ئادۆرنۆ** و **ئیسایا بەرلین**ەوە دەستپێدەکات هەتا **ڕالف دارندۆرف**، **کارل پۆپەر** و **جێڤگێنج سامجاتین**، کە لەژێر ئەو ئاماژانەدا خۆیان بۆ گوزارشتی یوتۆپیا تەرخان کرد. بەڵام لەو سەردەمەوە مەیدانی بەرهەمهێنانی یوتۆپیا و توێژینەوەی لە دۆخی داڕووخانێکی هەمیشەییدایە، ئەگەرچی **یورگن هابرماس** هەر لە ساڵی ١٩٨٥ دا بە ڕوونی لە دەرەنجامەکانی (ماندووبوونی وزەی یوتۆپیایی) ئاگاداری کردینەوە. لەویادا دەڵێت: "گەر دوورگە یوتۆپیاییەکان وشکیان کرد، بیابانێک لە ناچیزەیی و بێئۆقرەیی پەلدەهاوێت."

ئەم نووسینەی بەردەستتان لە مشوومڕێکی زانستی بەرچاو و گوێی گشتییدا دروست بوو، لەژێر ناونیشانی، "یوتۆپیاکەی تۆماس موور و ژانری یوتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسییدا، کە لە ٢ هەتا ٤ی نیسانی ٢٠٠٨ی خایاند و لەلایەن **ئینستیتیوتی فەلسەفەی زانکۆی کارلسڕو** بە هاوکاری **ئینستیتیوتی توێژینەوەی کلتوری هایدلبێرگ** سازکرابوو." (**ئینستیتیوتی توێژینەوەی کولتووری** پەیمانگایەکی خۆبەخش و بێلایەنە، کە لەسەر بنەمای تۆڕێکی ئەورووپی لە زانستکارانی لاو دامەزراوە.)

ئامانجی سەرەکی مشتومڕەکە ئەوە بوو، دیبەیتە کۆنەکەی جەنگی سارد زیندوو نەکاتەوە، بەڵکوو پتر ئەو پرسیارە بوروژێنێت، ئاخۆ بەچی شانس و هیوایەکەوە بۆ مشتومڕی کۆمەڵگای سیاسیی، ئەمڕۆ دەتوانرێت کار لەسەر مۆدێلی دەوڵەتداری خەیاڵی لە دیموکراسی مۆدێرنی ڕۆژئاواییدا بکرێت.

لەسەر ئەو پاشخانە، لەو کۆڕەدا لێکۆڵینەوە و مشتوومڕ لەسەر پێکهاتە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی گوزارشتی "یوتۆپیا" وەک فۆرمێکی فەلسەفەی سیاسیی سەردەم، کرا. بەوەدا کە دیاریکردنی گوزارشتی یوتۆپیا لە هەموو زەمەنەکاندا خاڵێکی دەستپێکی جێگیر تەنها لەناو نموونەی ئەدەبیی هەموو یوتۆپیاکان، واتا **یوتۆپیاکەی تۆماس مووردا** دەدۆزێتەوە، هەموو بەشدارانی کۆڕەکە

به ئامانج دەگەڕانەوە سەر بابەتی **یوتۆپیاکەی تۆماس موور**.
لە **تۆماس موورەوە** وەک خاڵی دەستپێک هەڵسەنگاندنی گوزارشتی یوتۆپیا لەلایەن نووسەرانی ئەم کارەی بەردەستتانەوە لە چوارچێوەیەکی کلاسیکی فەلسەفەی سیاسییدا مشتومڕکراوە، ئەویش بە ئامانجی دیاریکردنی لەباربوویی و سەردەمییەتی ئەو گوزارشتە بۆ تێگەیشتن لە فۆرمی ژیانی سیاسیی ئەم سەردەمەماندا.

کارلسرو، ١٤ی نۆڤێمبەری ٢٠١٠
ئولریخ ئارنسڤالد و هانس پێتەر شیوت

# سەبارەت بە گوزارشت و واتای یوتۆپیا

## لە فەلسەفەی سیاسییدا

**ئولریخ ئارنسڤالد**

هەتا "سۆسیالیزمێکی واقیعی" لە ئارادا بوو، کە مرۆڤ دەیتوانی بە پێچەوانەی خواستی باوکە زەینییەکان وەک یوتۆپیاییەک کەڕەتی سفری بکات، یاخود لە بەرخاتری لەباربوویيە پۆزەتیڤە یوتۆپیاییەکەی پارێزگاری لێ بکات، توێژینەوەی یوتۆپیا لە ترۆپکی بازاڕگەرمی خۆیدا بوو. گوزارشتی یوتۆپیا لە ململانێی ئایدۆلۆژیایی سەردەمی جەنگی سارددا خاڵێکی لەنگەرخستن بوو، کە شەڕێکی سەرسەختتانەی لەسەر دەکرا. ئەوەش لەسەردەمی ڕووخانی دیواری بەرلین و کۆتایی دوو جەمسەری جیهانەوە کۆتایی هات. هەم بەرهەمهێنان و هەم توێژینەوەی یوتۆپیا لە ساڵەکانی ڕابردوودا ڕوویان لە کەمی کردووە. لەگەڵ ڕووخانی دیواری بەرلین و کۆتایی

هاتنی بەرەنگار بوونەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، تەنها کۆتایی سەردەمی یوتۆپیا نا، بەڵکو هەمانکات لەلایەن **فرانسیز فوکویاما**وە لە "کۆتایی مێژوو و دواهەمین پیاو"دا، کۆتایی مێژووش ڕاگەیەندرا. بەپێی بۆچوونی **فوکویاما،** لەڕێی دیومکراسیەتی لیبرالەوە جێکردنەوەی هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا گەیشتووە بە ئاستێکی ئۆپتیمال، کە هیچ بەدیلێکی مێژوویی بۆ نییە و هەر بەوەش نمایشکاری دوا وشەی مێژووە.

لەو کەین و بەینەدا – لەپاش جەنگە نوێیەکان لەسەر ڕووبەری زەوی – ڕەنگە لەگەڵ ئۆپتیمیزمێکی هێندە خۆشباوەڕانەی فەلسەفەی مێژوو تەنها بزەیەکی ماندووانە بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا، خەریکە لە دوو دەیەی ڕابردوودا لێکۆڵینەوە لە یوتۆپیا لەسەر سەحنی زانستی ئاسەواری بە تەواوی ون دەبێت.

لێرەدا زۆر بە کورتی کۆمەڵیک نموونە بۆ پڕوپاگەندەی کۆتایی سەردەمی یوتۆپیا ناودەبرێن. لەسەر بەرگی تایتلی کتێبەکەی **بروس ئاکەرمان** "دەستپێکێکی نوێ بۆ ئەوروپا لە پاش سەردەمی یوتۆپیا"، ساڵی ١٩٩٣ دەنووسێت:

"یوتۆپیا مەزنەکان گەیشتوون بە کۆتایی خۆیان. لە جەنگێکی جیهانی خوێناوییدا شۆڕشی فاشیستەکان هەرەسیانهێنا، پاشان – لە تەقینەوەیەکدا نا، بەڵکوو لە هەڵوەرینێکدا، فکری کۆمەنیزیم تێکشکا. ئێستا سەردەمی شۆڕشی ڕاستەقینەی لیبرالیزم سەری هەڵداوە."

**یۆئاخیم فێست** داوای کۆتایی "هەراوزەنای یوتۆپیا" دەکات، کۆتاییەک کە لە نیگای ئەودا بە کۆتایی سۆسیالیزم، وەک دواهەمین هەوڵی گەورەی یوتۆپیا دەستپێدەکات:

"لەگەڵ سۆسیالیزمدا، لەپاش نازیزم، هەوڵێکی دیکەی گەورەی سەدە بۆ یوتۆپیا شکستی هێنا. ئەوەی لەگەڵیدا کۆتایی دێت، ئەو بڕوا زیاد لە دوو سەد ساڵ کۆنەیە کە دەڵێت: "مرۆڤ دەتوانێت جیهان لەسەر وێنەیەکی بەرهەمهێنراو لە بنەچەوە بگۆڕێت."

پاشان وەک دەرئەنجامی کۆتایی هەموو ڕێگاکان، دەڵێت:

"سیحری ئەو خواستە کاریگەری نەماوە. بەڵام ئەگەرچی مرۆڤ ناچاریش بێت لە دوارۆژدا بەبێ هەراوزەنای یوتۆپیاکان بژی، ناتوانێت ئەو ناڵەیەی کە بەدەست جیهان و ئەو بێسەبرییەش کە لەگەڵ مرۆڤەکاندا هەیە بە شانهەڵتەکاندنێک فەرامۆش بکات."

هەروەها بۆ **ئودۆ بێرمباخ**یش کۆتایی یوتۆپیاکان سەری هەڵداوە. نێزیک لە تێزەکەی **فوکویاما**وە لەسەر کۆتایی مێژوو، ئەم نووسەرەش هیچ زەرورییەتێک نابینێت بۆ جیهانگۆڕینێکی شۆڕشگێڕانە:

"ئێمە لە سەردەمی پاش شۆڕشەکانەوە دەژین – بەو شێوەیە لەم سەردەمانەدا فکری یوتۆپیا بەرەو گۆڕ هەڵدەگیرێت، لانی کەم وا دەردەکەوێت. لەپاش ئیفلاسی دارایی و سیاسیی ئەو سۆسیالیزمەی کە بە "سۆسیالیزمی واقیعی" ناوزەند دەکرێت، فکری ئەوەی کە گوایە جیهان

پێویستی بە هەڵەچنێک هەیە و ئەوەشی لەباردایە، چیدیکە ناتوانرێت وەک شتێکی سروشتی تەماشابکرێت."

هەر لەبەرئەوە **بێرمباخ** بە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ... "فۆرمی یوتۆپیا، خزمەتی خۆی لە دیزاینی چەند مۆدێلێکی کۆنکریتی ڕێکخستنی داهاتووی کۆمەڵگادا تەواو کردووە."

بە پێچەوانەوە **هێرفرید مونکلەر،** لەڕاستیدا کۆتایی یوتۆپیا دەبینێت، بەڵام دەیەوێت لانی کەم ئەوەیش، کە کەمێک یوتۆپیا لە خۆ دەگرێت، ڕزگار بکات:

"واتا، ئەگەرچی یوتۆپیا ئایندەیەکی نەمابێت، کتومت لەبەرئەوەیە ئەوەی یوتۆپیاییە ئایندەی هەیە. لەڕاستیدا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە بەراورد بە یوتۆپیا، ئەو شتانەی کە یوتۆپیایین لە ڕێکخراوی و دەقیقییدا کەموکورن ..."

ئەم هەڵبژاردەیەی بەردەستتان نایەوێت دیبەیتە کۆنەکەی جەنگی سارد زیندوو بکاتەوە، بەڵکوو پتر دەیەوێت ئەو پرسیارە بوروژێنێت، ئاخۆ بەچی شانس و هیوایەکەوە بۆ مشوومڕی کۆمەڵگای سیاسیی، ئەمڕۆ دەتوانرێت کار لەسەر مۆدێلی دەوڵەتداری خەیاڵی لە دیموکراسی مۆدێرنی ڕۆژئاواییدا بکرێت. ئایا مرۆڤ دەتوانێت ئەو تێزە مۆدێرن و لیبراڵانەی کە لە میدیای جیهانیدا دەنگیان داوەتەوە، ئەسڵەن بخاتە چوارچێوەی یوتۆپیاوە؟ بۆ نموونە: **تیۆری عەدالەتی جۆن ڕاول، ئانارخی، دەوڵەت،**

**یوتۆپیای ڕۆبێرت نۆزیک** یاخود **فەزاکانی عەدالەتی میخایل ڤالتسەر**. یان ئێلێمێنتە خەیاڵییەکان تیایاندا هێندە لە واقیعەوە نێزیکە بە جۆرێک کە مرۆڤ چیدیکە نەتوانێت بە ئاوەڵناوی **یوتۆپیایی** وەسفییان بکات؟ ئایا ئەسڵەن پێویستیمان بە یوتۆپیا هەیە تاوەکو لە تواناماندا بێت مۆدێلگەلی نوێی ڕێکخستنی سیاسیی کۆمەڵگایەک بەرهەمبهێنین، کە خاوەنی توانستی ئایندەیی بێت؟ یان فەلسەفەی سیاسیی بە جۆرێک تێروتەسەلە کە تەنانەت لەژێر فشاری گۆڕانکاری بەجیهانبوونیشدا، دەرفەتەکانی تەشەنەکردنی مۆدێلی پۆزەتیڤی دەوڵەتداری هێند سنووردارن، کە مرۆڤ ناتوانێت لە ئایندەیەکی نزیکدا حساب بۆ یوتۆپیای نوێی دەوڵەتداری بکات؟

زۆرێک لە بەشەکانی ئەم نووسینەی بەردەمتان کتومت بەشوێن ئەو پرسیارەدا دەڕۆن. لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێت سەرچاوەی سەرەکی، کە هەمووان دەگەڕێنەوە سەری، **تۆماس موور** بێت. کتێبی (سەبارەت بە دەستووری نوێی دەوڵەت و دوورگە نوێیەکەی یوتۆپیا، کتێبێکی چکۆلانەی بەڕاستی زێڕین، کە چەند ئاسوودەبەخشە هێندەش دڵخۆشە)ی مۆرکی خۆی لەسەر نەریتی بەرفراوانبوونی مۆدێلی دەوڵەتداری خەیاڵی بەجێهێشتووە، چ ئەوانەی کە مەرامی تیۆری و چ ئەوانەش کە مەرامی ئەدەبییان لەپشتەوە هەبووە، ئەو دوورگەیەیش

کە **موور** خۆی ناوی لێناوە، بووەتە شاناوی هەموو خەیاڵە سیاسییەکان.

لە بەشی یەکەمی ئەم کارەدا، کە چوارچێوەیەکی بابەتی بۆ باسکردنی ڕاستەقینەی **یوتۆپیا** دەخاتە ڕوو، بە وردی و ڕاستەوخۆ ڕەخنە لە دۆخی سیاسیی و کۆمەڵگای ئەوسای بەریتانیا و ئەوروپا دەگیرێت. لە ڕەخنەکانی **تۆماس مووردا** لەسەر سەدەی شانزە، لە فۆرمی توێژینەوەیەکی بیرتیژانە لە ڕوانگەی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، هاوزەمەنەکان ئاوێنە دەخرێتە پێش ڕووخساریان. بە تێکەڵەیەک لە توێژینەوەی فەلسەفەیی سیاسیی، گفتوگۆ لەنێوان پسپۆڕان و هەمانکات حیکایەتی دنیادیدەیەک کە گەشتی دوورودرێژی کردبێت، سکاڵا لە دۆخە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوسای بەریتانیا دەکرێت.

بەپێچەوانەوە بەشی دووهەمی کتێبەکە باس لە دوورگە خەیاڵییەکەی **یوتۆپیا** دەکات. ئەو بەشە بەتایبەتی باس لە ڕێکخستنی دەوڵەت دەکات و دۆخی ژیانی دانیشتووانەکەی دەخاتەڕوو. ئاماژە بەوەش دەکات، کە گوایە دیزاینی ڕێکخستنێکی ئایدیالی ژیانە، کە ئاشتی و بەختەوەری بۆ هەمووان مسۆگەر دەکات. دەستووری ئەو دەوڵەتە ئایدیاڵە "یوتۆپیا" بە فۆرمێکی تەواو لۆژیک دیزاین کراوە. هەر بەو هۆیەشەوەیە کە **یوتۆپیا** شامۆدێلی هەموو یوتۆپیا پۆزەتیڤەکانی دەوڵەتدارییە. ئەوەش پرسیارگەلی دیکەی لێ دەکەوێتەوە:

گەر **لوسیان هۆلشەر** لە شیکردنەوەکەیدا بۆ گوزارشتی یوتۆپیا لە (فەرهەنگی مێژوویی زمانی سیاسیی–سۆسیالیی لە ئەڵمانیا)، کە لەژێر ناونیشانی (گوزارشتە بنچینەییە مێژووییەکان)دا دەدۆزرێتەوە، ڕاست بکات، ئەوا گوزارشتی "یوتۆپیا" بە بەراورد گوزارشتێکی زۆر نوێیە، کە سەرەڕای ئەوەش لە سەرەتای مێژوو نووسینی یوتۆپیاکانەوە ساڵی ١٨٤٠ هەمیشە گوزارشتێکی فرە واتا بووە. بەڵام ئایا پێکهاتە و ستراکتۆری ژانری "یوتۆپیا" وەک فۆرمێکی فەلسەفی سیاسیی دیاریدەکرێت، لەکاتێکدا وشەکە فرەمانا بێت؟

لەوە سەرسوڕهێنتر ئەوەیە کە ئەو گوزارشتە ئەمڕۆ لەلایەکەوە وەک گوزارشتی پێشڕەو لە دیزاینە پێشکەوتووەکانی ئەو دەوڵەتانەدا دەردەکەوێت، کە تامەزرۆیی خۆیان بۆ کۆنسێپت و نیگایەیکی نوێی جیهانێک یاخود زەمەنێک، کە تیایدا ڕێکخستنێکی نوێی کۆمەڵایەتی، دینی یاخود تەکنیکی سەروەرە، دەردەبڕن، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە ئەو گوزارشتە وەک ڕەخنەی ئیحتیمالی سیناریۆیەکی سامناکی هەمان ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی، دینی یاخود تەکنیکییە دەبینرێت.

بەڵام ئەی جەوهەری یوتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسییدا چییە؟ ئایا یوتۆپیا جۆرێک لە ڕەخنەی پێشوەخت و پارادۆکسی چەند تەشەنەیەکی ئایندەیی ڕێتێچووە، کە وەک بەرهەمی فکر هەر لە ئێستاوە بە جۆرێکی پوخت هەتا کۆتایی نمایش

دەکرێت؟ یاخود یوتۆپیا دیزانێکی ڕێتێچووی سبەینێیەکی باشترە؟ جۆرێک لە ئایدیالێکی سیاسیی لەڕێی دیزاینی مۆدێلێکی پێشکەوتووخوازی دەوڵەتدارییەوە؟

هەر خودی وشەی یوتۆپیا لە سەرەتای سەردەمی نوێدا گوزارشتی لە ئەو کارە ئەدەبییانە کردووە کە وەک هاوشێوەی یوتۆپیاکەی تۆماس موور دەرکەوتوون و گوزارشتی لەو شوێنە خەیاڵییانە کردووە کە هاتنەدیی یوتۆپیان. هەر بۆیەش ئەم پرسیارە لە جێی خۆیدایەتی: ئایا دەستەواژەی یوتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسییدا، بەپێی پێویست لە یوتۆپیا وەک دەستەواژەی ژانری ئەدەبی، جیادەکرێتەوە؟

ئەوەی لێرەدا سەددەرسەدە ئەوەیە، کە دیاریکردنی دەستەواژەی یوتۆپیا لە هەموو سەردەمەکاندا بە تاق و تەنها لە شانموونەی هەموو یوتۆپیاکاندا دەتوانێت خاڵێکی دەستپێکی جێگیر بدۆزێتەوە، ئەویش **یوتۆپیا**کەی تۆماس موورە. هەر بۆیە پێم ڕەوایە، ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: یوتۆپیا چییە؟ ڕووبەڕووی **یوتۆپیا**کەی موور بکەمەوە. لە گۆشەنیگای ئەو کارەوە، واتا بڵێین لە تاقە خاڵی دەستپێکەوە، کە مسۆگەر لەبەردەستماندایە، دەمەوێت لێرە لە فۆرمی تێزێکدا بگەم بە ئەنجامی پێوەرگەلێک بۆ دەستەواژەی یوتۆپیایەکی فەلسەفەی سیاسیی.

ئەگەرچی دەشێت ئاماژەکەی **ڕیچارد س** لە کتێبی "پێوانی هیچکوێ"ی ساڵی ١٩٩٥یدا لە بنەڕەتدا ڕەوا بێت، کە دەڵێت:

وه نەبێت تەنها ئەو حوکمی بەهایانەی، کە بەسەر یوتۆپیای سیاسییدا دەدرێن، مشتوومڕیان لەسەربێت، هەر بۆیە دەستکێشانەوەی یوتۆپیا مەرج نییە شتێکی سەپێنراو بێت. لێرەدا سەرنجمان دەچێتە سەر **نۆربێرت ئێلیاس**، کە یەکەم کەس پێشناری ئەوەی کرد، لەڕێی گەڕانەوەوە بۆ نەریتی کلاسیکی، کە بە یوتۆپیاکەی **موور** دەستی پێکردووە، ڕێگایەکی دەربازبوون لەو دۆخە ناهەموارە بدۆزنەوە، ئەویش دۆخی فرەواتایی دەستەواژەکەیە.

**ئێلیاس** وەک دەرئەنجامی پێشنیارەکە، بە پێچەوانەی مۆدی زانستیی باڵادەستی زەمەنی خۆیەوە، پێناسەیەکی کاری یوتۆپیای پێشکەش کرد، کە دەکرێت وەک بنەمایەک بۆ شیکاریی مۆدێرنی یوتۆپیا بەکاربهێنرێت:

"یوتۆپیا وێنای فەنتازیای کۆمەڵگایەکە، کە پێشنیاری چارەسەری بۆ کێشەگەلێکی دیاریکراوی چارەسەرنەکراوی تیادایە بۆ کۆمەڵگای پەیوەندیدار، پێشنیارگەلی چارەسەر، کە یان نیشانی دەدات، ئاخۆ ئەو گۆڕانکارییانەی کۆمەڵگا کامانەن کە نووسەر یاخود هەڵگری یوتۆپیایەکی لەو جۆرە خوازیارییین یاخود لە کام گۆڕانکارییانە دەترسن، ڕەنگیشە هەندێکجار هەر دوو دۆخەکە لە ئارادا بن. مرۆڤ دەتوانێت هەنگاوێکی دیکەش بڕوات. من پێم وایە، هەموو یوتۆپیایەک وەک ترس یاخود وێنایەکی خۆزگە، ناکۆکی جدی کۆمەڵگای پەیوەندیدار دەکات بە مەرجەع. ڕێنیشاندەرەکەیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە

یوتۆپیاهەڵگرەکان ئاخۆ سەرکەوتن بەسەر کام ناکۆکیانەدا وەک خوازراو یاخود نەخوازراو لەپێش خۆیاندا دەبینن."

لە کاتێکدا **ئێلیاس** بەوە مەحکوم بووە، پڕوپاگەندە بۆ دەستەواژەیەکی سیاسیی ڕوون و بێبۆشایی یوتۆپیا بکات، کە کاریگەرییەکەی هەتا ئەمڕۆ بێشک بەسەرنەچووە، من دەمەوێت بە سنوورکێشانێکی خودئاگایانەوە لەگەڵ **ئێلیاس**دا چەند پێوەرێک لەسەر دەستی **یوتۆپیاکەی تۆماس موور** تەشەنە پێبدەم، ئەگەرچی لادانی ئەوتۆشی تیادابێت لە بەکاربردنە باوەکەی ئەمڕۆی دەستەواژەی یوتۆپیا.

بێگومان ئەوەش ڕێگاپێدراوە گەر مرۆڤ بیەوێت، ئەو ژانرەی کە **تۆماس موور** ناوەکەی پێ بەخشیووە، کورتنەکاتەوە بۆ یوتوپیایەک یاخود فکرە یوتۆپیاییەکەی **تۆماس موور** خۆی.

**ئێرنست بلۆخ** زووتر لە **بنەمای هیوادا** ڕەخنەی لە سنووردارکردنێکی ناپێویستی لەو جۆرە گرتووە:

"سنوورداکردنی یوتۆپیا لە بیرکردنەوەی تۆماس مووردا، یاخود بەکارهێنانی وەک ڕێبەرێک، وەک ئەوە وایە مرۆڤ بیەوێت وشەی ئێلێکتریسیتی (کارەبا) کورتبکرێتەوە بۆ ئەو بەردەی کە ناوە ئەسڵە یۆنانییەکەی داویەتێ[1]."

[1] لە زەمەنی ئانتیکی یۆناندا جۆرە بەردێکی تایبەت هەبووە، یۆنانییەکان هەستییان پێکردووە کە بە لێکخشاندن بە کارەبا بارگاوی دەبێت، ئەو جۆرە بەردە تایبەتە بە زمانی یۆنانی پێی گوتراوە **ئێلێکترۆن**. (ت.و)

لەگەڵ ئەوەشدا کارکردنێک لەسەر یوتۆپیا بە گەڕانەوە بۆ دەستەواژەکەی **موور** سەرنجڕاکێشی خۆی تیادایە و لەو نێوەندەشدا لە چوارچێوەیەکی مێژووییدا دەکرێت گۆشەنیگای ونبوو لەخۆبگرێت. بۆیە بەڕای من گەر بگەڕێینەوە بۆ سەر **ئێلیاس**، وەک پێوەرگەلێکی مومکین چەند گۆشەنیگایەک بۆ دەستەواژەی یوتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسییدا لەبەردەستدان:

**یەک**: یوتۆپیا سیاسییەکان ئەو تیۆرییە دەوڵەتداریانەن، کە وەسفی کۆمەڵگایەکی خەیاڵی و مۆدێلێکی دەوڵەتداری خەیاڵی دەکەن لەناو جیهانێکی تایبەت بە خۆیاندا.

**دوو**: بەو جۆرە یوتۆپیا هەمیشە تاقیکردنەوەیەکی ڕیسکئامێزی ئەنتی ئیندیڤیدوالییە، واتا دژە تاکەکەسە، چونکە دواجار کۆمەڵگایەکی خەیاڵی لە مۆدێلێکی چەقبەستووی کۆمەڵگادا وەک (ئایدیالێکی یوتۆپیایی) نمایش دەکات.

**سێ**: نووسەرەکەی چاوەڕێی جێبەجێکردنی یوتۆپیاکەی ناکات لە داهاتوویەکی نزیکدا: واتا بە دڵنیاییەوە لەو زەمەنەدا نا کە هێشتا خۆی لە ژیاندا ماوە.

**چوار**: خوودی یوتۆپیا هەمیشە مێتافۆری و بێزەمەنە. ئەوەش لەگەڵ خاسییەتی گێڕەرەوەیانەی ڕەخنەیی کۆمەڵگایەکەیاندا دەگونجێت. واتا: تەنها لە گێڕانەوەدا و هەرگیز لەو زەمەنی ڕانەبردووەی کە تیایدا دەژین، ئەو یوتۆپیاییە ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**پێنج**: نەخشەسازی یوتۆپیا هەمیشە ناچارانە وەک پێچەوانەی بارودۆخەکانی زەمەنی ئێستا خۆی جوودا دەکاتەوە. بەڵام نابێت وەک ئالتەرناتیڤەیەک لەو دژە جیهانە دروستکراوە تێبگەین، کە گوایە دەبایە ئەو جیهانە چۆن بێت، بەڵکوو دەکرێت ئەو جیهانە چۆن بێت.

**شەش**: یوتۆپیا جۆرێک لە ڕەخنە یاخود تەنزی ئایندەیەکی مومکینە. بەو چەشنە یوتۆپیا ئایدیالێکی واقیع نمایش ناکات، بەڵکوو گەمەیەکی فکرە بە نوکتە و زەینەوە.

**حەوت**: هەموو یوتۆپیایەک واقیعی خۆی دروست دەکات.

وەکو لێرەدا بە ئاسانی دەبیندرێت، من دژ بە تێزێکی بەربڵاو پۆزش وەردەگرم، کە دەڵێت، یوتۆپیاییزم تا ڕادەیەک پوختەیەک لە واقیعی کۆمەڵگا نمایش دەکات و وێنای ژیانێکی ئایدیالی کۆمەڵگایەک دەخاتە بەرامبەری کە شایەنی خۆزگە بۆ خواستنە. یوتۆپیا وەک فکرەیەک حیسابە، کە لە ڕاستیدا ڕێی تێ دەچێت، بەڵام ڕاستەخۆ جێبەجێناکرێت، و نوێنەری فەنتازیاییەک یاخود نیگای جیهانێک یاخود زەمەنێکە، کە تیایدا ڕێکخستنێکی تازەی کۆمەڵایەتی، دینی یاخود تەکنیکی سەروەرە. بەهۆی پێرفێکتکردنی ئەو وێنایەوە وا دادەنرێت، هەر ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگایە بەوە ڕازییە لە هەموو بەشەکانی ژیاندا بە زۆرینەی هەموو ئایدیاکانی ئەو کۆمەڵگایە هەڵبستێت. لە چاوی مندا ئەو تێزە خۆی بۆ کارەکەی **تۆماس موور** ناگرێت.

بۆ نموونە **کارل کاوتسکی** پڕوپاگەندەی بۆ ئەو جۆرە گۆشەنیگایە کردووە، ئەو لە **مووردا** کۆمەنیستێکی بینیوە کە بۆ جیهانێکی باشتر خەباتی کردووە. **کاوتسکی** لە سووربوونەکەی خۆیدا زیاتریش ڕۆیشتووە:

کۆمەنیزمی **موور** بۆ مرۆڤدۆستان و هاووڵاتییان پیاهەڵدانێکی جوانە؛ ڕەخنەی ئەو لە هەلومەرجە سیاسییە سەروەرەکان بۆ ئەوان وەک ئەوە وابووە لە ڕۆحیانەوە قسە بکەیت.

لەڕێی ئەو دەرەنجامە تایبەتییەوە **کاوتسکی** باڵ دەگرێت و پڕوپاگەندە بۆ **تۆماس موور** دەکات وەک باوکی **سۆسیالیزمی یوتۆپیایی**:

ئەو باوکی سۆسیالیزمی یوتۆپیایی بوو، کە بە ناهەق ناوی خۆی لە **یوتۆپیا** وەرنەگرتووە. ئەو یوتۆپیاییە، کەمتریش لەبەر دوورەدەستی ئامانجەکان، بەڵکوو زیاتر لەبەر کەموکوڕی ئەو کەرەستانەی کە لەبەردەستیدا بوون یاخود ویستویەتی سوودیان لێ وەرگرێت.

بەم تەفسیرە **کاوتسکی**، **موور** دەئاخنێتە جیهانبینییە سۆسیالیستییەکەی خۆیەوە، کە ئەویش دیسان پەیوەستە بە وێناییەکی مادیی مێژووەوە، ئەمە بەبێ ئەوەی بە ئاستەم توانجە ناسکەکەی کارەکەی **موور** ببینێت. تەنانەت دوو جار ڕەتکردنەوەی گێڕەرەوەکەی **موور** لە گفتوگۆی خەیاڵی ناو تێکستی یوتۆپیادا سەبارەت بە فکرەی دەوڵەتێکی ئایدیالی کۆمەنیستی، تێگەیشتنی ئەوی لەسەر

کارەکە نەگۆڕیووە. ئەو ڕەتکردنەوەیە بەبێ بیرکردنەوەیەکی ئەوتۆ لەڕێی ئەم کۆمێنتەوە وەلادەنێت:

"نەفرەتکردنی کۆمەنیزم وەک (کفرێکی قێزەون) لەلایەن **مووری** کۆمەنیستەوە ناکۆکییەکی سەیروسەمەرەیە."

**گێرارد مۆبوس** ڕاست دەکات، کاتێک تەفسیری **کاوتسکی** بە هەڵە لەسەر بنەمایەکی هەڵە لە قەڵەم دەدات، کە گوایە لە کتێبی یوتۆپیادا نەک **تۆماس موور**، بەڵکو **هیثلۆدۆیس** دان بە بۆچوونی نووسەردا بنێت. هیچ شتێک ئەوە پشتڕاست ناکاتەوە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی **موور** وەک نووسەر خۆشی وەک کاراکتێری گێڕەرەوە لە کتێبەکەدا بوونی هەیە. لەڕاستیدا **ریچار س**یش بەهەمان شێوە بۆ مەسەلەکە دەچێت، کاتێک **هیثلۆدۆیس** وەک خودی **تۆماس موور** تەماشا دەکات، ئەویش هیچ دەرئەنجامێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە جگە لەمە:

"... ئەوەی کە گوایە موور ویستبێتی لەڕێی توانجەوە نەک ئەو وێنە خەیاڵییەی مرۆڤ خوازیارییەتی، بەڵکوو ئەو وێنە خەیاڵییەی کە مرۆڤ لێی دەترسێت، بکێشێت، تەفسیرێکە کە لە تێکستەکەدا هیچ پشتگیرییەکی چنگ ناکەوێت."

بەڵام تێکستەکە لە چاوی مندا کتومت ئەوە ناسەلمێنێت. بەڕای من دەبێت لە کتێبی یوتۆپیادا زیاتر ئەوە وەک ڕاوبۆچوونی موور تەماشا بکرێت کە بە ڕوونوئاشکرایی بەناوی ئەوەوە دەگوترێت. بۆیە بەرامبەر بەو هەوڵی تەفسیرە بەربلاوەی کە بۆچوونی **هیثلۆدۆیس** دەخاتە پاڵ

بۆچوونەکانی **موور**ەوە، ئەو تێزە دەخەمە ململانێوە کە دەڵێت: یوتۆپیا زیاتر تاقیکردنەوەیەکی فکرییە، نەوەک نەخشەسازی دەوڵەتێکی ئایدیال، کە زۆرێک لە مرۆڤەکان تامەزرۆیین. دوورگەی یوتۆپیا چارەسەری کۆتایی لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت، جا نەخوازە چارەسەرێک بۆ ئەو دۆخ و هەلومەرجە ناهەموارانەی بەریتانیای ئەو زەمەنە. لێرەدا دوانزە نموونە بە کورتی دەهێنمەوە، کە لەبەرچی یوتۆپیا تەنانەت بە بچوکترین ماناش دەوڵەتێکی ئایدیال نمایش ناکات:

**یەک**: ئەولەویەتی دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو بەشەکانی ژیان: لە بێشکەوە هەتا کفن هەموو هاووڵاتییەکی دوورگەی یوتۆپیا لەلایەن کۆمەڵگاوە ئاراستە دەکرێت، یاخود ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵدەکرێت. گەر لە دەمی **هێلموت کێرن**ەوە قسە بکەین: "یوتۆپیا دەوڵەتی پەروەردەکردنە نەوەک ئازادی." وەک تۆڕێک چاودێرییە ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆکانی هەر تاکێک باڵ دەکێشێت بەسەر ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی یوتۆپیادا. لەپشت لانەی ئەو دەوڵەتی ئاسوودەییەوە مۆدێلی دەوڵەتێکی تۆتالیتار لە فۆرمی دەوڵەتێکی دەسەلاتداردا خۆی حەشارداوە. کۆنترۆڵێکی سەرسەخت لەلایەن دەسەلاتدارانەوە لەڕێی سیستەمی پەروەردە و کۆمەلایەتییەوە کارئاسانی بۆ دەکرێت، بە چەشنێک کە هاووڵاتیانی یوتۆپیا هەموو تەمەنیان هاودەمی دەکرێن و

لەو چوارچێوەیەدا تەنانەت یارییەکانی کاتە سەربەستەکانیان لە خزمەتی سەرکەوتنی چاکەدایە بەسەر خراپەدا. هەموو هەڵسوکەوتێکی دژە کۆمەڵگایانە لەناودەبرێت. بۆ نموونە، لەکاتی نانخواردنە بە کۆمەڵەکەیاندا هەموو کەسێک چاودێری هەموو کەسێک دەکات بە جۆرێک کە لەسەر مێزی نانخواردن وشەیەک ناگوترێت یاخود شتێک ناکرێت لە دەست هاوسێکەت دەربچێت. هەر بۆیە لە یوتۆپیادا ناتوانرێت چیدیکە باس لە باشترین دەستووری دەوڵەت بکرێت، بەڵکو تەنها لە یاسا و ڕێکخستن.

**دوو**: بەرەڵایی قبوڵ نییە. ئەرکی کارکردن بەردەوام سەروەرە. تەنانەت ئەو گەشتیارانەش کە لە ڕۆژێک زیاتر لە جێیەک دەمێننەوە، دەبێت ئەرکەکانیان بەجێبهێنن. ئەرکی کارکردن بە توندی کۆنترۆڵ دەکرێت، چونکە ئەوە گرنگترین و تاقە کاری بەڕێوەبەرەکانە کارێک بکەن و یاسا و ڕێسا دابنێن کە هیچ کەس بێکار دانەنیشێت، بەڵکوو هەریەک سەرقاڵی پیشەی خۆی بێت. جگە لەوەش کاری کێڵگە بۆ هەموو پیاوان و ژنان کارێکی بە کۆمەڵە. چونکە دەبێت هەموو کەس لەو کارە بزانێت و هەر لە منداڵییەوە فێردەکرێت.

لەسەرو ئەوەشەوە، دەبێت هەموو هاووڵاتییەکی یوتۆپیا پیشەیەکی دیکەش فێرببێت. ئەوەی بە وردی دیقەت بدات دەبینێت، ئەو یوتۆپیایەی کە **هیثلۆدۆیس** وەک دەوڵەتێکی

ئایدیاڵ بانگهێشتی بۆ دەکات، لەپشت هەموو بڕیارەکانی دەوڵەتەوە هەمیشە لەژێر فشار و زۆرەملێییەکی سەختدایە.
**سێ**: ڕەوتی ڕۆژگار تەواو هاوشێوە داڕێژراوە. کاتژمێر بە کاتژمێری ڕۆژ پیلانی بۆ دانراوە و کۆنترۆڵ دەکرێت. شتی پڕتاو و لەناکاو لێرەدا جێگای نابێتەوە. ڕەوتی ڕۆژگاری هاووڵاتیانی یوتۆپیا، کە ڕۆژ و شەو لە بیست و چوار سەعاتدا بەش دەکەن و لەو بیست و چوار سەعاتە تەنها شەش سەعاتی بۆ کار تەرخان دەکەن، بەم جۆرەیە:
پێشنیوەڕۆ سێ کاتژمێر کار، پاشان دەڕۆن بۆ نانخواردن؛ پاش خوانی نیوەڕۆ دوو کاتژمێر پشوو دەدەن، پاشان دووبارە سێ کاتژمێر کاردەکەنەوە و ڕۆژی کارکردنیان بە خوانی ئێوارە کۆتایی دەهێنن. بەوەشدا کە لە یەکەم کاتژمێری نیوەڕۆوە حسابی دەکەن، سەعات هەشت دەڕۆن دەخەون.
لەپاش خوانی ئێوارە کاتژمێرێک بە وەرزش و یاری بەسەردەبەن، یارییەکان لەلایەن سەرەوەوە دیاریکراون.
**چوار**: هەموو جۆرە ئیندیڤیدوالییەک لە فۆرمی جلوبەرگ، متومیرو و خشڵ، شکۆ، نەجیبی و هتد. دەسڕدرێتەوە تاوەکو هەموو هاووڵاتییەکی یوتۆپیا وەک دانی چەرخ بۆ ئامانجەکانی ئەو ئامێری چاکەخوازییە کاربکات. مرۆڤ لێرەدا دەتوانێت بێ چەند و چوون باس لە قەدەغەییەکی خۆشگوزەرانی و شادیی بکات، کە مرۆڤەکان تەنها وەک

ئەندامێکی کۆکی کۆمەڵگا قبوڵ دەکات. ئەوەش لە جلوبەرگی هاووڵاتییانی یوتۆپیادا پەخشدەبێتەوە:
سەرەتا بۆ کار قاتێکی زۆر سانای کار لەبەردەکەن، لە چەرم یان خوری، کە هەتا حەوت ساڵ بەرگە دەگرێت. کاتێک دەڕۆنە دەرەوە، جلێکی بەسەردا لەبەردەکەن، کە ئەو جلەی دیکە دادەپۆشێت: ڕەنگەکەی لە سەرتاپای هەموو دوورگەکەدا هەمان ڕەنگە، ئەویش ڕەنگی سروشتی قوماشەکەیە.
هەوڵ و کۆشش بۆ خۆشگوزەرانی بە هەموو جۆرەکانییەوە، لادانی ئیحساسیی و هتد، مەحکومە بە ئیدانەکردن لەلایەن کۆمەڵگاوە. بۆیە هاووڵاتییانی یوتۆپیا بە هەمان شێوە خەڵکانێک ئیدانە دەکەن، کە عاشقی یاقوت و ئەڵماسن و پێیان وایە، بە جۆرێک لە جۆرەکان بە تەشریفی خودایی گەیشتوون گەر ڕۆژێک دەستیان بە بەردێکی گرانبەها بگات. لای هاووڵاتییانی یوتۆپیا ڕەونەقداریی لە جل و بەرگدا هیچ شەرەفمەندانەییەکی تیادا نییە، عەبای ئاوریشم تەنها قێزی لێدەکەوێتەوە، زێڕ تەنانەت وەک بێڕێزی تەماشا دەکرێت.
**پێنج**: هاووڵاتییانی یوتۆپیا بە هیچ شێوەیەک ڕێگا بە فەزای تایبەت نادەن. لەپێش چاوی هەمووواندا دەبێت کاری ڕۆژانە بەجێبهێنرێت و کاتی ئازاد بەسەرببرێت. ڕژێمی ئەوتۆریتێری دەوڵەت هەموو پێداویستییە ئیندیڤیدوالییەکان و کارە مرۆییەکان بە توندی ڕێکدەخات. تەنانەت ماڵی

خێزانیش بۆ هەموو کەسێک بەردەستە و شوێنێکی گشتییە. لە یوتۆپیادا دەڵێت: "دەرگاکان جووت باڵن، بە فشارێکی بەتاڵی دەست دەکرێنەوە، پاشان خۆیان دادەخرێنەوە و بەو چەشنە ڕێگات پێدەدەن بڕۆیتە ژووری. سەرەڕای ئەوەش هەموو دە ساڵێک بە تیروپشک خانوەکانیان دەگۆڕنەوە."

**شەش**: جۆرێک لە تیرۆری ئەخلاق حوکم دەکات. دەوڵەت بڕیار دەدات، چی شتێک ڕێگاپێدراوە و چی شتێک ڕێگاپێنەدراوە. مەودایەک نییە بۆ بڕیاری تاکەکەس. ئەخلاق هەمیشە لەسەر بنچینەی وێناکانی دەوڵەت بۆ ئەخلاق بنیاتنراوە، نەوەک لەسەر وێنا ئیندیڤیدوالییەکانی ئەخلاق. ئازادی و سەربەخۆیی تاکەکەس لە بەرنامەدا نین. یوتۆپیا لەسەر کۆنسێپتێکی دانایی بنیاتنراوە، کە ئاراستەیەکی سەختگیری تاکرەوی و دژە تاکەکەسی هەیە. هیچ کەس ناتوانێت خۆی لە کار بدزێتەوە یاخود لە باڕ و مەیخانە و تیاترۆدا زەوقە شەرمەندەکانی خۆی تێربکات. دۆزەخی گوناهەکاران بوونی نییە، هەلێک بۆ پاشەکشێ بوونی نییە، بەو جۆرەش تەنانەت هەلێک بۆ فریوخواردن بوونی نییە. **ڕافایل هیثلۆدۆیس** باسی ئەو دیکتاتۆرییە ئەخلاقییەی کۆمەڵگای هاوولاتیانی یوتۆپیا دەکات:

"نە مەیخانە و نە بیرەخانە، تیاترۆخانە لە هیچ کوێیەک، هیچ هەلێک بۆ فریوخواردن، نە قومارخانە، نە پێکەوەدانیشتنێکی نهێنی، بەڵکوو لە هەموو شوێنێک چاوی

گشتی لەسەر تاکەکەسە و کار و ئەتەکیەتیی ڕاهاتووی بەسەردا دەسەپێنێت."

**حەوت**: دەوڵەت بۆ کارە هەرە نزمەکان دەگەڕێتەوە بۆ چینێکی کۆیلایەتی، کە لە خزمەتی هاووڵاتیانی یوتۆپیادایە. ئەو سیستەمی کۆیلایەتییە لەسەر دیلی جەنگ و تاوانکارانی حوکمدراوی خودی یوتۆپیا بنیاتنراوە، هەروەها ئەوانەش کە حوکمی سێدارە بە سەریاندا سەپێنراوە و بە نرخێکی هەرزان کڕدراونەتەوە. ئەو غەریبانەشی دێتەگەڵ کە بۆ کرێیەکی ڕۆژانەی کەم خۆیان بۆ کاری کۆیلاییەتی ناونووس دەکەن، چونکە ئەو کارە مرۆییترە وەک لە ژیانی هەتا ئێستایان. ئەو سیستەمی کۆیلایەتییە لەگەڵ فکرەی کۆمەنیزمدا بۆ لابردنی دراو هەماهەنگ نییە. یوتۆپیا زیاتر لە پشتی پەردەوە بۆ کاری کۆیلاتییەتی لە جەوهەری سیستەمی چینگەراییدا بە چەقبەستوویی دەمێنێتەوە و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا لەسەر ڕاوڕووتکردنی کاری بێگانە بنیاتدەنرێت.

**هەشت**: خیانەتی هاوسەرگیری لە فۆرمی کۆیلایەتییەکی هەرە دژواردا سزا دەدرێت. دووبارەبوونەوەی ئەو کارە خۆبەخۆ لەسێدارەدان بەدوای خۆیدا دەهێنێت. یاسای هاوسەرگیری بەتایبەت دەمارگیرە، چونکە هاووڵاتیانی یوتۆپیا خۆیان بە نەڕووخاویی هاوسەرگیرییەوە توند گرتووە. پیاو و ژن لە تەمەنی بیست و دوو ساڵی و هەژدە ساڵیدا ژیانی هاوسەرگیری دەستپێدەکەن؛ سێکسی پێش

هاوسەرگیری بە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری و دۆڕاندنی ئابڕووی خێزان سزادەدرێت. تاوەکو پێش لە ڕووداوی نەخوازراو و چاوەڕواننەکراو بگیرێت، پیاو و ژنێکی بەتەمەن بووک و زاوا بە ڕووتی پێش خۆیان دەدەن. هاووڵاتیانی یوتۆپیا ئەوە بە کارێک دەزانن کە زۆر لە خزمەتی ئامانجەکەدا بێت. دواجار بۆ کڕینی ئەسپیش، لەڕووی باری تەندروستییەوە بەهەمان هۆش و وردییەوە دەستبەکاردەبن. **موور** ئەو شۆخییە بە خۆی ڕەوا نابینێت، لە بەشی (سەبارەت بە کۆیلەکان)دا لەسەر هاوسەرگیری بڕوات.

**نۆ**: ئازادی جوڵەی هاووڵاتیانی **یوتۆپیا** سنووردارە. گەر یەکێک بیەوێت سەردانی شارێکی دیکە بکات، پێویستی بە مۆڵەتی دەزگاکانە. سووڕانەوە بەبێ مۆڵەتی سەرەوە بە قامچی و لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەدا بە بێگاریی سزا دەدرێت. لە **یوتۆپیا**دا دەڵێت:

"گەر یەکێک خۆبەخۆ لە دەرەوەی سنووری خۆیدا بسوڕێتەوە و بەبێ مۆڵەتنامەی میریی بگیرێت، وەک گێرەشێوێن تەماشا دەکرێت، بە سووکایەتی پێکردنەوە دەهێنرێتەوە بۆ شار و بە توندی تەمبێ دەکرێت؛ لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەدا سزاکەی دەربەدەرکردنە بۆ ناو کۆیلایەتیی."

بەڵام تەنانەت گەر یەکێک مۆڵەتی گەشتیشی پێبێت، ناتوانێت هیوای بە گەشتێکی ئاسوودە هەبێت، بەڵکوو

لەڕێی ئەرک و عەزێتی لۆجیستی پەیداکردنی کار و کردنی کار تەنانەت لە چوارچێوەی ئازادیی گەشتەکەیدا سنووری بۆ داندراوە. چونکە، "بۆ هەر کوێیەک بڕوات، لە هیچ شوێنێک خواردنی بۆ نییە، هەتا هێندەی خواردنەکە کاری نەکردبێت، یان پێش خوانی نیوەڕۆ یان ئەوەتا پێش خوانی ئێوارە."

**دە**: **یوتۆپیا** لەسەر ڕژێمێک بنیاتنراوە کە سیاسەتێکی دەرەکی لە مامەڵەدا پەیڕەو دەکات، بەشێوەیەک کە وڵاتانی هاوسێ لەڕووی داراییەوە حوکم بکرێن، ئەگەرچی ئایدۆلۆژیای سەرنشینانی دوورگەکە بەحساب کۆمەنیزمە. هاووڵاتیانی یوتۆپیا ژمارەی گەورە لە شتومەک هەناردەی ناوچە نامۆکان دەکەن و قازانجی خەیاڵی دەکەن. قازانجەکانی هەناردەکردن نەک تەنها بۆ هاوردەکردنی شتومەکی دەرەکی و هاوسەنگکردنەوەی حسابی بازرگانیی، بەڵکوو بۆ بنیاتنان و گەورەکردنی ئەو سەرمایەیە بەکاردەهێنرێن کە لە هاوسەنگی حسابی بازرگانییەکە زیادەن، چونکە، "وەک قازانج تەنها ئەو شمەکانە ناهێننە ناوەوە کە لە وڵاتدا نوقسانن (ئەوەش هیچی دیکە نییە جگە لە ئاسن)، بەڵکوو ژمارەیەکی گەورەش لە زیو و زێڕ. لەوەدا، چونکە لەمێژە بەو چەشنە ڕۆیشتووە، لەوە زیاتریان کەڵەکە کردووە کە مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە."

ئەوەی کە هێندە زۆرە، بە لایانەوە گرنگ نییە ئاخۆ بە پارەی کاش یاخود قەرز دەیفرۆشن، تەنانەت بە جۆرێکە کە زۆرینەی کڕینەکان بە کۆمپیالە دەدرێن، کە هاووڵاتیانی یوتۆپیا لەڕێی تاپۆی موڵکەوە جارێکی دیکە مسۆگەری دەکەنەوە. بەو چەشنەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پارە و زێڕ بێنرخ نین، بەو چەشنەی کە **هیثلۆدۆیس** هەوڵدەدات لە گێڕانەوەکەیدا ڕوونی بکاتەوە. فەلسەفەی کۆکردنەوەی گەنجینەیەکی مەزنی دەوڵەت بە ڕسقی بێگانە لە فۆرمی دراو و زێڕدا هیچ واتایەکی دیکەی نییە جگە لەوەی کە لە پشتی پەردەوە نرخی دراوەکان دەهێنرێنەوە کایەوە. لەسەرو ئەوەشەوە، ئەو لێشاوە گەورەیەی بازرگانی وڵاتەکانی هاوسێ لەڕووی داراییەوە وابەستەی هاووڵاتیانی یوتۆپیا دەکات، هەر لەبەرئەوەش دەبێت هەموو هاومامەڵەکان دەوڵەتی **یوتۆپیا** وەک دەسەڵاتی سەروەر تەماشا بکەن. لێرەدا بەڕای من مرۆڤ دەبێت بێ چەندوچوون هاوڕای **هێرمان ئۆنکن** بێت، کاتێک بۆی دەردەکەوێت:

"ئەگەرچی یوتۆپیا لە ناوخۆدا موڵکی تایبەتی وەک سەرچاوەی خراپە لابردبێت، وەک دەوڵەت لەناو دەوڵەتاندا وەک دەوڵەتێکی دەسەڵات دەردەکەوێت بە میتۆدگەلێکەوە کە میتۆدگەلی ئیمپراتۆرێکی سەرمایەداری مۆدێرنن."

**یانزە**: سیاسەتی ئیمپڕاتۆریی بە یەکێک لە هۆکارەکانی جەنگ هەژمار دەکرێت. بەرژەوەندی دارایی هاووڵاتیانی

یوتۆپیا وەک هۆکارێکی جەنگ بەسە، بەبێ ئەوەی دوژمنایەتی و توندوتیژی لایەنی بەرامبەر لە ئادارا هەبێت.
**هیثلۆدۆیس** دەگێڕێتەوە و دەڵێت:
"بەلایانەوە هۆکارێکی زۆر دادپەروەرانەیە، گەر گەلێک خۆی پارچەیەک زەوی بەکارنەهێنێت، بەڵکوو بێ ئامانج و بەتاڵ خاوەنیی بکات، بەڵام ڕازی نەبێت، بەکاربردن و خاوەندارێتییەکەی ڕادەستی یەکێکی دیکە بکات."
بە وتەی **هیثلۆدۆیس،** هاووڵاتیانی یۆتۆپیا لەڕاستیدا ڕقیان لە جەنگە:
"وەک شتێکی هەتا لوتکە دڕندە، کە هیچ چەشنێک لە دڕندە کێوییەکان هێندە بێوچان سەرقاڵی نین هێندەی مرۆڤ. بەڵام بە بێچەوانەی نەریتی هەموو گەلان ئەمان هیچ شتێک لەوە بە بەدناوتر نازانن وەک لە گەڕان بە شوێن ناوبانگ لە جەنگدا."
لەو ڕوانگەیەوە بێت گوایە دەبێت بەم چەشنە بن:
"سەرکەوتنێکی خوێناویی بۆ ئەوان نەک تەنها قێزەونە، بەڵکوو شەرمەندەشیان دەکات، بۆیەش وا دەکات بیر لەوە بکەنەوە، کە گێلێتییە بە نرخترین شمەک بە زۆر گران بکڕن."
شتێکی سەیر و سەمەرەیە کە لەلایەکەوە هاووڵاتیانی یوتۆپیا هێندە مرۆڤدۆستن ڕقیان لە جەنگ بێت، بەڵام لە جەنگدا هیچ کێشەیەکیان نییە لەگەڵ ئەوەدا کە گومانیاویترین کەرەستە بەکاربهێنن. چونکە کاتێک

یوتۆپیاییەکان بەرەو جەنگ دەڕۆن، لەڕووی مادییەوە تەنها شوێن ئامانجێک کەوتوون:
"بگەن بەو ئامانجەی کە لەمێژ بوو دەبووایە دەستیان بکەویت، تاوەکو جەنگ زەروور نەبێت؛ یاخود گەر بەپێی سروشتی شمەکەکە مومکین نەبێت، تۆڵەی هێندە زەبر لەوانە دەسەننەوە، کە گوایە بەرپرسیارن، بە چەشنێک ترس هێندەیان پێبکات، لە داهاتوودا هەمان شت دووبارە نەکەنەوە."
**دوانزە**: لە یوتۆپیا، ئەنجوومەنی پیران و کۆبوونەوەی گەلی لێدەرچێت، مشوومڕکردنی مەوزوعی گشتی و تەکبیرکردن قەدەغەیە. ئەوە وەک تاوانێک تەماشا دەکرێت، شایستەی مردن بێت. بۆیە لە **یوتۆپیا** لە خراپترین حاڵەتدا، گەر یەکێک لە دەرەوەی ئەو هەلومەرجانە بە ڕادەربڕین بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی بنیاتنانی ئیرادەدا بکات، دەبێت حسابی سزای مەرگ بکات. **هیثلۆدۆیس** دەڵێت:
"لە دەرەوەی ئەنجوومەنی پیران و کۆبوونەوەی گەل، تەکبیرکردن لە مەسەلەی گشتی، بە تاوانێکی شایستەی مەرگ تەماشا دەکرێت. دەبێت ئەو بڕیارە بۆیە دەرکرابێت تاوەکو بۆ فەرمانڕەوا هێند ئاسان نەبێت لەڕێی موئامەرەیەکەوە ستەم لە گەل بکات و سەرکوتی بکات و دەستووری دەوڵەت هەڵوەشێنێتەوە."
مرۆڤ دەبێت بەڕاستی ئەو وتەیە لەسەر زمانی بتوێنێتەوە: لێرەدا مەرج نییە بەشێکی گەل دژ بە فەرمانڕەواکان

موئامەرە بکەن، نەخێر، لێرەدا ترسەکە هیچ شتێکی دیکە نییە جگە لەوەی کە لەڕێی تەکبیری گشتییەوە فەرمانڕەواکان موئامەرە لە گەڵ بکەن، ستەم و سەرکووت بکەن و دەستووری دەوڵەت هەڵبوەشێننەوە. بە کورتی: لێرەدا هەرچی ئەزموون و بەڵگەی مێژوویی لەسەر موئامەرە هەیە، سوک و ئاسان لینگاوقوچ دەکرێنەوە. بەڵام مرۆڤ دەشتوانێت ئەوە وەکو یەکێک لە شۆخی و توانجەکانی نووسەرەکەی تەفسیر بکات. ڕایەکی گشتی سیاسیی لە دەرەوەی هەلومەرجە ناوبراوەکان خوازراو نییە. شتێک بە ناوی هاووڵاتی خاوەن بڕیارەوە بوونی نییە. هاووڵاتی جێبەجێکار یاخود وەرگری ئەو فەرمانانەیە کە لەلایەن دەزگا فەرمانڕەواکانی دوورگەکەوە دەردەکرێن. هاووڵاتی دەبێت بەبێ چەند و چوون لە خزمەتی کۆمەڵگادا بێت، بەڵام تکایە خۆی لە دروستکردنی ئیرادەی سیاسی هەڵنەقورتێنێت. دەزگاکان دیسان ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە کارێک بکەن، ناکۆکی ئەسڵەن نەکەوێتە بەر ڕووناکی، بەڵکوو لە دەزگاکاندا دوور لە چاوی گشتی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و کەنالیزە بکرێن. ئایا کێ دەیەوێت لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی لەو جۆرەدا بژی؟

"ئەوەی لە دەرەوەی سنووری خۆی خۆبەخۆ هەڵسووڕێت و بەبێ فەرمانی سەرەوە بگیرێت، وەک گێرەشێوێن تەماشا دەکرێت، بە سووکایەتییەوە دەهێنرێتەوە بۆ ناو شار و بە

توندی تەمبێ دەکرێت؛ لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەدا بە دەربەدەرکردن بۆ ناو کۆیلاییەتی سزا دەدرێت."

بەهەشت ئاوایە؟ ئەوە نموونەی دەوڵەتێکی ئایدیالە، وەک زۆرێک لە پڕوپاگەندەکان باسی لێ دەکەن؟ زەحمەتە. بۆیە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو پێوەرە مومکینانەی من بۆ دەستەواژەی یوتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسییدا خستمە بەردەست. لەو حەوت پێوەرانەدا دەمەوێت سەرنج بخەمە سەر پێوەری شەش و یەک، کە ناکۆکی و مشتومڕیان لە هەموویان زیاتر لەسەرە:

**شەش**: یوتۆپیا ڕەخنە یاخود تەنزی ئایندەیەکی مومکینە. بەو جۆرە یوتۆپیا ئایدیالێک نمایش ناکات، بەڵکوو زیاتر گەمەیەکی فکرە بە شۆخی و زەینەوە.

موور کارەکەی خۆی ناو دەنێت: **سەبارەت بە باشترین دەستووری دەوڵەتداری و دوورگە نوێیەکەی یوتۆپیا، کتێبێکی خنجیلانەی بەڕاستی زێڕین، کە چەند ئاسوودەبەخشە هێندەش دڵخۆش**. ئەو هۆشیارییەی لە ناونیشانەکەدا هاتووە خۆی بەناو سەرجەمی کارەکەدا کێش کردووە. ئەو کەس و شوێنانەی کە بەشێکن لە وەسفی ئەو دوورگە دووردەستە، تێروپڕ گاڵتەیان پێدەکرێت. یان ئەوەتا وەرگێڕانی ئەو ناوانەی خۆی دایناون ئاماژە بە پێچەوانەی ئەو وەسفە دەکەن کە لە پێشخاندا دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر، یان مانای ئەو ناونیشانە لانی کەم زۆر ڕێژەیی دەکرێت، ئەگەر تەنانەت

مرۆڤ هێندە دووریش نەڕوات و نەڵێت، سەرجەمی شتەکان دەخرێنە قاوغێکی گاڵتەجاڕییەوە. ئەو هۆنینەوە چڕەی ئەو ناوانەی کە خۆی دایناون و قسە دەکەن، کتومت ئەو مەودایەی کە بۆ پێشوازییەکی شیاو لەو کارە زەرووڕە، دەخولقێنێت. **موور** پێدەچێت بۆ دانانی ئەو ناوانە ئیلهامی لە **لوکیان** وەرگرتبێت. ئەو جۆرە گێڕانەوە وەکو وتمان دڵخۆش و لێوانلێو لە زەینەی، هەمانکات لەوە بەرپرسیارە کە چوونە بنجوبناوانی مەرامی نووسەر بارگرانییەکی زۆر دەخاتە سەر شانی خوێنەر. مەبەست لەو دیالۆگە جیاوازانەی کە بەناو یەکدا هۆنراونەتەوە، لەوەیە کە خوێنەر بە چەشنێکی چالاکانە لە گەڕان بەدوای دەستوورێکی باشتری دەوڵەتداریدا تێوەبگلێنرێت. **موور** هەموو ئاراستەی ئارگیومێنتەکان لە دیالۆگدا بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە. بۆیە درێژەی سەفەرنامەکە و گفتوگۆکە لە کۆتاییدا بە کراوەیی دەمێنێتەوە و دوادەخرێت بۆ ڕۆژێکی دیکە. مەبەست لەوەیە ڕێگای بڕیار بە خوێنەری ڕەخنەگر بدات. **دیتمار هێرتس** ڕاست دەکات، کاتێک دەڵێت: "خوێنەر هەمیشە نازانێت لەکوێدایە. دەبێت ڕێبدات لەو یارییەوە تێوەبگلێنرێت، کە یاساکانی تەنها بە پچڕ پچڕی ئاشکران."

## لێرەدا چەند نموونەیەک:

**یەک**: ناوی گێڕەرەوەکەی یوتۆپیا، **هیثلۆدۆیس**، تاقە کەسی ناو کاراکتێرەکانە کە سەردانی **یوتۆپیای** کردووە، دەتوانرێت بە **قسەزل**، **چەنەباز**، **هەراوزەناهێن**، **شۆخیباز**، **شتگەورەکەر** یاخود **زانای قسەی قۆڕ** وەربگێڕدرێت. ڕەنگە پێویست بکات ئەو شتانەی کە ئەو دەیڵێت، بە قسەی پووچ و چەنەبازی تەماشا بکرێت و ئاماژەیەکیش بێت بۆ ئەوەی، کە مرۆڤ نابێت گێڕەرەوەکە تەواو بە هەند وەربگرێت، ئەگەرچی لە حیکایەتەکەدا هەردوو زانای مرۆڤدۆست **پیتەر ئاجید** و **موور** بەجدی پرسیاری لێ دەکەن و گوێی بۆ دەگرن.

بەڵام **هیثلۆدۆیس** بەهۆی مانای ناوەکەیەوە، مرۆڤ دەبێت وەک جۆرێک لە تراویلکەی سیاسیی لێی حاڵی بێت.

**دوو**: **موور** مۆرکی (هیچکوێ)ی لە دەستەواژەی (یوتۆپیا) داوە. وشەسازی (ئو-تۆپیا)، واتا (نا-شوێن)، لە هەردوو وشەی یۆنانی (ئو بۆ نا) و (تۆپۆس بۆ شوێن) وەرگیراوە. لەبەر ئەو هۆکارە لە زمانی ئینگلیزیدا هاوسەدابییەک لە وشەکەدا دێتە ئاراوە، کە لەنێوان ئوتۆپیا (ناشوێن) و یوتۆپیا (شوێنی بەخت، یاخود نیشتمانی بەختەوەری)دا یاری دەکات. کەوابێت مەبەست لە یوتۆپیا دوو شتە: لەلایەکەوە **یو تۆپۆس** واتا وەک **یوتۆپیا** باشترین و خۆشترین شوێن، لەلایەکی دیکەشەوە **ئو تۆپۆس**، واتا **نا شوێن** یان **هیچکوێ**.

موور بە مەبەست یاری بە جووتمانایی وشەکە دەکات، بەو ئامانجەی کە **ئوتۆپیا** لە حوکمی کۆتاییدا ناتوانێت **یوتۆپیا** بێت.

**سێ**: **ئادیموس** ناوی فەرمانڕەوای **یوتۆپیا**یە، گەر ناوەکە وەربگێڕیت واتا: **شای بێ گەل**.

**چوار**: پایتەختەکەی نازناوێکی یۆنانی هەیە: **ئاماوراتۆروم**، واتا **شاری تەمومژ**.

لێرەدا مەسەلە **پارۆدییەکی** گەمەئامێزە (واتا تێکستەکە شتێک بڵێت و مەبەستی لە شتێکی دیکە بێت) لەسەر لەندەنی تەموومژاوی سەر ڕووباری **تێمس**، ئەگەرچی **ئاماوراتۆروم** وەک خۆی دەڵێت لەسەر ڕووباری **تێمس** نییە، بەڵکوو لەسەر ڕووباری **ئانیدروسە**، واتا ڕووباری **بێئاو**.

**پێنج**: تەنانەت ناوی بڵاوکەرەوەکەش خۆی وەک جووتمانایەک نمایش دەکات. **موور**، کە چیرۆکی دوورگەی یوتۆپیا دەنووسێت و بڵاوی دەکاتەوە، لە وەرگێڕانی لاتینی ناوەکەیدا وەک (گێل)ێک ناوبانگ دەردەکات. لێرەدا تێکشکانی دەوڵەتێکی بەحساب ئایدیال ئاماژەی پێدەکرێت. دەبێت ئەوە وەک ئاماژەیەکی دیکە بخوێندرێتەوە، کە سەرجەمی چیرۆکەکە نمایشێکی مرۆڤدۆستانەیە، نوکتەی عالیمێکە، گەمەیەکی فرەواتایە، تاقیکردنەوەیەکی شۆخیئامێزی فکرە. نەخشەسازییەکی ساتیری خەیاڵی کۆمەڵگایەک، کە نووسەرەکەی خۆی لە ڕۆمانەکەیدا

دەردەکەوێت و دەوری هاوگفتوگۆییەکی بەگومانی گێڕەرەوەیەکە، کە باس لە گەشتی خۆی بۆ دوورگە خەیاڵییەکەی **یوتۆپیا** دەکات.

**شەش**: **هیثلۆدۆیس**، گێڕەرەوەکەی یوتۆپیا، ناوی یەکەمی ڕافایلە. فریشتەی ئینجیلی ڕافایل بە پارێزەری گەشتیارەکان لە قەڵەم دەدرێت، هەروەها بە فریادڕەسی کوێرەکانیش.

**پیتەر کوۆن** ئاماژە بەو جێیە پەیوەندیدارانەی ناو ئینجیل دەکات: "**ڕافایل** ناوی ئەو فریشتە خواناردەیەیە کە **تۆبیاس**ی لاو لە گەشتەکەیدا دەپارێزێت(تۆب.٥،٤) و شیفای کوێرییەکەی باوکی دەکات (تۆب. ١١). کەوابێت دەکرێت هیڵ بە ژێر ناوی گێڕەرەوەکەدا بهێنین و وەک (شیفاهێن)ێک لێی حاڵی بین."

**حەوت**: ناوی (پۆلیلێریت)ەکان دەتوانرێت لە زانستی زمانەوانی یۆنانییەوە بە (قسە گەلێک بێمانا) وەربگیرێت. (پۆلیلیریتای) کە یۆنانییە و پێکهاتووە لە وشەی **زۆر** و **پووچ** و **چەنە**، دەتوانرێت بە **چەنەباز** وەربگێڕدرێت. لەو ڕووەوە دەشێت ئەوە یەکێک بێت لە توانجە بێشوومارەکانی **تۆماس موور**. ئەگەرچی **هیثلۆدۆیس** **پۆلیلێریت**ەکان بە "گەلێکی ڕێزدار بە دەستوورێکی تەواو عالیمانەوە" ستایش دەکات، ئەو قسانە لە ڕوونکردنەوەکانی ناو تێکستەکەدا هەڵدەوەشێنرێنەوە: بۆ نموونە، پارچەیەک لە گوێی **کۆیلەکانیان** (بەو جۆرە ناوی بەندکراوەکانیان

دەهێنن) دەبڕن، بۆ ئەوەی کە هەڵهاتن هەموو کاتێک بناسرێنەوە. ئەو جۆرە هەڵسووکەوتە ڕەنگێکی تایبەت وەردەگرێت، ئەویش لەکاتێکدایە کە **هیڤلۆدۆیس** دەڵێت: "توندی ڕێکخستنی یاساییان لەو جۆرەیە کە تاوان بنەبڕ دەکات."

**هەشت**: **ئانیمۆلییەکان** لە "ئانیمۆلی"یەوە وەرگیراوە، بە یۆنانی واتا "**با**". لەگەڵ ئەوەشدا "بایی" بە دەستەواژەیەکی هۆمێری لەقەڵەم دەدرێت. کەوابێت **ئانیمۆلییەکان** دەتوانرێت بە "پفدراوەکان" یاخود "فشەکەرەکان" وەربگێڕدرێت. ئەو تەفسیرەش هاوکۆکە لەگەڵ ڕۆڵەکەیاندا لە **یوتۆپیا**، چونکە هەمیشە لەلای بەناو هەژارەکانی یوتۆپیا لافوگەزاف لێدەدەن و خۆیان هەڵدەکێشن، بۆیە وەک گاڵتجاڕییەک بە "کیسە با" یاخود "فشەکەر" ناوزەند دەکرێن.

**نۆ**: هاوولاتیانی یوتۆپیا بەگشتی سەرباز لە گەلی **زاپۆلیتەکانەوە** بەکرێ دەگرن، بۆ ئەوەی هەتا دەتوانن مرۆڤەکانی خۆیان لە جەنگدا پارێزراو بن. **زاپۆلیتەکان** گەلێکن، "بێفەرهەنگ و ڕەق و کێوین و ئەو شاخ و دارستانە سەختانەی کە تیایدا دەژین، بە هەموو مەملەکەتەکانی جیهان ناگۆڕنەوە". لەڕێی **زاپۆلیتەکان**ەوە **موور** سەربازە سویسرییەکانی ئەو زەمەنە نمایش دەکات، کە وا دیارە چارەی نەویستوون و ڕادەستی گاڵتەجاڕییەکی بێوێنەی کردوون. جەنگاوەرە **زاپۆلیتە** بەکرێگیراوەکانی

یوتۆپیا لە زمانی لاتینیدا پێیان دەوترێت **زاپۆلیتای**. بە وەرگێڕدراوی واتا "خۆ فرۆش"، واتا خەڵکانێک کە ئاسان خۆیان دەفرۆشن، کەوابێت سەربازی بەکرێگیراو یاخود کڕدراو. لەڕاستیدا لێرەدا گومان لە بوونی ئەو گەلە ناکرێت، بەڵام بێلەکەییە جیۆگرافییەکەی دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. ئەوەش ڕوون دەبێتەوە، کاتێک **هیثلۆدۆیس** سەبارەت بە **زاپۆلیتەکان** دەڵێت:

"تەنها بۆ جەنگ لەدایک بوون، بە هیممەتەوە بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕێن؛ دەرفەتێک هەڵبکەوێت، ئەوا بە تەماحەوە خۆیان هەڵدەدەنە ناوییەوە، بە پۆل لە وڵات دەردەچن و بە کرێیەکی کەم خۆیان دەخەنە بەر دەست هەر کەسێک بێت، کە بەدوای سەربازدا بگەڕێت. تەنها لەو پیشەیە دەزانن: گوزەراندنی ژیان، بە گەڕان بە دوای مەرگدا."

لەسەرو ئەوەشەوە، وردەکارییەکانی سەبارەت بە جەنگ گەمەی ساتیرین بۆ تووڕەیی جەنگی فەرمانڕەواکانی ئەو سەردەمە، کە زۆر جار جەنگی بێمانا و بێ سوودیان ناوەتەوە.

نموونە بۆ ئەو نوکتە و شۆخی و گاڵتەجارییەی کە **یوتۆپیا**کەی **مووری** لەسەر بنیاتنراوە، ژمارەیەکی زۆر لەو ئیفادانەن کە **هیثلۆدۆیس** دەیاندات. لە ڕاوبۆچوونەکانیدا سەبارەت بە لابردنی پارە ئەوە زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت:

"چی ئەرکێکی قێزەون لە کۆڵ ئەو دەوڵەتە بووتەوە، چی تۆوێکی بێشوومار لە تاوان لە ڕەگووڕیشەوە لەناوبراوە، لەوەتەی لەوێ لەگەڵ بەکاربردنی پارە هەمانکات تەماحی پارەش بەتەواوی بنەبڕکراوە! بەڵێ، تەنانەت هەژاریش، کە هەڵبەت تاکە نەگبەتیان لە نەبوونی پارەدایە، لە هەمان کاتدا کەم دەبێتەوە، گەر لە ئایندەدا پارە بە تەواوی لاببرێت."

بەو جۆرە ئاماژەی ئەوەی کە ناو دزەکان کۆنە سەربازیان تیادایە، دەیگەیەنێتە ئەم قسە گشتگیرە:

"ڕاووڕووتچییەکان توخمێکی دڵگەرمن لە سەرباز و سەربازەکانیش لەناو گەلە ڕاووڕووتچییەکەدا هەرە کەمەکانیان نین – هەماهەنگییەکی تابلێی ئازیز لەنێوان ئەو پیشانەدا!"

بە ناچیزەکردنێکی لێزانانەوە **هیثلۆدۆیس** ئاسانکارییەک دەکات، کاتێک دەڵێت، لەگەڵ لابردنی پارەدا "فێڵ، دزی، ڕاووڕووت، دەمەقاڵێ، پشێوی، دووبەرەکی، ڕاپەڕین، کوشتاری، خیانەت و ژەهرتێکەڵکردن" و لەلایەکی دیکەوە "ترس، خەم، خەفەت، ناڵە و پاسەوانی شەوانە" لەناودەچن. لەو وێنە ئاسانکراو و حیکایەتئامێزەدا زۆر بە ئاسانی ئەوە جێگای دەبێتەوە کە ئەوکات مرۆڤ لە توانایدایە "ئازاد لە هەر زەمێک، بە دڵی خۆش و ئارامەوە بژی، بەبێ ئەوەی ناچاربێت بۆ بژێوی ژیانی هەڵلەرزێت، بەبێ ئەوەی داوا سکالائامێزەکانی هاوسەرەکەی عەزابی بدات، بەبێ ترسی

ئەوەی کوڕەکەی بکەوێتە تەنگەژەوە، بەبێ ئەوەی خەمی خەرجی بوکێنی کچەکەی هەبێت".
هەروەها لە حوکمداندا بەسەر دەرکەوتنی ڕووکەشی ژنانی یوتۆپیادا، **هیثلۆدۆیس** دەڵێت:
"ئەگەرچی ئێوە بە لەشقورسی یاخود کەمتەرخەمی لە قەڵەمی بدەن، گەر ئیدارەی جوانیی سرووشتیان نەدەن، بەڵام ئەوان بەلایانەوە بێڕێزییە پەنا بەرن بۆ میکیاج. چونکە ئەوان لە ئەزموونی خۆیانەوە دەزانن کە خۆلەتەلدانێکی ڕووکەشی هێندەی جەوهەرێکی کەوی و ملکەچ ڕەزامەندی پیاوان بەدەستناهێنێت. بێگومان هەندێک لە پیاوان لەڕێی جوانی ڕووتەوە دڵیان بەدەست دەهێنرێت، بەڵام گەر حەیا و گوێڕایەڵی لەگەڵدا نەبێت هیچ پیاوێک بە درێژخایەن ناگیرێت."
ئەو نیشانانەی کە **موور** بە خوێنەریان دەدات، زۆر ڕوونن. کاتێک دەوترێت، هاوولاتیانی یوتۆپیا "لەزەت لە شۆخیبازی دەبینن" و هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئەوەدا نییە "شۆخی بە گەمژەیی خۆشیانەوە بکەن"، چونکە "دێوانە زۆرترین سوود وەردەگرێت" ئەوا دوور نییە، نوکتە، شۆخی، توانج و لاقرتێیی کلیلێک بن بۆ بڕیاردان لەسەر سەرجەمی تێکستەکە. توانجە وردەکەی لەو کۆنتێکستەدا زیاتر تۆخدەکرێتەوە، بۆ نموونە لە کاتێکدا لەسەر باسی مامەڵە لەگەڵ شێتدا دەڵێت:

"بەڵام ئەوەی هێندە جدی و تاریک بێت، بە جۆرێک کە نەتوانێت بە شۆخی و نوکتەی ئەو شێتە پێبکەنێت، ئەوا گیانی هیچ کەسی پێناسپێرن، چونکە دەترسن، بەو حەزەرەوە کە پێویستە مامەڵە لەگەڵ شێتەکەدا نەکات، هەڵبەت لەبەرئەوەی هیچ سوودێکی لێ نابینێت، تەنانەت دڵیشی پێی خۆش نابێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەوە تاکە بەهرەی ئەو مرۆڤانەیە."

نموونەی ئەو ڕاستیانەی، کە **موور** لێرەدا گاڵتە بە خۆی و هاوزەمەنەکانی خۆشی دەکات، زۆر و زەبەندەیە. هەر لە سەرەتای پێشەکییەکەدا **موور** بۆ **پیتەر ئاجید** دەنووسێت، وەک بۆ هەموو کارە ئەدەبییەکانی دیکەشی، بۆ ئەم کتێبە کاتی لە کاتی خەون و خواردنی خۆی زەود کردووە. ئەوەی لێرەدا سەیر دەمێنێتەوە ئەوەیە کە لە چەندین تەفسیردا – نەک تەنها بە مۆتیڤی ئایدۆلۆژییەوە وەک **کارل کاوتسکی**، **کارل مارکس**، **فریدریخ ئێنگل**، بەڵکوو نووسەرانی وەک **ڕیچارد ساج**، **ئارنۆ ڤاشکون**، **ڤیلی ئێرتسگرێبەر** یاخود **دیتمار هێرتس** – بە گشتی یاخود بەش بەش ئەوەیان نەبینیوە. لە زۆرێک لە شوێنەکاندا ڕوونییەکی بێوێنە بەرقەرارە، وەک لەم دوا نموونەیەدا نیشانی دەدەین:

"لەوە تێناگەم، بۆچی زێڕ، کە بەپێی سروشتی خۆی چەند بێفەڕە، لەناو جیهاندا بەهایەکی هێندە بەرزی هەیە، بە جۆرێک کە مرۆڤ خۆی، کە بەهۆی ئەوەوە و

سوودوەرگرتنی ئەوەوە زێڕ نرخێکی هێند باڵای بەدەستهێناوە، نرخی زۆر کەمترە لە خودی زێڕەکە؛ لەڕاستیشدا هێندە کەمتر، کە کەللەڕەقێک لەو ناوەدا، کە عەقڵی هێندەی عەقڵی کۆتەرەدارێکە و چەندیش کەرە هێندەش خراپەکارە، دەتوانێت پیاوی زیرەک و عاقڵ بخاتە خزمەتی خۆیەوە، ئەویش تەنها لەبەرئەوەی بە ڕێکەوت خاوەنی تەنێکی گەورە وردەی زێڕە."

شانبەشانی ساتیر و توانجی ئەو کارە، بەکارهێنانی ناوی خود و گەمەی دیکەی لەو جۆرە، بەڵگەیەکی دیکە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەو **دەوڵەتەی یوتۆپیا** بخاتە ژێر پرسیارەوە، پێکهاتە ناوەڕۆکییەکەی سەفەرنامەکانی **هیثلۆدۆیسی** گێڕەرەوەیە، کە ناکرێت مرۆڤ دەستبەجێ بە کۆک تەماشایان بکات. ئەوەش لە ڕیزێک حاڵەتدا ڕوون دەبنەوە، کە نیشانی دەدەن، لێرەدا مەسەلە هەموو شتێکە جگە لە گێڕانەوەیەکی حاشاهەڵنەگر. لێرەدا نموونەیەک بۆ ڕوونکردنەوە:

هاووڵاتیانی یوتۆپیا بۆ داهێنانی تەکنیکی وەک خەڵکانێکی سەیر بەهرەدار بۆ ئێمە باس دەکرێن. خوێندنگا زانستییەکانیان ستایش دەکرێن، لە سەفەرنامەکەی **هیثلۆدۆیس**دا هاتووە:

"بەو شێوەیە هاووڵاتیانی یوتۆپیاش، لە سایەی خوێندنگا زانستییەکانیانەوە، بۆ داهێنانی تەکنیکی سەیر بەهرەدارن،

ئەوەش بۆ ئاسانکاری ژیانێکی ئاسوودە سوودی کرداریی هەیە."

وەک نموونە بۆ توانای یوتۆپیاییەکان، **موور** لەلایەکەوە ناوی فەلەکناسی و مریشکداری دەهێنێت. لەکاتێکدا زانیارییەکانی فەلەکناسی یارمەتییان دەدات پێشبینی گۆڕینی کەشوهەوا بکەن، داهێنانی ئامێرێکی هێلکە هەڵهێنان لە بەخێوکردنی پەلەوەردا خزمەتییان دەکات. **هیثلۆدۆیس** دەڵێت:

"مریشک بە عەدەدی بێشوومار گەورە دەکەن، ئەویش بە یارمەتی کەرەستەیەکی سەرسوڕهێنەر. چونکە مریشکەکان خۆیان هێلکەکان هەڵناهێنن، بەڵکوو بە ژمارەی گەورە دەخرێنە بەر گەرمییەکی یەک ڕیتمی، بەو شێوەیە دەیانهێننە ژیانەوە و جوچک بەخێو دەکەن."

مرۆڤ دەکرێت لە خوێندنەوەدا ئەو خاڵەی زۆر بە ئاسانی بەسەردا تێپەڕێت، بەڵام مرۆڤ دەبێت لە گەلێک، کە لەڕووی تەکنیکییەوە، "سەیر بەهرەدارە" چاوەڕوانی زیاتر بکات وەک لە داهێنانی ئامێرێکی هێلکەهەڵهێنان و چاودێری گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بەهۆی ڕەوتی ئەستێرەکانەوە و "پێشبینیکردنی لەڕێی چەند نیشانەیەکەوە کە لە باووباپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە".

**موور** لەڕێی ناکۆکیی گێڕانەوەی سەفەرنامەکەی **هیثلۆدۆیس**ەوە درێژە بە یارییەکانی خۆی دەدات و هەمانکاتیش دوودڵی خوێنەر دەگەیەنێتە لوتکە. لێرەشدا

مرۆڤ دەتوانێت لە خستنە ژێر پرسیاری **یوتۆپیا**کەی **مووردا** ئەو جیاوازییە ببینێت، کە هەتا ڕادەی تەنگەژە زەرووریەتی هەیە. ئەم کتێبە خۆی ئێجگار فرەڕەنگ دەنوێنێت، ناوەڕۆکەکەی هێند فرەئادگارە بە زەحمەت هەمووی دەبیندرێت. بەو پێیەش کارێکی کوشندەیە گەر خوێنەر بە چاوێکی خاڵی لە ڕەخنە فەنتازیای یوتۆپیا ڕاستەوخۆ بگوێزێتەوە ناو چوارچێوەی ئاسۆی تێگەیشتنی خۆیەوە. تەنها بە زەحمەتێکی زۆر کۆدی ناوەڕۆکەکەی دەشکێندرێت، بۆ ئەو مەبەستەش خوێنەر پێویستی بە لەوە زیاترە تەنها ساتیر و توانجەکانی وەک ئێلێمێنتە تایبەتمەندییەکانی بناسێتەوە.

هەڵبەت فرەواتایی کارێکی لەو جۆرە چیدیکە ڕێگا بە تەفسیرێکی سانا و یەک ڕەهەندیی مەرامی نووسەرەکە نادات. ئەوەی سەدلەسەدە ئەوەیە، مرۆڤ ناتوانێت یوتۆپیا وەک کارێکی گشتگیری چاکسازی کۆمەڵگا تەماشا بکات، بەو چەشنەی کە لە مێژووی بواری توێژینەوەی یوتۆپیادا کراوە و لە هەندێک شوێن هێشتا دەکرێت. ئەو کارە هەرگیز نمایشی ئایدیالێکی خەبات بۆ کراو نەبووە. بەڵام هەمانکاتیش ناتوانین وەک گەمەی ڕۆشنبیرێک تەماشای بکەین، چونکە پاشخانەکەی، کە ئەو تاقیکردنەوە خەیاڵییەی فکر لەپێشیدا ڕوودەدات، لەوە جدیترە، ڕەخنەکان لە بارودۆخی سەردەم لەوە تیژترن، کە دەرەنجامی لێ نەکەوێتەوە.

لێرەدا ئیزافەیەک شتێکی ڕێگاپێدراوە، تاوەکو سەرنجێکی وردتر بخەینە سەر **ڕیخارد س**، یەکێک لە باشترین زانا یوتۆپیاتوێژەرە سیاسییەکانی ئەڵمانیا: **س** لە **یوتۆپیادا** نەخشەسازی دەوڵەتێکی ئایدیاڵ دەبینێت. لەڕاستیدا ئەو سنوورەش دەکێشێت و دەڵێت، ئەوە شتێک نییە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام هەمانکاتیش نایەوێت وەک خەیاڵسازییەکی گەمەئامێز و پێکەنیناوی و نوکتەباز لێی حاڵی بێت. بە وشەی خۆی:

"لە تێکستی یوتۆپیادا ئامەژەیەک بەدی ناکرێت پشتگیری لەو بۆچوونە بکات کە دەڵێت: هەلومەرجە سۆسیۆ پۆلیتیکییەکانی سەردەمی ئەو دەبێت و دەکرێت لەسەر نموونەی دەوڵەتە ئایدیالەکەی ئەو، ئەم دیو و ئەو دیو بکرێن."

سەرەڕای ئەوەش **س** بە یوتۆپیاوە وەک مۆدێلی پێشکەوتنی کۆمەڵگا خۆی توند گرتووە، لەکاتێکدا دەنووسێت: "ئەگەرچی هەموو یوتۆپیاییەکان مامەڵەیان ژیرانە نەبێت و تەنها عاقڵیان تیادا نەبێت، پرۆسەی پێشکەوتن هەرگیز بۆ بۆچوونی تایبەتی نییە."

ئەو گۆشەنیگایەی یوتۆپیا وەک جۆرێک لە مۆدێلی پێشکەوتن لەڕووی ئەو ئاسپێکتانەی **یوتۆپیا**کەی **موور**ەوە، کە من لە تێکستەکەدا تۆخم کردوونەتەوە، لەوە دەچێت لە پرسیار زیاتر هەڵبگرێت. لەلایەکەوە **س** لەسەر وێنەی مۆدێلی دەوڵەتێکی ئایدیاڵ سوورە، ئەگەرچی حاشا لەو

کەرەستە و ستایلی توانجە ناکات، کە لە کارەکەدا سەروەرە. ئەو دەنووسێت:

"بەڵام ئەوەش سەدلەسەدە، ئەوەی کە گوایە **موور** ویستبێتی لەڕێی توانجەوە نەک ئەو وێنە خەیاڵییەی مرۆڤ خوازیارییەتی، بەڵکوو ئەو وێنە خەیاڵییەی کە مرۆڤ لێی دەترسێت، بکێشێت، تەفسیرێکە کە لە تێکستەکەدا هیچ پشتگیرییەکی چنگ ناکەوێت."

لەلایەکی دیکەوە و لە شوێنێکی دیکەدا نووسەر کتومت ئەو وێنەی دەوڵەتی ئایدیاڵە دەخاتە ژێر گوومانەوە:

"چونکە من پێم وایە کارێکی هەڵەیە مرۆڤ یوتۆپیاکان هەمیشە بخاتە ڕیزی کۆمەڵگای ئیدیاڵ یاخود سیناریۆی سامناکی ئایندەوە و تەنها و تەنها لەو گۆشەنیگایەوە بیانبینێت."

لەگەڵ ئەوەشدا **زاگێ** شێوازی توانجی تێکستەکەی بۆ ڕوونە، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانێت ڕوونی بکاتەوە یاخود ئاراستە و ئامانجی ئەو توانجە شی بکاتەوە:

"تێکستە ئاڵۆزەکە، کە لەلایەکی دیکەوە لەڕێی شێوازی توانجەوە جارێکی دیکەش چەمێنراوەتەوە، خاوەنی چەند خاڵێکی ئێستە بۆ تەفسیری جیاواز جیاواز."

**زاگێ** لەبەرامبەر ئاسپێکتە یەکلاییکەرەوەکەی کارەکە خۆی بێ تەکبیر نیشان دەدات. لەڕاستیدا ئەوە دەبینێت، کە بۆ **موور** مەسەلە بەرنامەی مامەڵەی سیاسیی نییە، بەڵام هەمانکات هیچیش نادات بەدەستەوە، کە ئاخۆ **یوتۆپیا**کەی

**موور** چی مەرامێکی لەپشتەوەیە. دواجار دڵنیاش نەماوە ئاخۆ **موور** دەیەوێت بە یوتۆپیاکەی *دەوڵەتی یوتۆپیا* بناسێنێت:

"بەڵام ئەوەش ڕوونە کە نە **موور** و نە یوتۆپیستەکانی دیکەی ئەو زەمەنە وایان دانەناوە، بتوانن هەلومەرجە سۆسیۆ پۆلیتیکییەکانی زەمەنی خۆیان لەسەر وێنەی کۆمەڵگا یوتۆپیاییەکانی خۆیان بەشێوازێکی ڕادیکاڵی بگۆڕن. تەنانەت ئەوەش مسۆگەر نییە، کە ئاخۆ موور بێ ئەملاولا خۆی بە (یوتۆپیا) شووناس کردووە."

ئەگەرچی **ساگێ** لە ئەڵمانیا زۆرترین کاری لەسەر توێژینەوەی یوتۆپیا بڵاو کردووەتەوە، هەتا ئێستا هیچ وەڵامێکی بۆ پرسیاری جەوهەری تێکستەکە پێشکەش نەکردووە: ئایا تێکستەکە مەبەستێکی جدی لە پشتەوەیە یاخود یارییە؟ ئایا دەیەوێت تەنها دەرگایەک بۆ مشتومڕ بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت هەتا کۆتایی و دەرئەنجام بیر لە نەخشەسازییەکی سیاسیی بکاتەوە؟ لەگەڵ ئەوەدا **ساگێ** پەی بە توانج و ئاماژە ساتیرییەکانی کارەکە دەبات و لانی کەم هەندێک پرسیاری پەیوەندیدار دەکات، کە خۆبەخۆ تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنن:

"لەسەرو هەموویەوە، **موور** ناوی یۆنانی (هیثلۆدۆیس) دەدات بە هاومشتومڕەکەی خۆی، ئەوەش بە کوردی واتا شۆخیباز، شۆخیباز هیچ شتێکی دیکە نییە جگە لە وەک بە زمانی شەقام دەوترێت سوعبەتچییەک، قۆشمەچییەک! ئەو

جۆرە کاراکتێرە وەک ئەکتەری سەرەکی لە شانۆی کۆمیدیدا بە گۆرانی و سەماوە هەرگیز نایەوێت بە هەند وەربگیرێت. ئەو تەنها یەک ئامانجی هەیە: بە موبالەغەی شێتانە و سوعبەتی زیاد پێوەنراوەوە چێژێک بە جەماوەرەکەی ببەخشێت، وەک لە شانۆییەکی گوند یاخود سەر سەحنێکی قەراغشارە گەورەکان نمایشکراون. کەوابێت یوتۆپیا، دەوڵەتێکی بێلەکە لە دەرەوەی تەنگەژە و هەژاری، بەو چەشنەی **هیثلۆدۆیس** لە ستایشکردنی ماندوو نابێت، لەو هەلومەرجەدا ئەسڵەن کەرەستەیەکی جدییە بۆ مشتوومڕ؟ ئایا لە کۆتاییدا **یوتۆپیا** بە جیهانە بەناوبانگەکەی **تۆماس موور** وەک تراویلکەیەکی ئایدیالیزەکراو، وەک جۆرێک لە نیشتمانێکی مرۆڤدۆستی سەر هەوری فڕێنراو بە ئاسماندا دەرناکەوێت؟

ڕەخنەی موور لە بەریتانیای سەرەتای سەدەی شانزە و هەلوومەرجە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەو دەمەی ئەوروپا لە کتێبی یەکەمی کارەکەدا شتێکە مشتوومڕی لەسەر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبایە **ساگێ** ئەو پرسیارە لە خۆی بکات، ئاخۆ وەسفی دەستووری وڵاتی یوتۆپیاییەکان لە کتێبی دووهەمی **یوتۆپیادا** بەڕاستی نمایشێکی باشترە وەک لە دۆخی ئەو زەمەنە. چونکە بە بۆچوونی من حاڵەتەکە ڕێک بەو جۆرە نییە. لە گەمەی بەکارهێنانی ناوی خودی نووسەرەکەوە دەستپێبکە هەتا دەگاتە بەڕێژەییکردنە لاقرتێییەکان یان تەنانەت ناکۆکی

وردەکارییەکان، هەموو ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە **مووری** نووسەر دەیەوێت خوێنەرەکانی بجوولێنێت، نەخشەسازی کۆمەڵگا بەحساب ئایدیالەکەی و واقیعی کۆمەلایەتی ئەو زەمەنە بخەنە ژێر پرسیارێکی ڕەخنەئامێزەوە. کۆتاییە والاکەی گفتوگۆی نێوان **موور** و **هیثلۆدۆیس**یش بەڵگەیەکە بۆ هەمان شت. ئەو گفتوگۆیە لەبەرچی بەکراوەیی کۆتایی بێت، گەر لەکاتێکدا هەرچی کێشە و گرفت هەیە چارەسەرکراوە؟ ئەوەی **موور** دەیخاتە بەر چاوی خوێنەرانی مرۆڤدۆست و خوێنەواری ئەو زەمەنەی خۆی، نەخشەی دژە کۆمەڵگایەکە، کە تەنها بەڕووکەش و لە پێشخاندا لەوەدەچێت هەموو ناعەدالەتییەکانی چارەسەر کردبێت. لە کتێبی یەکەمدا **موور** نیگای خوێنەر دەخاتە سەر هەژاریی کۆمەڵگای ئەو زەمەنە، بەلام لە کتێبی دووهەمدا، گەر بە وردی بڕوانین، **موور** هێشتا وەلامێکی کۆنکرێت بۆ ئەو هەژارییە قەرزارە، چونکە ئەلتەرناتیڤی نەخشەسازی کۆمەڵگاکەی ئەویش پرسیاری ڕەخنەیی لەسەرە. هەر بۆیە ناتوانرێت وەک مانیفێستێکی ڕیفۆرمی کۆمەلایەتی تەماشابکرێت، وەکو چۆن زۆرجار بە کوێرانە دەوترێت. ئامانجی ئەو نەخشەیەی، کە تەنها بە ڕووکەش بە هەند وەردەگیرێت، هەڵبەت دەبێت زیاتر لەوەدا ببیندرێت، کە زەمینە بۆ بازنەی مرۆڤدۆست و خوێندەوارەکانی سەردەمی خۆی سازبکات.

**موور** دەیەوێت دژەپۆزشێک بخاتە بەرامبەر دیبەیتی سەروەری زەمەنی خۆی، ئەو دژەپۆزشەش لەڕێی نەخشەسازییەکی وردی کۆمەڵگایەکی پێچەوانەوە پشتقایم دەکات. وەکو ئانتی ئایدۆلۆژیایەکی خەیاڵی بەرامبەر بە ئایدۆلۆژیای واقیع، ئامانجی **موور** ئەوەیە خوێنەر بخاتە گۆشەنیگایەکی دەرەکییەوە کە ڕێی پێ بدات، بێلایەنانە ڕووبەڕووی فکرگەلی نوێ بێتەوە. هیچ شتێک سەبارەت بەوە ناگوترێت، کە ئاخۆ **موور** لایەنگری ئەو نەخشەسازی کۆمەڵگایەیە، کە وەک بنچینەیەک بۆ مشتوومڕ بنیاتنراوە، یاخود نا. ئەگەرچی ئەو نەخشەسازییە مافی ئەبسۆلوتیزم (موتڵەق) بدات بە خۆی، هیچ شتێک لەسەر ئەوە نادات بەدەستەوە کە ئاخۆ نووسەر هاوڕایەتی یاخود نا. هەموو ئەو شتانە ئاماژەیەکن بۆ ئەوەی، کە بۆ نووسەری **یوتۆپیا** دواجار مەسەلە سازاندنی زەمینەیەکی ئازادە، کە بەرژەوەندی و زەرەری فکرەیەکی دیاریکراو بە شێوازێکی ئابستراکت و ڕۆشنبیرانە مشتوومڕ و هاوسەنگ بکرێت. بەو هۆیەوە دوورگەی یوتۆپیا ئیستیفزازێکی ئامانجدارە، ئامانجەکەشی ئەوەیە واقیعی ڕاستەقینەی کۆمەڵگا بخاتە ژێر پرسیارەوە. لەجیاتی ئەوەی بەبێ خەیاڵ دۆخی هەنووکەیی وەک پێدراوی خوایی ببینێت، دەبێت خوێنەر بە خۆی و نیگایەوە بگاتە تێگەیشتنێکی ڕەگوورڕیشەیی هەلوومەرجەکانی ئەورووپای سەرەتای سەدەی شانزە، کە دنیایەک هەلوومەرجی ڕەزالەت و هەژاری بوون و

تەنگەژەئاسا شایەنی چاکسازی بوون. نەوەک بڵاو کردنەوەی مۆدێلی دەستوورێکی دەوڵەتداریی ئایندەئامێز کۆششی **موور** بووبێت. ئامانج زیاتر نیشاندانی ئەوەیە، مرۆڤ لەبەرامبەر پێکهاتە خراپەکانی دەوڵەتی سەردەم چۆن بتوانێت پێکهاتەی واقیعیی ڕێکخستن بخاتە پێش چاوی. چونکە لە حاڵەتی دەوڵەتی **یوتۆپیادا** عەقڵی سەرەتایی بەهۆی توندڕەوییە دروستکراوەکەیەوە چەندەها جار دەکەوێتەوە ناو چاڵی نادانابیەوە، وەک لەو نموونانەدا هەوڵمداوە ڕوونی بکەمەوە. دواجار مەسەلە گەمەیەکی فکری فێرکار و بزوێنەرە، بە ئامانجێکی پەندوەرگرانەوە، ئەویش نەخشەسازی دەستووری دەوڵەتداری نوێ و نەخشەسازی ئەلتەرناتیڤی کۆمەڵگایە.

لێرەدا نووسراوە هاودەمەکانی **یوتۆپیاش** زیاترن وەک لە کارێکی لاوەکی لکێنراو بە **یوتۆپیاوە**. ئەوان بەشێکی تەواوکەرن لە پێکهاتەی چیرۆکەکە. **تۆماس موور**، بەو نامانەی کە زۆر بە وردی هەڵیبژاردوون، ئاستێکی دیکەی گێڕانەوە دەخوڵقینێت، و هاوڕێ مرۆڤدۆستەکانی لە تەفسیری کارە فرەڕەهەندەکەی **یوتۆپیای** هاوبەش دەکات. کەوابێت گەمە فەلسەفییەکەی خەیاڵ لە کۆمەڵێک نامە و شیعری هاوڕێ مرۆڤدۆستەکانی **مووریش** پێک هاتووە، کە سەبارەت بە کاراکتێری مۆدێلی فەرمانگە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی یوتۆپیاییەکان لە سەفەرنامەکەی **هیثلۆدۆیسدا** حوکمی خۆیان دەدەن. بۆ مایەی

سەرلێشێواندنی خوێنەر ئاسکپێتە واقیع و خەیاڵییەکان بەناو یەکدا دەچنرێن. خوێنەر سەرەتا بەسەرسوورِمانەوە ڕووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە.
توانجە پێوەنراوەکە لە یارییەکەی **یوتۆپیا**دا بە نامەیەک دەستپێدەکات، کە تیایدا **موور** ڕوو لە کاتبی شاری **ئانتڤێرپن**، **پیتەر ئاجید** دەکات (بە لاتینی: پێتروس ئایجیدیوس) و داوا دەکات پرۆتۆکۆلی یاداشتی قسەکانی لەگەڵ **هیثلۆدۆیس**دا کۆنترۆڵ بکات و هەر هەڵەیەکی تیادا بوو ڕاستی بکاتەوە. بۆ گێڕانەوەی گەشتەکەی خودی یوتۆپیا **هیثلۆدۆیس**ی ناوبراو وەک پیاوی سەرەکی و نووسەری ڕاستەقینە دادەنرێت. کۆی بنیاتی چوارچێوەی گفتوگۆکە ناچارانە ئەو پرسیارەی لێدەکەوێتەوە، کە ئاخۆ شیکاری دەوڵەت لەناو خەیاڵی دوورگەی **یوتۆپیا**دا چ کارەیە؟
دژوارییی هەڵسەنگاندنی نامەکان لەوەدایە، توانجە پێوەنراوەکان جودا بکەیەتەوە، ئەو دۆخانەت کە بە شێوازێکی زۆر فکری چەواشەکراون، بەرچاو بکەن و بەهای وتەکانیان بناسیتەوە. بەو مەتەڵە گەورەیە **موور** ئەوە نیشان دەدات، کە کارەکەی ئاراستەی کام بازنەی خوێنەر دەکات و کام کلیل کلیلی تێگەیشتنە لە ئەو. کتومت لەبەر فرەڕەهەندی کارەکەی ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە بابەتی سەرەکی **یوتۆپیا** فکری مرۆڤدۆستییە. لەگەڵ **ڤیلی ئێرتسگرێبەر** مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە:

"یوتۆپیا ئاراستەی بازنەی هاوفکرە مەسیحییە مرۆڤدۆستەکان کراوە، کە زمانی نووسەر بە جووتماناوە تێدەگەن. واتا ئەوانەی دەسەڵاتیان بەسەر زمانی لاتینیدا هەیە و لەتوانایاندایە لە سەدای توانج و ڕەخنە تێبگەن."

سرووشتی ئەدەبیی **یوتۆپیا** ئەوە تۆخ دەکاتەوە، کە **موور** چاک دەزانێت، تەنها جدییەتی ڕەگووڕیشەی شتەکان نادۆزێتەوە، بەڵکو زۆر جار شۆخی و توانج ئاسانتر دەیدۆزنەوە. لەو ڕوانگەیەوە **یوتۆپیا** توێژینەوەیەکی مرۆییانەیە، کە تیایدا **موور** لەگەڵ هاوڕێ مرۆڤدۆستەکانیدا فکر و خەیاڵ سەبارەت بە سرووشتی مرۆڤ ئاڵوگۆڕ دەکات.

لەڕووی ئەدەبییەوە توێژینەوە مرۆییەکە لێوانلێوە لە خەیاڵ و فکرە و زۆر کارامانە نووسراوە. **موور** بەردەوام لەگەڵ خوێنەرەکانیدا یاری دەکات، بۆ نموونە کاتێک داوا لە **پیتەر ئاجید** دەکات کورتەی سەفەرنامەکەی **هیثلۆدۆیس** هەڵەچن بکات یاخود ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی، پرسیاری لێبکات، ئاخۆ **دوورگەی یوتۆپیاییەکان** لە چی بەشێکی جیهانی نوێدایە. چونکە هەردووکیان کتومت بیریان چووە ئەوە بکەن: "چونکە بیرمان نەبوو لێی بپرسین و ئەویش بیری نەبوو پێمان بڵێت، یوتۆپیا دەکەوێتە چ ناوچەیەکی ئەو جیهانە نوێیەوە."

هەموو ئەو شتانە نایابی ئەدەبی و توانجی کارەکە نیشان دەدەن، کە بەتەواوی ڕووی لە چاوی ئەو خوێنەرە

مرۆڤدۆستانەیە کە دەسەڵاتیان بەسەر زمانی یۆنانی و لاتینیدا هەیە. دەڵێن **موور** وەرگێڕانی کارەکەی بۆسەر زمانی ئینگلیزی بە جەختەوە ڕەتکردووەتەوە. ئەوەی سەدلەسەدە ئەوەیە کە ئەو نووسینە ئاراستەی ئەو هاوڕێ مرۆڤدۆستانەی کراوە کە لە توانایاندایە نووسینەکە بە هەموو گرێ و گەمەکانییەوە تەفسیر و ڕیزبەند بکەن.

بۆیە بە بۆچوونی من تێگەیشتنی **دیتمار هێرتس** بۆ یوتۆپیا ئاماژەیە بۆ تێنەگەیشتنی کاتێک دەڵێت:

"تۆمارکردنێکی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە و مشتومڕێکە لەسەر چارەسەرگەلێکی مومکینی کێشەکان. ڕەخنە و پێشنیاری چارەسەرکردن لەلایەن هاوگفتوگۆکانەوە بە ڕاشکاوی دەخرێنەڕوو. کتێبێکی قورسە، بەڵام پەیامێکی شاراوە لە ئارادا نییە."

بە پێچەوانەوە، بە بۆچوونی من **موور** بە تۆبزی بۆ نوخبەیەکی ڕۆشنبیر دەنووسێت، کە لە توانایدایە بچێتە بنجوبناوانی ڕاستەقینەیی یاخود داهێنراویی دوورگەی **یوتۆپیا**وە. هەموو ئەوانەی کە ئەو توانا زەرووریەیان پێ نەبەخشراوە و پەروەردەکەیان بەش ناکات، تاوەکو هەست نە بە شۆخی و نە بە ساتیر و نە بە توانجەکەی بکەن، لە کارەکە حاڵی نابن. ئەوانە زیاتر وتەکانی **هیثلۆدۆیس** دەخەنە پاڵ بۆچوونی **تۆماس موور**ەوە و لە نوکتە و جدییەتی نووسەرەکە تێناگەن. تەنها ئەوانەی کە دەتوانن پشتی کەوالیسی گەمە مرۆڤدۆستانەکە ببینن، دەتوانن

حەقیقەتە قوڵەکەی تێکستە ساتیرییەکە ببینن. کتومت لەبەرئەوەشە کە مرۆڤ بە هەق دەتوانێت باس لە پەیامێکی حەشاردراو بکات.
با بگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو حەوت پێوەرەی یوتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسییدا، کە من پێشنیارم کردن! ئەوەی لێرەدا حەوت پێوەرەکە بخاتەوە پێش چاوی، دەبینێت ئەوە یەکەم پێوەری ناوبراوە کە سنوورێک بۆ یوتۆپیا ئەدەبییە باوەکانی ئەمڕۆ لەگەڵ **یوتۆپیا**کەی مووردا مومکین دەکات.
ئەو پێوەرە بەم شێوەیە بوو:
**یەک**. یوتۆپیا سیاسییەکان ئەو تیۆرییە دەوڵەتداریانەن، کە وەسفی کۆمەڵگایەکی خەیاڵی و مۆدێلێکی دەوڵەتداری خەیاڵی دەکەن لەناو جیهانێکی تایبەت بە خۆیاندا.
هەڵبەت بەمە یوتۆپیایەکی ئەدەبی وەک بۆ نموونە "١٩٨٤"ی جۆرج ئۆروێل لە بازنەی یوتۆپیاکان لە فەلسەفەی سیاسییدا دەردەکرێت.
بەڵام ئەی بۆ مەسەلەی گۆشەنیگا سیاسییەکان، بۆ نموونە کۆنسێپی یوتۆپیایەکی ترانسهیومانیست[٢]، کە لەم بەرگەدایە؟ گوومانی تیادا نییە ئەوانە سیاسیین. وەک هەموو ئەو یوتۆپیایانەی کە باس لە دۆخی کۆمەڵگا دەکەن، هەتا ئەو سنوورە سیاسین کە مرۆڤ "کۆمەڵگا" و "سیاسەت" تێکەڵ بکات.

---

[2] ئاراستەیەکی فەلسەفییە، کە دەیەوێت سنووری دەرفەتەکانی مرۆڤ لەڕێی بەکارهێنانی پرۆسەی تەکنیکییەوە بەرین بکات.

بەڵام بە بۆچوونی من لێرەدا مەسەلە یوتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسییدا نامێنێت، چونکە چیدیکە وەسفی کۆمەڵگایەک تایبەت بە جیهانی ناوخۆی یاخود مۆدێلێکی خەیاڵی دەوڵەتداری ناکەن. بەڵکو زیاتر بیرۆکەی یوتۆپیایین سەبارەت بە گۆشەنیگای فەلسەفەی سیاسی.

ئەوەی کە سەرنجی سەرەکی بخەیتە سەر سەرجەمی کۆمەڵگا، داوای مۆدێلێکی خەیاڵی کۆمەڵگا و دەوڵەتداری بکەیت، مەرج نییە مانای ئەوەبێت قسە بەدەم یوتۆپیاوە بکەیت وەک نەخشەسازی دەوڵەتێکی ئایدیال کە شایەنی ئەوەبێت کۆششی بۆ بکەیت. **یوتۆپیا** خۆی تەنها بە ڕووکەش سەرکەوتنمان دەخاتە بەر چاو. گەر لە دەمی داگمار **بارنووڤ**ەوە قسە بکەین:

"یوتۆپیا ئامانجی کلێشەیەک، مۆدێلێکی کۆمەڵگایەک نەبووە لە واقیعدا دروستببێت، بەڵکوو نەخشەسازییەکی خەیاڵی کۆمەڵگایە، کە دەزگاکانی وا لە خوێنەر دەکەن بیربکاتەوە، ئەویش کتومت لەبەرئەوەی مەودای فەنتازییەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە و لەدەست ناچێت."

ئامانجی تێزی کۆتایی من کتومت سنوورکێشانێکی لەو چەشنەیە لەنێوان بیرۆکەی یوتۆپیایی و یوتۆپیای ئەدەبی بەرامبەر یوتۆپیاکانی فەلسەفەی سیاسی. من لەسەر ئەوە سوورم: تەفسیرکردنەوەیەکی کارەکەی **تۆماس موور** دەرفەتێکی تایبەت بە بواری توێژینەوەی یوتۆپیا دەدات، بەشێکی گەورەی ڕای گشتی وا لێبکات سەرلەنوێ گرنگی

بداتەوە بە نەخشەسازی مۆدێلی دەوڵەتداری. بێگومان ئەوە دەکرێت لەڕێی مۆدێلی ساتیری دەوڵەتداری وەک ئەوەی **موورەوە** بکرێت. **یۆئاخیم فێست**یش بۆی دەرکەوتووە کە ئەوە دەرفەتێکە بۆ یوتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسییدا:

"گەر ئەوە ببێت بە بۆچوونێکی سەروەر، ئەوا یوتۆپیاش ئەو جێگایە بەدەستدەهێنێتەوە، کە زەمەنێکی درێژ خاوەنی بوو و سەرەتا کاتێک دۆڕاندی، کە چیدیکە نەیدەویست ڕەخنە و تەنز بێت، بەڵکو مۆدێلێکی واقیعی و ڕێبەرنامەیەک بێت بۆ سبەی. ئەو دەرسەی مرۆڤ لە چەندین ماندوویی بێهەدەر و چەندین کارەساتی ئاوەهاوە وەریدەگرێت تەنها دەتوانێت ئەوە بێت، کە ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتی پراکتیکییەوە نییە، بەڵکو وەچەی جیهانی فەنتازیایە و باشترە لەو سنوورەی خۆیدا بمێنێتەوە. ئەو زیاتر گەمەیەکی فکرییە بۆ پێکەوەژیانێکی دروست، شتێکە لە نوکتە و فکر و لە هەمان مادەی داستان و ئەفسانەکان دروست کراوە."

بۆیە دەکرێت حەوت پێوەرەکەی من لەڕووی ناوەڕۆکەوە سادە بن، بەڵام دەشکرێت لانی کەم سەرەتایەک بن بۆ تێگەیشتنێکی نوێ لە دەستەواژەی یوتۆپیا لە فەلسەفەی سیاسییدا.

# موور و غووسۆ

## تامەزرۆی جیهانێکی مۆڕالیزەکراو؟

**بلانگا پرات ڤالدێس**

ئەگەرچی **موور** و **غووسۆ** وەچەی سەدەی جیاواز و نەتەوەی جیاوازن، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت لە نووسینی هەردووک نووسەردا لێکچوویی سەبارەت بە زۆرێک لەو ماددانە بدۆزێتەوە کە کاریان لەسەر کردووە. بەڵام بەتایبەتی لێکچوویی لەوەدا دەدۆزێتەوە کە چی شتێک پاڵنەریان بووە: هەردووکیان کار لەسەر کێشە هەرە گرنگەکانی سیستەمە سیاسییەکان و کاریگەرییەکانیان لەسەر مرۆڤ دەکەن.

هەم **موور** و هەم **ژۆن ژاک غووسۆش** لە هەلومەرجە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و داراییەکانی زەمەنی خۆیان دەکۆڵنەوە و بیرکردنەوەکانی خۆیانمان بۆ دەخەنەڕوو. هەردووکیان لە کارەکانیاندا نارەزایی هاووڵاتیان بەرامبەر بە دەسەڵاتە تاکڕەوەکانی ئەوروپا دەخەنە پێش چاومان – **موور** لە **یوتۆپیادا** پەنجە دەخاتە سەر خراپی دۆخی گشتی بەریتانیا لە سەدەی شانزەدا، **غووسۆش** لە "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"دا هەمان شت لەسەر سەدەی هەژدە دەکات.

لە ڕوانگەی کێشەکانی زەمەنەکانی خۆیانەوە هەردوو بیرمەند وەک کێشە مامەڵە لەگەڵ عەدالەت، یەکسانی و ئازادی لە سیستەمی سیاسیدا دەکەن. کێشە ئەبەدییەکان بۆ دیاریکردنی ئەولەوییەت لە ناکۆکی نێوان بەرژەوەندییەکانی تاکەکەس و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگادا، هەروەها کێشەی دەستتێوەردانی میری لە مامەڵەی تاکەکەسدا، مۆتیڤگەلێکی دیکەن، کە لەلایەن **موور** و **غووسۆ**وە بە وردی دەخرێنەڕوو.

ئەگەرچی ئەو پرسیارانەی کە هەردوو نووسەر دەیکەن، لە بنەڕەتدا لە یەک دەچن، بەڵام دەگەن بە وەڵامی لە یەک جیاواز، چ لەڕووی ناوەڕۆکەوە و چ لە ڕووی فۆرمەوە. لەکاتێکدا **غووسۆ** لە "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"دا بە جەختەوە فۆرمێکی دەوڵەتداری وەک باشترین فۆرم پێشنیار دەکات (فۆرمی ئەریسترۆکراتی هەڵبژاردن، کە بەپێی هەڵسەنگاندنی ئەو سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە و هەمواربکرێتەوە، فۆرمێکی ناسراو کە تاقیکرابووەوە)[٣]، **موور** کارێکی نووسیوە، کە بەهۆی گەمە و جووتمانایی توانجئامێزی بێشوومارەوە تەفسیرکردنی زێدە دژوارە. ئەوەی بە لێڵی دەمێنێتەوە ئەوەیە، کە ئاخۆ ویستویەتی ئەو هەموو شتانەی کە باسیان دەکات، بچنە بواری جێبەجێکردنەوە یاخود نا. جیهانبینییە ڕاستەقینەکەی لەپشت شێوازی نووسینەکەیەوە خۆی حەشارداوە. بەڵام

[3] کۆماری ڕۆم و سیستەمی سیاسیی ئەوکاتی جنێف.

بەرلەوەی هەوڵی تەفسیرکردنی نیازەکانی **یوتۆپیا** و **گرێبەستی کۆمەڵایەتی** بدرێت، هەندێک لەو گۆشەنیگایانەی کە دەچنەوە سەر یەک و هەروەها هەندێک لەو خاڵەنەی کە لەیەک جوودان، شیدەکرێنەوە:

سەرەتا نیگامان دەخەینە سەر داوا و کۆششی ناوەڕۆکی هەردوو نەخشەسازییەکە. هەردوو نەخشەکە دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی وەک بنەچەی جیهانێکی نوێ و مرۆڤێکی نوێ دەخەنەڕوو. ئەو دوو جیهانەی کە **غووسۆ** لەلایەک و **موور** (لە دەمی **هیثلۆدۆیس**ەوە) لەلایەکی دیکەوە باسی دەکەن، دوو کۆمەڵگای تەواو ڕێکخراو و هارمۆنین، کە تیایاندا ئەندامەکان پێکەوە لە هەماهەنگیدا دەژین و بەختەوەرن. بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکاندا نە ڕێکخستنێکی سرووشتی، نە هارمۆنییەکی سرووشتی لە ئارادان. لە هەردوو وێنەکاندا هەریەک لە ڕێکخستن و بەختەوەرییەکان کردەی سروشت نین، بەڵکو دەرئەنجامی فۆرمێکی دیاریکراوی دەوڵەتداری و سیاسەتن. هەردوو کارەکە ئەوەیان کردووە بە مەرج، کە مرۆڤ بەبێ سیستەمێکی سیاسیی لەوجۆرە ناتوانێت ببێتە خاوەنی جیهانێکی ئەمین و هەروەها مرۆڤیش ناتوانێت مرۆڤێکی باش بێت. هەم لە دەوڵەتە دروستکراوەکەی ناو **یوتۆپیا**کەی **موور** و هەم لەوەی **غووسۆ**شدا تەنها یاساکان خالقی مرۆڤێکی بەڕاستی باش و کۆمەڵایەتین، کە بتوانێت بەبێ لادان لەناو کۆمەڵگادا بژی: مرۆڤێک کە دەوڵەت لە

قاڵبی داوە، مرۆڤێک کە بەبێ خۆپەرستی، بەرژەوەندیخوازی و تایبەتمەندی خراپەی دیکە نمایش دەکرێت. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە مرۆڤ دەتوانێت باس لە بنیاتگەلێک بکات، کە ئامانجیان پەروەردەی بەهاکانە، ئامانجیان دەزگاگەلێکە، کە پەیوەندییەکی بەهێزییان بە بەمۆڕالیکردنێکی دیاریکراوەوە هەیە.

مرۆڤ لە دوورگەی یوتۆپیادا دەوڵەتێک بەدی دەکات، کە تیایدا هەموو شتێک بەحساب بێلەکە بەڕێوەدەچێت. مرۆڤەکان لەوێ بە هیممەت و دڵگەورە و دانا و سۆلیدار و گوێڕایەڵن. دوورگەکە نمایشی کۆمەڵگایەکی یەکسانە، کە تیایدا دەستکورتی و پێداویستی جێبەجێنەکراو بوونیان نییە، کە تیایدا مرۆڤ سەربەخۆ لە سەروەت و سامانی قەدری دەگیرێت – جیهانێک کە بەبێ پارە و موڵکی تایبەتی بەرگەدەگرێت و کە تیایدا بەرژوەندی خود بوونی نییە، بەڵکو تەنها بەرژەوەندی کۆمەڵگا هەیە.

بۆ گەیشتن بە هەموو ئەم شتانە، دەوڵەت تەنانەت یەک بە یەکی وردەکارییەکانی ژیانی هاووڵاتییەکانی ڕێکدەخات. لە قاڵبیان دەدات، کۆنترۆڵیان دەکات، لەژێر پەروەردەیەکی هەمیشەییدان، کە نەک تەنها بە فەرمی ڕوودەدات، بەڵکو زیاتر لەڕێی چەند نەریتێکی دیاریکراو یاخود ڕێوشوێنگرتنەبەری ڕۆژانەوە لە فۆرمێکی دەرسداداندا. یوتۆپیاییەکان لەگەڵ هەموو ژەمێکدا لەڕێی خوێندنەوەی تێکستێکەوە بە ناوەڕۆکی مۆڕالییەوە، یاخود لەڕێی

گفتوگۆیەکەوە لەگەڵ بەساڵاچوویەکدا، فێردەبن چۆن هەڵسوکەوت بکەن. هەروەها لەڕێی عادەتەکانیانەوە، وەک بۆ نموونە لەڕێی ئاڵوگۆڕی خانوەکانیان یاخود تەماشاکردنی کوتوبەندە ئاڵتوونییەکانی کۆیلەکانەوە فێردەبن، کە سامان و خۆشگوزەرانی ئەرێنی نین، بەڵکوو گەمژەییەک، کە لەڕاستیدا تەنها مایەی پێکەنینە. ژیانی تاک بە تاکی هەر یوتۆپیاییەک بێوچان ئاراستە و چاودێری دەکرێت، تاوەکو هیچ کەس لە یاسا بە کۆمەڵەکان لانەدات و بە شتێکی لەو جۆرە ئەو هارمۆنییەی کە هەیە، بخاتە مەترسییەوە.

بەڵام یوتۆپیاییەکان لەوە ناچن پەی بەو کۆنترۆڵە توندوتۆڵەی دەوڵەت بەرن، بەڵکوو لای ئەوان زیاتر شتێکی ئاساییە. دەشێت هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە سیستەمە سیاسییەکەیان سیستەمێکی دیموکراسی بێت – یاخود لانی کەم وەها دەرکەوێت. فەرمانبەرەکان لەلایەن هاووڵاتیانەوە هەڵدەبژێردرێن و دەستووری یوتۆپیاش ئەوە نیشان دەدات، کە ئەو ئەرکی سەرەکی خۆی لە بەختەوەریی ژیانی مرۆڤەکاندا دەبینێتەوە، چونکە وەک لە **یوتۆپیا**کەی **مووردا** هاتووە:

"بەبڕوای ئەوان، بەختەوەری ڕاستەقینەی ژیان لەوەدایە."

گرنگتر و باڵادەستتر لە هەموو ئەو بەها گرنگانەی دەوڵەتەوە، کە لە یوتۆپیا سەروەرن، وەک کۆڵنەدەری، ئیشکەری، گوێڕایەڵی، بە سوودی و بەزەیی، هەمیشە

ئاسایشە و ئاسایش. ئاسایش پێدەچێت لە سیستەمی یوتۆپیادا تەنها گرنگییەکی بەرگری نەبێت، بەڵکوو ئاسایش گۆشەنیگایەکی پاراستنی هەیە، واتا هێندەی ئەوەی هەموو ئەو شتە سەرسەختانە دوور ڕابگیرێن، کە مەترسی بۆ سەر یوتۆپیاییەکان هەیە و پشێوی دەنێنەوە. مەترسییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە پێناسە و دیاری دەکرێن. یەکێک لەو مەترسیانە هەژارییە، بەڵام بەدخوویی گشتیش وەک بۆ نموونە لووتبەرزی، چاوچنۆکی، کارنەکەری، چونکە هەموو ئەو شتانە دەتوانن ببنە هۆکاری ئەوەی، کە مرۆڤەکان چارەنووسی خۆیان نەپێکن، ئەویش ئەوەیە کە بوونەوەرێکی باش بن. بۆیە دەبێت لە دوورگەکە هەوڵبدرێت ڕێگرییان لێ بکرێت:

"چاوچنۆکی و ڕاوورووت هەموو بوونەوەرەکان تەنها لە کەمووکوڕی ئایندە دەترسێنێت؛ تەنها لای ئەو مرۆڤە لوتبەرزیشی دێتە سەر، کە بە ناوبانگی دەزانێت لەڕێی ڕەونەق و شتگەلی زیادەوە خۆی لەوەکانی دیکە جوودا بکاتەوە – جۆرێک لە لاوازی مرۆڤ، کە لە چوارچێوەی دەستووری کۆمەڵگای یوتۆپیادا بە هیچ شێوەیەک جێگای نابێتەوە."

مرۆڤ دەتوانێت کولتووری دوورگەی یوتۆپیا بە کولتووری مشوور ناوزەد بکات: نەوەک تەنها لەبەرئەوەی هەموو پێداویستییە ماددییەکان هەمیشە بۆ دوو ساڵی داهاتوو دروست دەکرێن و هەژاری وەک شتێکی

موستەحیل تەماشا دەکرێت، بەڵکوو لەبەرئەوەشە کە دەرفەت بۆ کردنی کارێکی نامۆڕاڵی ئەسڵەن بوونی نییە. بەو چەشنە مامەڵەی دروست و سەرڕاستی یوتۆپیاییەکان مسۆگەرکراوە، چونکە تەنانەت دەرفەتی فریوخواردنیش لە **یوتۆپیا** دەستناکەوێت.

دەوڵەتی یوتۆپیا فۆڕمێکی حوکمکردن نیشان دەدات، کە تیایدا نەک تەنها سیاسەت، بەڵکوو مۆڕاڵیش ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت. ڕێکخستنێکە کە سەرکەوتنەکەی لەسەر ئەخلاقی مرۆڤەکان بنیاتنراوە. هەر بۆیە دەبێت سیستەمەکە، بۆ ئەوەی کاری خۆی بکات، مرۆڤێکی نوێ بخوڵقێنێت، کە نایەوێت بەرهەڵستی بکات: مرۆڤێک، تەواو گوێڕایەڵ و بێ جیاوازی پەیڕەوی یاساوڕێسا سیاسییەکان بکات.

بەختەوەریی مرۆڤەکان لە نیشتیمانی یوتۆپیاییەکاندا وابەستەی تاکەکەس نییە، بەڵکوو بەرهەمی سیستەمە سیاسییەکەیە و لە ئازادبوون لە هەر خەمێکی ئاییندە پێکهاتووە، لە ژیانێکی دڵخۆش و ئارام، کە تیایدا مرۆڤ پێویست ناکات بۆ بژێوی ژیانی خۆی هەڵلەرزێت.

مۆدێلی کۆمەڵگاکەی **غووسۆ** بەهەمان شێوە پشت بە مرۆڤێک دەبەستێت، کە تەنها دەتوانێت لە ڕێکخستنێکی تایبەتدا بوونی هەبێت. مرۆڤێک، کە دەبێت دۆخی جارانی خۆی بەجێبهێڵێت، تاوەکو ببێت بە بوونەوەرێکی تەواو نوێ. بەپێی بۆچوونی **غووسۆ** مرۆڤ بوونەوەرێکە، کە لە دۆخی دێریندا تاکڕەو و ئاژەڵئاسا بووە. لەو دۆخەدا

مرۆڤ لە پێداویستیدا زیاتر نەبووە لە ئاژەڵێکی نادیاریکراو و هەر بۆیەش لە قۆناغێکدا ژیاوە، کە تیایدا ئەخلاق و بەدخوویی، عەدالەت و ناعەدالەتی هیچ واتایەکیان نەبووە.
کاتێک مرۆڤ کەوتە ژیان لەناو کۆمەڵگادا و کاتێک لەناو مرۆڤەکاندا خاوەندارێتی سەریهەڵدا، بە وتەی **غووسۆ،** ئەوکات لەناو مرۆڤدا هەموو ئەو حەسرەتانە تەشەنەیان کرد، کە بوونەتە هۆی ئەوەی ببێت بە بوونەوەرێکی خراپ: نەک تەنها مانەوە، بەڵکوو ڕێزی بێپایەنیش لەلای بووە شتێکی گرنگ. لەو کاتەوە مرۆڤ بوونەوەرێکە کە بەر لە هەرشتێک خۆپەرستە و هەمیشە شەڕ بۆ خۆی دەکات. کێبڕکێیەک لەنێوان هەرە بە دەسەڵاتەکاندا لەسەر تێرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەوتە گەڕ و ژیانی مرۆڤەکانی ناخۆش کرد، بەتایبەتی کاتێک یەکێک لەو دەسەڵاتدارانە ئەوانی دیکەی کردە ژێردەستەی خۆی. بۆ **غووسۆ** دەسەڵاتی ستەمکار نموونەیەکی لەبارە بۆ ئەوەی، کە یەکسانییە سرووشتییە دێرینەکە چۆن لەناو مرۆڤەکاندا بەهۆی توندووتیژی تاکەکەسەکانەوە لەناوچووە و ئازادی مرۆڤەکانی لەناوبردووە. لەبەردەم ئەو پاشخانەدا **غووسۆ** "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"یەکەی خۆی پێشنیار دەکات. گرێبەستێک، کە بڕیارە هەلومەرجەکانی ژیان باشتر بکات و لەڕێی ئەوەوە مرۆڤەکان ئازادی و یەکسانی بەدەستبهێننەوە. گرێبەستەکە دەبێت لە کۆی هەموو مرۆڤەکانەوە دروستبێت، دەبێت پارێزگاری لە هەموو

ئەندامەکانی بکات و لە کۆتووبەندەکانی دەسەڵاتە دەرەکییەکان ڕزگاریان بکات. بەپێی گرێبەستەکە، حوکمڕانی نوێ چیدیکە مرۆڤ نییە، بەڵکوو ئیرادەی کۆمەڵگا، واتا: **گەل**ە.

دامەزراندنی ئەو کۆمەڵگایە لەڕێی ئەو گرێبەستەوە لە کردارێکی سەرنجڕاکێش پێکدێت: ڕێککەوتن لە ڕادەستکردنی تەواوەتی مافەکانی تاک بە بوونەوەری کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت. بەو هۆیەوە، کە **غووسۆ** خاڵی دەستپێکی ئەو کۆمەڵگا نوێیەی، کە هەر ئەندامێک بە تەواوی تەسلیمی دەبێت، بۆ هەمووان یەکسان دەکات، هیچ کەس بەرژەوەندییەک لەوەدا نابینێت، کۆمەڵگاکە بۆ ئەوانی دیکە سەخت و دژوار بکات.

گەر ئەو دەستبەرداربوونەی کە باسمان کرد، بەبێ هەلومەرج ڕووبدات، ئەوا **غووسۆ** دەرەنجامی یەکگرتنێکی هێندە بێلەکە دەبینێت، کە هیچ ئەندامێک چیدیکە پێویستی بەوە نابێت شتێک داوا بکات. بێگومان ئەوە شتێکی ڕوونە کە ئەو کرداری دامەزراندنە شتێکی هێندە ئاسان نییە و فشارێکی زۆر دەخاتە سەر تاکەکەس. بۆیە **غووسۆ** ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت، دەبێت یاساکانی ئەو ڕێکخستنە نوێیە توانستێکی گەورە لەخۆبگرن: توانستی گۆڕینی سرووشتی مرۆڤ. گرنگی ناوازەی ئەو یاسادانەرە خۆی لەو ئەرکە سەرەکییەدا دەبینێتەوە:

"هەموو تاکەکەسێک، کە لە خودی خۆیەوە تاکەکەسێکی کامڵە و بۆ خودی خۆیشی کۆمەڵێکی دروستبووە، بکەیتە بەشێک لە کۆمەڵێکی گەورەتر، کە لێوەی تاکەکەس لە چوارچێوەی مانایەکی دیاریکراودا ژیان و بوونی خۆی وەربگرێت؛ گۆڕینی دۆخی مرۆڤ، تاوەکو بەهێزییکەیت؛ لە جێگای ژیانێکی فیزیایی و سەربەخۆ، کە هەموومان سروشت پێی بەخشیوین، ژیانێک وەک بەش و بوونێکی مۆڕاڵی دابنێیت."

بە مانایەکی دیکە، مرۆڤ چیدیکە بوونەوەرێکی تاکڕەو نامێنێت، بەڵکوو بەشێک دەبێت لە کۆمەڵێک. مرۆڤ دەبێت لە ئێستاوە خۆی بە بوونەوەرێکی کۆمەڵگا ببینێت. لێرەدا مەسەلە گۆڕانی مرۆڤێکە کە **من** تیایدا سەنتەرە، بۆ هاووڵاتییەک کە ئاسوودەیی کۆمەڵگای پێشینەی هەیە. دەبێت بەرژەوەندییەکانی هەمیشە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگاکەدا کۆک بن. خۆپەرستی نابێت بمێنێت، بەڵکوو هاووڵاتی نیشتیمانپەروەر، کە لەڕێی ئەو گرێبەستی یەکگرتنەوە ماف بەدەست دەهێنێت و ئەرک دەگرێتە ئەستۆ.

ئەو گۆڕانە نیشانی دەدات کە لەگەڵ گرێبەستی کۆمەڵایەتییەکەدا بۆ مرۆڤەکان جۆرێکی نوێ لە مامەڵە و هەڵسوکەوت دەستپێدەکات. لەڕێی ئەو گرێبەستەوە دەتوانن خۆیان لە دۆخی سرووشتی دووربخەنەوە و بگەنە ئاستی هاووڵاتیبوون. پێشتر هیچ شتێکیان لەبارەی

باش و خراپەوە نەزانیوە، تەنها شەڕ بۆ مانەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لایان گرنگ بووە. بە پێچەوانەوە، گرێبەستەکە مۆراڵ بۆ مرۆڤ بنیاتدەنێت. واتا بە مۆڕاڵیکردنێک، کە بەهۆیەوە بزوێنەری خۆپەرستی مرۆڤەکان لە قاڵبێکی مۆڕاڵیی ژێر دەدرێت. **غووسۆ** سەبارەت بەوە دەنووسێت:

"ئەو پەڕینەوەیە لە دۆخی سرووشتیەوە بۆ ئاستی هاووڵاتییەتی لە مرۆڤدا، گۆڕانێک دەخولقێنێت کە مایەی سەرنجە، چونکە بەهۆی ئەوەوە لە هەڵسووکەتیدا عەدالەت جێگای غەریزە دەگرێتەوە و ئەو ڕەوشتە دەدات بە مامەڵەکانی، کە پێشتر لێی کەمووکوڕ بووە. ئێستا، کاتێک ئەرک جێگای بزوێنەرە جەستەییەکان دەگرێتەوە و ماف جێگای تەماح دەگرێتەوە، ئەو مرۆڤەی کە هەتا ئێستا تەنها خۆی ڕەچاوکردووە، خۆی بە ناچار دەزانێت بەپێی دەستووری بنەڕەتی جیاواز مامەڵە بکات و بەرلەوەی گوێ لە مەیلەکانی خۆی بگرێت، پرس بە دانایی خۆی بکات."

وا دەردەکەوێت لە ڕێگای دروستبوونی ئەو ڕێکخستنە نوێیەوە مرۆڤ ببێت بە مرۆڤ. تەنها وەک هاووڵاتی ئەو کۆمەڵگا نوێیە مرۆڤ تایبەتمەندییە مرۆییەکان وەردەگرێت. بەو هۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت سوور بێت لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ تەنها ئەوکات مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە – و چیدیکە هەڵسوکەتی ئاژەڵییانە نیشان نادات – لەپاش ئەوەی دەبێت بە هاووڵاتی.

بەختەوەری، لەو کۆنتێکستەی **غووسۆ**دا، وەک بەدەستهێنانی پارێزگاریی، ئازادی و یەکسانی پێناسە دەکرێت. ئازادی لەناو ئەو سێ بەهایەدا گرنگترینیانە. بە وتەی **غووسۆ،** ئازادی تایبەتمەندییەکی نموونەیی مرۆڤە، کە ناتوانرێت لە سروشتی مرۆڤ جودا بکرێتەوە. بەڵام لە دۆخی هاووڵاتی بووندا لەو چەشنەی کە لە دۆخی سرووشتیدا هەبووە، بێسنوور نییە. ڕێکخسنتە نوێیەکە ئەو ئازادییە نادات بە مرۆڤ، هەرچییەکی بیەوێت بیکات. ئازادییەکی نادیاریکراو نییە بە مانای ئەوەی "مافی هەموو شتێک"ی هەبێت. ئەو ئازادییەی کە مرۆڤ لەسایەی گرێبەستەکەوە بە دەستی دەهێنێت، ئازادییەکی مۆڕاڵییە. لەلایەکەوە سەربەخۆیی هەر کەسێک لە کەسێکی دیکە دەکاتە مەرج و لەلایەکی دیکەشەوە هەڵسوکەوتێک لە ناوەڕۆکیدایە، کە بڕیارە لە بەدخویی و تەماح ڕزگاری بکات (بەوەدا کە ئەوانە دەردەکانی مرۆڤن) و بەرامبەر بە یاسا داوای گوێڕایەڵی دەکات.

لەپاش ئەو ڕوونکردنەوە کورتانە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت، هەم لە نمایشی سیاسیی **یوتۆپیا** و هەم لە نمایشی سیاسیی **گرێبەستی کۆمەڵایەتی**دا، جیهانێک تەشەنەدەکات، کە تیایدا سیاسەت و مۆڕاڵ بە تەواوی بەیەکەوە پەیوەستن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا وێنەی سیستەمێکی سیاسیی دەکێشرێت، کە بۆ ئەخلاقی مرۆڤ لەیەک کاتدا بەرجەستەی هەم بەرهەم و هەم بنەمایە. سەرەڕای

ئەوەش وا دەردەکەوێت بەختەوەری دەرەنجامی چەند کردەیەکی سیاسیی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ لە هەردوو کارەکەدا وێنای سەیر لێکچووی جیهانی ئەخلاق بەدی دەکات. ئارامی، پێکەوەژیان، یەکێتی، بە قەناعەتی، گوێڕایەڵی، سەروەری یاساکان بۆ هەردووکیان بەهەمان ڕادە گرنگن[4]. بۆیە ئەم وتەیە دەشێت هی ناو هەر یەکێک لەو دوو کارانە بێت:

"تەنها حەسرەت مرۆڤ لە ئاست خۆشگوزەرانی خۆیدا کوێر دەکات. ئەوانەی کە یاسای حەسرەتەکانی مرۆڤ ملکەچ دەکەن، ڕووخێنەری ڕاستەقینەی هەموو حکومەتەکانن: ئەوانە ئەو مرۆڤانەن کە هەقە سزا بدرێن."

---

[4] لە باسوخواسەکاندا ئەوەی زەق دەبێتەوە سەروەری کۆمەڵگایە بەسەر تاکەکەسدا. ئەو ڕێککەوتنە ئێزافییەش، کە لە سەرەوە ناڕاستەوخۆ باسی لێکرا، لە وێناکانی کۆمەڵگادا هێند بە تۆخی بەدیدەکرێت، کە دەبێتە هۆکاری تەفسیرگەلێکی بێشوومار، کە لە هەردوو مۆدێلی کۆمەڵگاکەدا فۆرمی ڕێکخستنی کۆمەنیزم دەبینن. ناکۆکی نێوان بەرژەوەندی خود و بەرژەوەندی کۆمەڵگا هەمیشە بە سەرکەوتنی کۆمەڵگا کۆتایی دێت. ئەو دەستبەرداربوونی مافانە کە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتییەکەدا هەن و هەروەها ئەو غایبییەی خاوەندارێتییە لای یۆتۆپیاییەکان، وا لە ئێمە دەکات باس لە توانەوەی هاووڵاتی بکەین لەناو کۆمەڵگادا. بەو شێوەیە بەپێی غووسۆ بێت دەبێت لە یاسادانانێکی بێلەکەدا ئیرادەی تایبەتی تاکەکەس بکوژێندرێتەوە. لە دەرئەنجامدا ئیرادەی کۆمەڵگا یاخود ئیرادە فەرمانڕەوا سەروەرە و تاکە پێوەری هەق و ناهەقە. ئەولەوییەتی کۆمەڵگا لە دوورگەی **یوتۆپیا** لەلایەن **ڕافایل**ەوە باس دەکرێت، کاتێک دەڵێت: *ئەگەرچی هیچ کەس خاوەنی ڕسقی خۆی نییە، هەمووان زەنگینن.*

ئەو نمایشانەی گۆشەنیگا ئەخلاقییەکان دەتوانرێت لەو وێنەی جوانکیلەیەی کۆمەڵگادا وەک وێنەی خێزانێکی گەورە تەماشابکرێن کە تیایاندا هەمووان دەست و دڵ گەورە و بە ڕۆحی یارمەتی و پڕ لە خۆشەویستی مامەڵە لەگەڵ یەک دەکەن. **موور** ئەوە بە جۆرێکی تایبەتی لەڕێی **ڕافایل**ەوە دەردەبڕێت، کاتێک دەنووسێت: سەرتاپای دوورگەکە بریتییە لە خێزانێک. غووسۆش زۆر جار دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوە، کاتێک باس لە دەوڵەتێک دەکات، کە تیایدا هەموو تاکەکەسەکان یەکتری دەناسن و ئەو خووە شیرینە کە خۆشەویستی نیشتیمانە زیاتر دەکاتە خۆشەویستییەک بۆ هاووڵاتییەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا لەنێوان هەردووک وێناکەدا جیاوازی هەیە: لەوە دەچێت ڕوونترین جیاوازی لە مانای ئازادیدا بێت. لە کارەکانی **غووسۆ**دا ئازادی فکرەی بنەڕەتییە. سەرەڕای هەموو ئەو ناکۆکییانەی کە مرۆڤ لە نووسینەکانیدا سەبارەت بە دەسەڵاتی ڕەهای ئیرادەی کۆمەڵگا بەسەر تاکەکەسدا بەدیدەکات، لای ئەو هەمیشە هەوڵی هێشتنەوەی ئازادی لە سەنتەردایە. ئازادی بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتییەکەیە: گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوە تەشەنەی پێدراوە، ژیانێک لە ئازادی و یەکسانیدا، کە یەکسانی جارێکی دیکە مەرجی پێشینەی ئازادییە، مومکین بکرێت. تەنها لە کۆمەڵگایەکدا، کە تیایدا هەموو مرۆڤەکان لەسەر بنەمای یاسا و لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا یەکسانن، پێویست ناکات هیچ کەس ملکەچی یەکێکی دیکە بێت. ئەوەش هۆکاری یەکگرتنی هاووڵاتیانە: مسۆگەرکردنی ئەو ئازادییە.

بۆیە غووسۆ دەڵێت، ئازادی لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترە، تەنانەت گرنگتر لە ئاشتی.

لە دامەزراوەی دەوڵەتی یوتۆپیاییدا بە پێچەوانەوە ئازادی بە زەحمەت دەردەکەوێت. ئامانجە سەرەکییەکانی نەخشەی ئەوان ئارامی و بەڕێوەچوونە: ئامێرێک، کە دەبێت سووک و ئاسان کار بکات. لێرەدا نمایشەکەی **غووسۆ** ئازادیخوازانەترە، چونکە لای ئەو لانی کەم مەرامی خۆبەشییەک لەئارادایە. هەموو مرۆڤێک دەبێت خۆبەخشانە

له **گرێبەستی کۆمەڵایەتی**دا بەشداری بکات. ئەوە خاڵی دەستپێکی گرێبەستەکەیە.

لای **غووسۆ** بێباکیی شتێکی تەواو نەرێنییە: کاتێک مرۆڤ چیدیکە گرنگییەک سەبارەت بە کاروباری دەوڵەوت نیشان نەدات، ئەوکات دەوڵەت فەوتاوە. کاتێک **غووسۆ** باس لە تۆلێرانس دەکات، ئەوا مرۆڤ دەتوانێت پاراستنی ئازادی تیادا ببینێت. هەموو دیانەتێک دەبێت قبوڵبکرێت، هەتا ئەو ڕادەیەی دۆگماکانی سەرپێچی نەبن لە ئەرکەکانی هاووڵاتی. ئەوەیش کە هاووڵاتییەک سەبارەت بە ژیانی ئەودنیا چی باوەڕێکی هەیە، کێشەی دەوڵەت نییە.

لە **یوتۆپیا** دۆخەکە تەواو جیاوازە: خۆبەخشی هیچ ڕۆڵێک نابینێت، گەر ئەو خۆبەخشییە لە گوێڕایەڵی و ملکەچیدا پەخش نەبێتەوە. مرۆڤ لەڕاستیدا دروست نازانێت، دەستووری دەوڵەتی **یوتۆپیا** چۆن دروست بووە، بەڵام خۆبەخشی بە هیچ شێوەیەک لەناو پێکهاتەی دەوڵەتی یوتۆپیادا جێگەی نابێتەوە. کاراکتێری یوتۆپیایی و ئامادەگی فەرمانڕەوایەکی لەو جۆرە لە بەرژەوەندی پێکهاتنێکی خۆبەخشانەی هاووڵاتیاندا، بەڵگەیەکی ئەوتۆ نادەن بەدەستەوە. بەڵام لە تێڕوانینی جەوهەری کۆمەڵگای یوتۆپیاییدا دەتواندرێت بێباکیی، وەکو جۆرێک لە گوێڕایەڵی، واتا پێچەوانەی ئۆپۆزسیۆن، وەک هەڵسوکەوتێکی شیاو لەو دوورگەیە تەماشابکرێت. بۆیە مرۆڤ دەکرێت لەخۆی بپرسێت، کە ئاخۆ ئەو فۆرمی

حکومڕانی و ژیانەی یوتوپیاییەکان لەلایەن **غووسۆ**وە وەک دۆخێکی کۆیلایەتی تەماشا ناکرێت. بەوەدا کە ئەو گەلی ملکەچکراو، کە سەرەڕای ملکەچییەکەیان ژیانێکی ئارام دەگوزەرێنن، وەک کۆیلە تەماشا دەکات، مرۆڤ دەتوانێت وەڵامێکی ئەو پرسیارە بداتەوە. بە وتەی خۆی: "خۆ ژیانی ناو ژووری بەندینخانەی ژێر قەڵاکانیش ئارامە؛ ئایا ئەوە بەسە بۆ ئەوەی لەوێ ئاسوودە بیت؟"

تۆلێرانس لە **یوتۆپیا**دا تۆلێرانسێکی دیکەیە وەک لەوەی لای **غووسۆ**. ئەگەرچی لە دوورگەکە بەحساب فەزایەکی تۆلێرانس سەروەرە، چونکە لە بنەڕەتدا فۆرمی جیاوازی باوەڕ ڕێگاپێدراون، تۆلێرانسەکە سنووردارە، بە جەشنێک کە زەحمەتە مرۆڤ بتوانێت باس لە تۆلێرانسی ڕاستەقینە بکات. لەو بەشەدا، کە باس باسی دیانەتی یوتۆپیاییەکانە، ئەوە زۆر بە باشی ڕوون دەکاتەوە، چونکە نیشانی دەدات، جیاوازی بیروباوەڕ تا چی ڕادەیەک مەحکوم دەکرێت:

"بۆیە یوتۆپیاییەکان پێیان وایە لە پاش ژیان لەسەر هەڵەکانمان سزا دەدرێین و لەسەر کارە باشەکانمان پاداشت دەکرێین. ئەوەی باوەڕی پێچەوانە بێت، تەنانەت وەک مرۆڤیش هەژمار ناکرێت، چونکە سروشتی هەیبەتداری ڕۆحی مرۆیی دادەبەزێتە ئاستێکی جەستەیی ئاژەڵێک؛ کەوابێت زۆر لەوە کەمتریش بیر لەوە دەکەنەوە وەک هاووڵاتییەک هەژماری بکەن. خۆ بۆ ئەو هەموو دەزگای هاووڵاتیان و بنەما ئەخلاقییەکان یەک پوول

ناهێنن، گەر ترسی ڕووت لە پەرژیندا ڕاینەگرتایە. یان هیچ کەس هەیە گومانی لەوەبێت، کە گەر وا نەبایە هەوڵی دەدا هەموو یاساکانی دەوڵەت بەلادا بخات، هەتا ئەو ڕادەیەی گەر لە خزمەتی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا بایە، چونکە ئەو لەودیو یاساکانەوە هیچ ترسێکی دیکەی نییە، لەو دیو ژیانی جەستەییەوە هیچ ئومێدێکی نییە؟"

لێرەدا دەوترێت، ئەوەی کە باوەڕی بە سزا و پاداشتی پاش مەرگ نەبێت، ناتواندرێت چیدیکە وەک مرۆڤ تەماشا بکرێت، چونکە کەسێک کە ترسی لە مەرگ نەبێت، ئەوا ناتوانێت ترس یاخود ڕێزی بۆ یاساکانی دەوڵەتیش هەبێت. ئەوەش لای **موور** بەڵگەی تێڕوانینێکی تەواو جیاوازە لەسەر تۆلێرانس وەک لای **غووسۆ**.

لەپاش شیکاری ئەو لێکچوویی و جیاوازیانەی هەردووک کارەکە، مرۆڤ دەتوانێت لە نیازی نووسەرەکان بڕوانێت. **موور** و **غووسۆ** بە چی مەبەستێک ئەو نووسینانەی خۆیانیان نووسیوە؟ ئایا نیازیان هەبووە داوای ئەو شتانە بکەن کە نووسیویانە؛ ویستویانە ئەوە بکەنە بواری جێبەجێکردنەوە؟ لەڕاستیدا ئەو پرسیارە بە ئاسانی وەڵام نادرێتەوە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت هیچ نەبێت هەوڵ بدات وەڵامێک بدۆزیتەوە:

لە حاڵەتی **غووسۆ**دا مرۆڤ بێگومان ڕووبەڕووی خۆزگەیەک دەبێتەوە بۆ گۆڕان و چاککردنی چەند هەلومەرجێکی دیاریکراوی سیاسیی. ئەو فۆڕمێکی

حوکمڕانی پێشنیار دەکات، کە کۆماری ڕۆمی ئانتیک و جنێفی زێدی خۆی بە نموونە هەیە. دەرفەتی گەڕاندنەوەی ئەو حوکمانە لەسەر بوونێکی ڕۆژێک لە ڕۆژانیان بنیاتنراوە: "با لەسەر بنەمای ئەوەی کە چی ڕوویداوە، لەوە بڕوانین کە دەکرێت چی ڕووبدات." بەوەش دەڵێت، کە مانیفێستی مێژوویی ڕابردوو وەڵامێکی حاشاهەڵنەگرە بۆ هەموو ئەو دژوارییە بنچینەییانەی ئەرکە سەردەمییەکانی سیستەمی سیاسی و ئەوەش کە مرۆڤ دەتوانێت لە مێژوودا نموونە بۆ دەوڵەت و سیستەم و حکومڕانی بدۆزێتەوە، کە بوونیان بەڵگەیەکە بۆ دەرفەتگەلی ئایندەئامێز.

بەڵام ئەو چاوەڕێی سیستەمێکی بێلەکە نییە. ئەگەرچی وەسفەکانی گۆشەنیگای ئایدیال زۆر لە خۆدەگرن، کە لە وەسفەکانی دوورگە خەیاڵییەکەی **یوتۆپیا** دەچن، ئەوەی کە بۆ نموونە ئەخلاق و بەختەوەری سەروەرن، مرۆڤەکان لەسەر دەستی خۆیان کار دروست دەکەن، ڕێزگرتن لە ئەو چەند یاسا کەمە عادەتە، دەسەڵاتی کۆمەڵگا بەسەر تاکەکەسدا سەروەرە، هەمووان لە چوارچێوەی خێزانێکی گەورەدا مامەڵەیان لەگەڵ یەکدا لێوانلێوە لە خۆشەویستی، خۆشگوزەرانی وەک ناچیز تەماشادەکرێت و شار و هاوولاتییەکان تەنها جیاوازی کەم لەنێوانیاندا هەیە و هتد، مانای ئەوە نییە **غووسۆ** پێی وا بێت دەکرێت ئەوانە بهێنرێنە دی. ئەو، ئەو وێنە ئایدیالانە وەک فکری خەیاڵی

تەماشا دەکات. **غووسۆ** بڕوا ناکات دیموکرادسییەکی زاف و بێگەرد مومکین بێت. بۆیە یان باسی ئاریستۆکراتی هەڵبژێردراو یان حوکمڕانی دیموکراسی سنووردار دەکات، بەڵام باسی دیموکراسی ناکات، کاتێک ڕێوشوێنگرتنەبەری سیاسیی دەخاتەڕوو. بۆ ئەو مۆدێلی دیموکراسی حوکمڕانییەکە کە خۆزگەی بۆ دەخوازێت، بەڵام چونکە ئەخلاقگەلێکی ئێجگار زۆر لە مرۆڤەکان داوا دەکات، مۆدێلێک دەمێنێتەوە کە ناهێنرێتە دی: "گەر گەلێک لە خوداوەندان هەبایە، ئەوا حوکمیان دیموکراسی دەبوو. حوکمڕانییەکی بەو چەشنە بێلەکە بۆ مرۆڤەکان ناشێت."

لە **گرێبەستی کۆمەڵایەتی**دا نووسەر بەم وتەیە کۆتایی بە بەشی دیموکراسی دەهێنێت.

**غووسۆ** تەنانەت نایەکسانی و هەژاری وەک دوو تایبەتمەندی جیهانە کەمووکووڕەکەمان قبوڵ دەکات، کە مرۆڤ ناتوانێت خۆیان لێ بە دوور بگرێت. لەکاتێکدا نایەکسانی و هەژاری لە **یوتۆپیادا** بنەبڕکراوە، **غووسۆ** هەوڵدەدات لە کۆنسێپتەکەی خۆیدا کەمیان بکاتەوە. هەروەها نەمریی ڕژێمێکیش لای ئەو وەهمە. مرۆڤ دەتوانێت لەڕێی دەستوورێکی باشەوە ماوەی حکومەتێک درێژ بکاتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بۆ هەتا هەتایە دایمەزرێنێت. بەو جۆرە لەڕێی قبوڵکردنی بەردەوامی مرۆڤ و سنوورەکانی سیاسەتەوە، **غووسۆ** خۆی لە کاری

**یوتۆپیای موور** دووردەخاتەوە: ئەو وەک یەکێک لەو کارانەی کە باسی فکری خەیاڵی دەکەن، پۆلێن دەکات.

ئەو مەرامەی کە **موور** بەشوێنییەوە بووە کاتێک **یۆتۆپیای** نووسیووە، هێند ئاسان ناوزەند ناکرێت. ئایا **موور** دەیەوێت بەو کارە چیمان نیشان بدات؟ چەند وەڵامێک هەن. بەڕای من ئەوەی **موور** سەبارەت بەو دوورگەیە نووسیویەتی، جۆرێکە لە ئاماژە، بەتایبەتی مرۆڤ کاتێک بەشی یەکەمی کتێبەکە وەک ئاماژەیەک بۆ بەشی دووهەم بخوێنێتەوە، بەڵام تەنانەت ئەو کاتەش کە مرۆڤ ڕەچاوی ئەوەش بکات کە **موور** مەسیحییەکی باوەڕدار بووە و ماوەیەک سەرقاڵی **ئاوگوستینوس** و (سەبارەت بە دەوڵەتی خودا)کەی بووە.

جگە لەوەی کە ئەو ناوانەی **موور** هەڵیبەستوون، مانایەکی نەرێنیان هەیە و وا لە مرۆڤ دەکەن، کتێبەکە بە هەڵوێستێکی توانجبازانەوە بخوێنێتەوە، وێنای کۆمەڵگایەکی خەیاڵی لەو جۆرە لە حاڵەتێک ناچێت، موور ستایشی بکات و وەک شتێکی باوەڕپێکراو تەماشای بکات. کاتێک مرۆڤ بیر لە **یۆتۆپیا** دەکاتەوە – جێیەک کە تیایدا نەوەک تەنها بەدخووییەکان، بەڵکوو فریوی گوناهیش ئاسەواری سڕدراوەتەوە، جێیەک کە بەرژەوەندی تایبەتی تیادا نییە و هەمووان بەختەوەرن، جێیەک کە دەوڵەت، واتا ئەو دەزگا دنیایی و زەمەنییە، دامەزرێنەری هەموو هەلومەرج و پەیوەندییەکانە –، ئەو جیهانە وەک هیچ جیهانێکی دیکە

دەرناکەوێت جگە لەوەی کە لەلایەن نەریتی مەسیحییەتەوە وەسف دەکرێت؟ گەر مرۆڤ بیر لە **ئاوگوستینۆس** و ماکسیمالی ئینجیلی مەسیحی بکاتەوە، ئەوەی کە دەڵێت: "ئێمە لە دنیادا دەژین، بەڵام خەڵکی دنیا نین."، و فکرەی بنەڕەتی نەکردەیی جیهانێکی بێ کەموکوڕ، کە ژیانمان وەک تاقیکردنەوەیەک و حەجێک بۆ سەر زەوی بخاتە ڕوو و هتد، ئایا ئەوە نمایشی پێچەوانەی مۆدێلەکەی **یوتۆپیا** نییە؟ تۆ بڵێیت **موور** جیهانی یوتۆپیایی بەڕاستی خواستبێت، پێشنیارکردبێت یاخود بەڕاستی بیری لێکردبێتەوە؟

وێنە جیاوازەکانی کە لە یەکەم دیالۆگ لەگەڵ **ڕافایل هیثلۆدۆیس**دا بەکاریان دەهێنێت، دەکرێت مرۆڤ بە ئاماژەی توانجباز لێیان حاڵی ببێت، و **موور** بیەوێت لەڕێی ئەو ئاماژانەوە بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ پەیامی فکرەی دیکە بگەیەنێت. نموونەی سیناریۆی کاردینالەکە و **قۆشمەچی** بۆ ئەو مەبەستە کۆمەکێکی باشە: ئایا شتێکی سەیر نییە، کە **موور** بۆ یەکەمین جار فکرەی بنەبڕکردنی هەژاری و بەڵا گەورەکانی ئەم جیهانە لە دەمی قۆشمەچییەکەوە دەخاتەڕوو؟ لەویادا **قۆشمەچی** دەڵێت:

"بەڵام ئێستا فەرمان دەدەم یاسایەک دەربکرێت، هەموو ئەو گەدایانە بە تەواو بەسەر پەرستگاکاندا دابەشبکرێن و بکرێن بە فەقێ؛ ژنەکان، دەفەرمووم ببن بە ڕاهبی."

ئایا ئەوە وەک ئاماژەیەکی گەمەئامێز بۆ یوتۆپیا نایەتە بەرگوێ؟ ئایا حیکایەتەکەی **ڕافایل هیثلۆدۆیس** سەبارەت بە گەلی **پۆلیلێریتی**یەکان، کە لەناویاندا دزەکان بە کۆیلایەتی سزادەدرێن و لەلایەن دەوڵەتەوە بەخێودەکرێن و هەمووان وەک یەک جلیان بۆ دەکرێت، ئاماژەیەکی دیکەی گەمەئامێز نییە بۆ فۆرمی ژیانی یۆتۆپیاییەکان؟ ئایا **مووری**ش وەک **غووسۆ** بیری لە کۆمەڵگایەکی بێ ئازادی کردووەتەوە؟

سەرەڕای ئەوەش **ڕافایل هیثلۆدۆیس** دەگێڕێتەوە، چۆن دیارییەکی، کە قیبلەنومایەکە، لەپاش بینینی دەریاوانی گەلێکی دیکە، لەلایەن ئەوانەوە وەردەگیرێت. داهێنانەکە لە سەرەتادا بۆ ئەوان زۆر جەزاب بووە، بەڵام لە ڕەوتی زەمەندا بووەتە شتێکی خەتەرناک. هەتا ئەوکات تەنها بە بەرهەڵستییەوە خۆیان ڕادەستی دەریا کردبوو و گەشتی مەترسیداریان تەنها لە هاویندا کردبوو:

"بەڵام ئێستا، بە متمانەی بەردە موگناتیزییەکە، دەریاوانەکان گوێ بە زستان نادەن، هەڵبەت زیاتر گەشبینن وەک لە دڵنیا، بە چەشنێک مەترسی ئەوە لە ئارادایە ئەو داهێنانە، کە هێندە دڵیان پێ خۆش بوو، ڕەنگ بوو لە سایەی نائاگاداریانەوە زەربەی گەورەیان لێبدات."

ئایا **موور** بۆچی لەڕێی فەیلەسووف **ڕافایل هیثلۆدۆیس**ەوە حیکایەتێکی لەو جۆر دەگێڕێتەوە؟ ناکرێت وەک ئاگادارکردنەوەیەک لە فکرەی فەلسەفی سیاسیی لێی حاڵی

ببین؟ ئەوە ڕوونە کە **moor** بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە واقیعی سیاسیی ئەو زەمەنەی خۆی ڕوانیوە، بەڵام ڕەنگە ویستبێتی لە ڕەخنەش زیاتر بڕوات و ئاماژە بۆ ئەو مەترسییە بکات، کە دەکرا لە نەخشەسازی تازە بکەوێتەوە؟

لە کۆتایی ئەم کارەدا ئەوە دەمێنێتەوە بوترێت، کە فکری هەردوو نووسەرەکە دەتهێننە سەر ئاسپێکتی فەلسەفەی سیاسی. سنوورەکانی سیستەمێکی سیاسی، ڕۆڵ و ئەرک و کاریگەرییەکانی دەوڵەتێک لە مەجالەکانی ئەخلاق و دەستەواژەی بەختەوەری، هەژماری تاکەکەس بەرامبەر بە کۆمەڵگا و پێچەوانەکەشی، چەند بابەتێکن، کە هەم **موور** و هەم **غووسۆش** کاریان لەسەر کردووە. هەڵبەت شتێکی بێسوودە ئەوە دیاریبکەیت، لە کام خاڵدا ڕای ئەو دوانە کۆکە. بەڵام ئەوەی بەبێ پرسیار ئەو دوانە تیایدا هاوبەشن، هەستێکی قوڵی بەرپرسیارێتییە بەرامبەر بە ڕووداوە سیاسییەکانی زەمەنی خۆیان. لە نووسینەکانیاندا، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، خەم و ناڕەزایی خۆیان لەبارەی حەقیقەتی زەمەنی خۆیان سەلماندووە.

وشەکانی **موور**، کاتێک لەگەڵ **ڕافایل هیثلۆدۆیس**دا سەبارەت بە کاروباری دەوڵەت و ڕاوێژکارەکانی پاشادا قسەدەکات، دەتوانن تیشک بخەنە سەر ئەوە:

"گەر ناتوانیت بۆچوونی هەڵە دەستبەجێ لە ڕەگوڕیشەوە دەربهێنیت و دەرەقەت نایەیت خراپەکاری ڕەگداکووتاوی

ئاسایی بەپێی یەقینە هەرە ناخییەکانی خۆت چارەسەربکەیت، ئەوا ناکرێت لەبەرئەوە دەستبەجێ دەوڵەت فەرامۆش بکەیت و لە گەردەلوولدا دەست لە کەشتی بشۆیت، تەنها لەبەرئەوەی خۆت بۆ بایەکان ڕاناگریت! ناشکرێت قسەگەلی ڕانەهاتوو و نائاسایی بە زۆرەملێ بە سەر مرۆڤەکاندا بسەپێنیت، کە وەک خۆت دەزانیت لەلای ئەوانەی کە بیریان جیاوازە، ناتوانن سەنگین بن، بەڵکوو چاترە ناڕاستەخۆ هەوڵبدەیت، کۆشش بکەیت، هەموو هێز و قوەتی خۆت بخەیتەکار، لێزان و کارامانە لەگەڵ شتەکاندا هەڵسووکەوت بکەیت، ئەوەیشی کە ناتوانی بە باش بیشکێنیتەوە، لانی کەم لە حاڵەتە هەرە خراپەکانی بپارێزە. چونکە شتێکی نەکردەیە، کە هەموو هەلومەرجەکان باش بن، هەتا هەموو مرۆڤەکان باش نەبن، شتێک کە هەڵبەت دەتوانین ڕێزێکی جوانکیلە لە ساڵ چاوەڕێی بین."

ئایا ئەو چەند ڕستەیە نایدرکێنن، کە موور بیری لە چی کردووتەوە و هەمیشە خۆشی لە ژیانی پیشەییدا هەوڵی بۆ چی داوە؟ ئەوەیش ئەوە بووە کە لەڕێی کەرەستەی جیاوازەوە سەرەڕای ئەو دژوارییە سەرووەرەی ئەوکات لە ئارادا هەبووە، فکری خۆی دەربڕێت. بەهیوای ئەوەی فکرەکانی بتوانن جیهان چاکتر بکەن، هەم وەک فەرمانبەری فەرمی شانشینی بەریتانیا و هەم وەک نووسەر خۆی بۆ کۆمەڵگا تەرخانکردووە. لە کۆتایی ئەو

چەند ڕستەیەدا، هەروەها لە کۆتایی ژیانی گێڕدراوەشیدا، شایەت لەسەر ناتەواویی جیهانی سەردەم دەدات، ناتەواوییەک کە مرۆڤ ناتوانێت خۆی لێ لادات.

**غووسۆ** بە پێچەوانەوە هەمیشە وەک خۆی بەرگری لە مافی توێژینەوەی پرسی سیاسیی ئەبستراکت و ڕەخنەگرتن کردووە: "مرۆڤ بۆی نییە لە هیچ کوێیەک عەقڵ و تێڕامان سزابدات."، ئەمە نووسینی ئەو بیرمەندەیە، کاتێک لە نامەکانی (بێرژ)دا هەوڵی داوە **گرێبەستی کۆمەڵایەتی**یەکەی لە سووتان ڕزگار بکات.

بێشک مرۆڤ دەتوانێت دواجار هەردوو نووسەرەکە لە داخلی ئەو نەریتە کۆنە فەلسەفیەدا هەژمار بکات، کە تیایدا مۆڕاڵ و سیاسەت وەک دوو گۆشەنیگای لە یەک نەترازاوی هەمان کێشە تەماشا دەکرێن. لەو گۆشەنیگایەوە هەموو پڕۆژەیەکی سیاسیی پڕۆژەیەکی مۆڕاڵیشە، دامەزراندنی ڕێکخستنێکی سیاسیی هەمان وەک کردەی دامەزراندنی کۆمەڵگایەک لە هاووڵاتیانی بە ئەخلاق وەردەگیرێت. باوەڕ بە ڕێتێچوونی گۆڕانی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەسەر بنەمای سیستەمێکی نوێی سیاسی و حکومەتێکی نوێ، حەقیقەتێکە، کە لە مێژوودا لە دێر زەمەنەوە دووبارە دەبێتەوە. مرۆڤ دەتوانێت نموونەی جیاواز جیاواز لە سەردەمی جیاواز جیاوازەوە بەدی بکات: لە سەردەمی ئەنتیکدا – کاتێک ئەفلاتۆن خەونی بەوەوە دەبینی کۆمارێک دروست بکات، کە تیایدا ئەخلاق سەروەر

بێت – لە سەردەمی نوێتریشدا – لە کاتی سەرهەڵدانی کۆلۆنیالیزم لە جیهانی نوێدا، کە تیایدا دواتر کۆمارگەلێک دامەزران، کە تیایاندا ناولێنانی گەلی نوێ تەنها لەڕێی دەرکردنی دەستوورێکی شاعیرانەوە ڕادەگەیەندرا – وەک لە حاڵەتە سامناکەکانی سیستەمە تۆتالیتارییەکاندا، بە خۆیان و مافە بێسنوورەکانیانەوە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و هەستونەستی مرۆڤەکان.

ئەوە هەمان کێشەیە، کە لەلایەن **موور** و **غووسۆوە** دەخرێتەڕوو. نووسینەکانیان، لەبەر ئەوەی سەردەمیین، هێشتا زۆر سەرنجڕاکێشن. تێکستەکانیان بە تایبەتی تامەزرۆییە ئەبەدییەکە نیشان دەدەن بۆ خولقاندنی جیهانێکی هارمۆنی و ئازاد لە بەدخوویی و مەینەتی، ئەویش لەڕێی پێشنیارکردنی پڕۆژەگەلی سیاسییەوە، کە وێنەیەکی تایبەتی مرۆڤ داوادەکەن: مرۆڤ وەک سوبێێکتێکی لە فۆرمدراو و سەددەرسەد ئاراستەکراو، کە دەکرێت لەڕێی سیستەمە سیاسییەکەوە تەواو لە بەدخوویی و خۆپەرستی پاک بکرێتەوە – پاککردنەوەیەک کە دەبێت خۆی سەرلەبەریی قبوڵ بکات، چونکە دەبینێت ئاسوودەیی کۆمەڵگا لەپێش ئاسوودەیی تاکەوە دەێت.

ڕۆژی ئەمڕۆ، بەهۆی چەند ڕووداوێکی مێژووییەوە، مرۆڤ پەی بە شکستی پڕۆژەی لەو جۆرە بردووە. حەقیقەتی ئەوەی کە مرۆڤ ئەوەیە کە هەیە، واتا بەشێکی باشە و بەشێک خراپ، دەبێت لەلایەن هەموو مەرام و

نیازەکانەوە ڕەچاو و قبوڵ بکرێت. پڕۆژەیەکی سیاسی، کە سنوورەکانی مرۆڤی قبوڵ نەبێت و مرۆڤ وەک سوبییێکتێکی ئاراستەکراو تەماشا بکات، بە زەحمەت دەبێتە پڕۆژەیەکی سەرکەوتوو. بەڵام بە هەمان شێوە پلانێکیش پلانێکی سیاسی سەرکەوتوو نابێت، کە مۆڕال بە تەواوی لە یەقینەکانی بەدەربخات و لەڕووی مۆڕالییەوە خۆی تەواو بێلایەن دەربخات. بەو شێوەیە دیبەیتەکە بە چارەسەرنەکراوی و کراوەیی دەمێنێتەوە. خوێندنەوەی تێکستەکانی **موور** و **غووسۆش** هێشتا سەرچاوەگەلێکن بۆ پرسیار و بیرکردنەوەی سەرنجڕاکێش لەو مەجالەدا.

# دەستەواژەی یوتۆپیا لای هابرماس

## بۆ دارِشتنەوەی کۆنسێپتی عەقڵ

**سۆنیا مۆکنی**

**یەک: دەستەواژەی یوتۆپیا لای موور**

کتێبی **یوتۆپیای موور**، کە ساڵی ١٥١٦ بڵاو بووەوە، لەدایکبوونی یوتۆپیای کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێنا. لەو کتێبەدا **موور** کۆڵگای ئینگلیزی ئەو زەمەنە دەخاتە ژێر ڕەخنەوە و دەیخاتە بەرامبەر دەوڵەوتی خەیاڵی **یوتۆپیاوە**، کە خاوەنی کۆمەڵگایەکی ئایدیالە. ئەو کۆمەڵگایە دژە وێنەی کۆمەڵگای ئینگلیزی سەدەی شانزەیە.

کتێبەکە لە دوو بەش پێکهاتووە. لە یەکەم کتێبدا سێ کەس دەردەکەون: **پیتەر ئاجید**، **ڕافایل هیثلۆدۆیس** و **موور**. لەو یەکەم بەشەی کتێبەکەدا هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئەو زەمەنە دەخرێتە بەر ڕەخنەی توند: سیاسەت (دەوڵەتی دەستوور)، دیانەت (دەزگا)، جەنگ. هەروەها باسی بابەتی وەک بەها و ئەخلاقیش دەخرێنە ژێر باس و لێکۆڵینەوەوە. لە کتێبی دووهەمدا **هیثلۆدۆیس** باسی دوورگەی **یوتۆپیا**

دەکات. **یوتۆپیا** پەنجا و چوار شاری لە خۆ گرتووە، کە هەموویان وەک یەکن (بۆ نموونە لە گەورەیی و زمان و ئەخلاق و دەزگاو یاسادا). مرۆڤ وەختە نەتوانێت لێکیان بکاتەوە: "ئەوەی بە یەکێک لە شارەکان ئاشنا بێت، بە هەموویان ئاشنایە." ئەو شارانە بە ئاشتی پێکەوە دەژین، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە هیچ کامیان داوای گەورەکردنی ناوچەکەی خۆیان ناکەن. لێرەدا **هیثلۆدۆیس** ڕوونی دەکاتەوە کە "یوتۆپیاییەکان خۆیان پتر وەک **چێنەر** وەک لە خاوەنی موڵکەکانی خۆیان دەزانن." ئەو فکرەیەی لابردنی موڵکدارییەتی سەروەری سەرلەبەری کتێبەکەیە. نەهێشتنی خاوەندارێتی دەگاتە ئەوەی کە تەنانەت خانوەکانیش هەموو دە ساڵ جارێک خاوەنەکانیان بگۆڕن، ئەویش بەپێی تیروپشک.

یوتۆپیاییەکان کۆمەڵگایەکی ناوازەن بە یاسا و ڕێسای توندەوە. هەروەها سرووشتی مرۆییشیان لەوە دەچێت جیاواز بێت. بۆ نموونە یوتۆپیاییەکان هیچ پێداویستییەک بۆ تایبەتمەندی ئیندیڤیدوالی نیشان نادەن. سەرجەمی دانیشتوانەکان هەمان بەرگ دەپۆشن، کە بۆ هەموو وەرزەکان گونجاوە. کارکردن لە ڕۆژی شەش کاتژمێردا جێگیرکراوە. تەنانەت کاتی خەو بۆ هەشت کاتژمێر سنووردارکراوە. ماباقی کاتەکە بۆ هەمووان ئازادکراوە، ئەمە لەکاتێکدا یوتۆپیاییەکان کاتی ئازادی خۆیان بەدەم یاری عەقڵانی و مەنتیقییەوە بەسەردەبەن.

له **یوتۆپیا** ئازادییەکی حەقیقی دین سەروەرە. ئەو یاسایە **ئوتۆپوس**، دامەزرێنەری دەوڵەت دەریکردووە تاوەکو ڕێگا بە ناکۆکی لەناو کۆمەڵگاکەدا نەدرێت. **ئوتۆپوس** پێی وابووە:

"ئاسان پێشبینیدەکرێت کە هێزی حەقیقەت دەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆبەخۆ سەربکەوێت و ئاشکرا ببێت، هێندە هەیە دەبێت عەقڵ و جڵەویی لە پشتەوە بێت."

هەتا ئەو ڕادەیەش "ژێرترین بەشی کۆمەڵگاکە" باوەڕیان بە جۆرێکی نادیاریکراوی یەکتاپەرستی نییە،

"بەڵکوو تەنها بە یەک تاقە بوونەوەری ئەبەدی، ناکۆتا، خودایی، کە مرۆڤ لێی تێناگات و لە سەرو توانای تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە و بەناو سەرتاپای ئەو فەلەکەدا ڕژاوە، وەک هێزێکی کاریگەر، نەک وەک قەبارەیەکی ماددی."

وەک مەسەلەی پەیڕەوکردنی دینی، لە دوورگەکەدا هەموو شتەکانی دیکەش ملکەچی عەقڵن. بۆ ئەخلاقیش هەمان شتە، شتێک کە یوتۆپیاییەکان ئامانجی هەموو کردەوەکانی خۆیان دەبینن. چونکە لەڕێی عەقڵەوە مرۆڤ ئەوە بەدی دەکات کە "هەموو کردەوەکانمان، لەناو ئەو کردەوانەدا کردەوە بە ئەخلاقەکانیشمان، دواجار ئامانجیان شادی و بەختەوەرییە."

عەقڵ بنەمای هەموو کردەوەیەکە و دەرگا لەسەر برایەتی و سۆلیدارێتی و ڕەوشتدارێتی و بەختەوەریدا دەکاتەوە.

لەبەر ئەو هۆکارە لە سەرتاپای دوورگەکەدا بەهای بنەچەیی مۆرالی وەک متمانە و تۆلێرانس و پشتپێبەستراوی سەروەرن. دواجار نەهێشتنی خاوەندارێتی تایبەت لە سایەی ئەو بەها بنەڕەتیانەوە بووە. خاوەندارێتی گشتی، پرۆسەی پەروەردەیەکی ئەلتەرناتیڤ کە هەموو شتێک لە خۆ دەگرێت، ڕەتکردنەوەی هەموو فۆڕمێکی خۆشگوزەرانی، ژیانی یوتۆپیاییەکانیان دەستنیشان کردووە. کەوابێت یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی یوتۆپیاییەکان بەرنامەی عەقڵە. لەژیانی ڕۆژانەیاندا سوود لە توانای بەکاربردنی عەقڵیان وەردەگرن. ئەو ژیرییەی کە **موور** لە کارەکەیدا وەسفی دەکات، ژیرییەکی سەربەخۆیە لە وەلی ئەمری کەنیسەییەوە. لەڕێی ئەو بەرنامەیەوە **موور** هەوڵ دەدات نیشانی هاوزەمەنەکانی خۆی بدات، عەقڵ تا چی ڕادەیەکی زۆر لە توانایدایە لە ژیانی ڕۆژانەدا خووە خراپەکان تێپەڕێنێت.

چونکە ئەوەی ژیر بێت، بە وتەی **موور** خۆی لە خووە خراپەکان دوور ڕادەگرێت. لەڕێی عەقڵەوە مرۆڤ هۆشیارترە، چونکە توانای ڕەخنە و خستنە ژێر پرسیاری دۆخی ئان و ساتی هەیە و بەو هۆیەوە بەشدار دەبێت لە ڕاگرتنی هارمۆنییەکی دیاریکراوی نێوان مرۆڤەکان. بەو پێیە ژیان لە **یوتۆپیا** ڕێکخستنێکی ژیر و ڕوونی لەپشتەوەیە. ئەو ژیرییەی کە لە هەموو شوێنێکدا ئامادەگی هەیە، دەبێتە هۆی کۆمەڵگایەکی یەکسان، بە ئامانجی

دامەزراندنی بەرنامەی عەقڵێکی مرۆڤدۆست وەک بەرنامەیەکی دەوڵەتداری. ئەویش ببێتە هۆی کوژاندنەوەی تاک و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سەروەر بەسەر هەمووان‌دا. لەگەڵ ئەوەدا شایەنی باسە کە **تۆماس موور** وەک کەسایەتی ئەدەبی قەناعەتی بە فکرەی سڕینەوەی تاک نەبووە. بۆیە بۆ کاراکتێرە گێڕەرەوەکەی **موور**، کۆمەڵگای یەکسان نابێت بە خۆی و نەریتە توندەکانییەوە ڕێگا لە ئیندیڤیدوالیتی یوتۆپیاییەکان بگرێت یاخود نەیهێڵێت. هەردوو پێوەر، یەکسانی و ئیندیڤیدوالی، دەبێت لە ڕۆژگاداردا بە شێوازێکی هارمۆنی بهێنرێنە دی.
جگە لەوەش یاساییەکی دەستووری لە دوورگەکەدا بە زەحمەت بەدیدەکرێت، چونکە حەق لەوێ زۆر ئاسانە. لەڕاستیدا یاساوڕێسا لە ئارادان، ئەگەرچی کەمێکیش بن. هەموو شتێک ڕادەستی عەقڵ کراوە، بەو دروشمەی کە دەڵێت: هەموو کەس دەزانێت چی کارێک ژیرانە یاخود ژیرانەنترە. وەک ڕەخنەیەک لە ئاڵۆزیی زانستی یاسازانی ئەو سەردەمە، **موور** وەک نووسەر پێچەوانەکەی نیشان دەدات. ئەو شێوازی نوێیەی زانستی یاسازانی لەسەر تەفسیرێکی ئاسانتر و نێزیکتری یاساکان بنیاتنراوە، کە هەموو کەس دەستی پێی ڕادەگات.
بە چەشنێکی خۆپارێزتر لە **موور**، فەیلەسووفی سۆسیال **یورگن هابرماس** کاری لەسەر کێشەی یوتۆپیا و بەرنامەسازی عەقڵەکەیدا کردووە. سەرتاپای بیرکردنەوە و

کارەکانی تا ڕادەیەک بۆ پرسە بەناوبانگە کۆنەکەی یوتۆپیا تەرخانکردووە. چونکە بیرکردنەوەی **هابرماس** بە دەوری پرسی تیۆرییەکی سەرکەوتووی کۆمەڵگا و هەلومەرج و نۆرمگەلێکدا دەخولێتەوە بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەکی باشتر. پڕۆگرامی یوتۆپیای **هابرماس** ڕوونتر لە هەموو کارەکانی لە (تیۆری کرداری لێکتێگەیشتن) دا دەخرێتەڕوو، لەکاتێکدا لەوێ بە مانای وشە دەست نابات بۆ پرسی یوتۆپیا.

**دوو: دەستەواژەی یوتۆپیا لای هابرماس**

لەڕێی پەیبردن بە تەشەنەی کۆمەڵگاوە، **هابرماس** دەگات بە دەستنیشانکردنەوەیەکی نوێ، یاخود داڕشتنەوەی کێشەی یوتۆپیا، چونکە "کۆمەڵگایەک تەنها بریتی نییە لە سیستەمی خۆهێشتنەوە. سرووشتێکی جەزاب خۆی لە بازنەی ئەرکی خۆهێشتنەوە ئازادکردووە و داوای بەدیهێنانی یوتۆپیایی دەکات."

لە چوارچێوەی پڕۆگرامی یوتۆپیاکەیدا، **هابرماس** دەگەڕێت بەدوای کۆمەڵگایەکی ئایدیالدا، یاخود کۆمەڵگایەک کە لەڕێی لەیەکتێگەیشتنەوە سەربەخۆ بێت. لەلای ئەم، فکرەی کۆمەڵگایەکی باشتر پڕۆگرامێکی کۆنکرێتی یوتۆپیا بنیاتنانێت، بەڵکوو ئایدیالی لەیەکتێگەیشتنێکی بێ ئاغا و کوێخا. **هابرماس** هەلومەرجەکانی لەیەکتێگەیشتنی بێ ئاغا و کوێخا بۆ چێوەسازییەکی گونجاوری یوتۆپیا ڕووندەکاتەوە. بۆیە لێرەدا دەستبەرداری جیگیرکردنێکی

ناوەڕۆکی یوتۆپیا دەبێت. بۆ ئەو تەنها کۆمەڵگایەکی سەربەخۆ وەک ئایدیالێک لە توانایدایە، هەلومەرجەکانی مومکینیی لێکتێگەیشتنێکی ئازاد لە فەرمانڕەوا بەدی بکات و بیرکرنەوەی ڕەخنەیی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵگا بەکاربهێنێت. وەک چوارچێوەیەک بۆ خستنە بواری جێبەجێکردنی پرۆگرامی یوتۆپیاکەی بۆ کۆمەڵگایەکی باشتر، هابرماس تیۆری مشتوومڕی کۆمەڵگا و ئەو داوایانەی کە لێی دەکەوێتەوە و دەبێت لە کرداری لێکتێگەیشتندا سووک و ئاسان بکرێنە مەرج، پێناسە دەکات.

**هابرماس** پرۆگرامی دیسکۆرسەکەی دابەش دەکات بەسەر دوو تیۆریدا: **دیسکۆرسی پراکتیک** لەلایەک، **دیسکۆرسی تیۆری**یش لەلایەکی دیکەوە. لە دیسکۆرسی پراکتیکیدا باس لە دامەزراندنی نۆرم دەکرێت، لەکاتێکدا لە دیسکۆرسی تیۆرییدا حەقیقەت یاخود ڕاستودروستیی بابەتی سەرەکی باسەکەن. لەسەر دەستی ئەو دوو بەشکردنە، هابرماس لە هەرکەسێکی دیکە زیاتر لە کێشەی نەریتیی یوتۆپیا نێزیک دەبێتەوە – یوتۆپیاکان ئامانجیان پێکانی داڕشتنی نۆرمی گونجاوە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی باشتر. بەڵام **هابرماس** لە یوتۆپیای کۆنی نەریتی دووردەکەوێتەوە، کاتێک لەڕێی سنووربەزاندنی دەستەواژە باوەکەی یوتۆپیاوە دەستەواژەیەکی نوێی یوتۆپیا دەخولقێنێت. ڤێرژنەکەی **هابرماس** سەرنجی لەسەر سەرەتای بنیاتنانی

یوتۆپیایە. **یوتۆپیای هابرماس**ی، دەبێت وەک یوتۆپیایەک لێی حاڵی بین، کە هێنانەدیی مومکین بێت. لای ئەو ڕادەی کشانی خۆزگەی یوتۆپیایی هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ سنووری مومکین. بەو پێیە یوتۆپیای هابرماسی پەیوەستە بە میتۆدەوە. بەوەدا کە هێڵ بەژێر میتۆددا دەهێنێت و یوتۆپیا دەخاتە ناو ڕەوتی میتۆدەوە، بە چەشنێکی واقیعی چەق لە یوتۆپیا دەسەنێتەوە و پارچەپارچەی دەکات. لەگەڵ ئەوەدا واز لە ڕەهەندەکانی دواڕۆژ و داڕشتنە ناوەڕۆکیی نۆرمەکان دەهێندرێت، کە هەردووکیان لە پەیڕەوی یوتۆپیایی باشترین دەوڵەت و ژیانی باش و سەربەخۆیی سەرکەوتوودا هەبوون. سەبارەت بە نزیکی و جیاوازیی **هابرماس** لە یوتۆپیای کلاسیکی، **پیتەر برێنەر** دەنووسێت:

"لەجێی دامەزراندنی ناوەڕۆکی ماددیی نۆرم، تەنها زەرووریەتی دامەزراندنی میتۆدێک دێتە ئاراوە، کە بتوانرێ لەڕێی ئەو میتۆدەوە ناوەڕۆکەکان بە فەرمی تاقیبکرێنەوە."

جەوهەری یوتۆپیای هابرماسی کەمتر لە گەڕان بەدوای وێناگەلی کۆمەڵگایەکی باشی عادل و مۆڕاڵی پێکهاتووە، بەڵکوو زیاتر لە دامەزراندنی میتۆدێک، کە تیایدا نۆرمە فەرمییەکان سەرەتا لە هەنگاوی دووهەمدا دەدۆزرێنەوە. لای **هابرماس** یوتۆپیا لە دیسکۆرسدا جێگای دەکرێتەوە، واتا خودی دیسکۆرس ئەو بۆشاییەیە، کە تیایدا لە

فۆرمێکی تێڕاماندا هەوڵدەدرێت پێکهاتنێک لەنێوان بەشداربووەکاندا بە ئەنجام بگەیەندرێت. کەوابێت یوتۆپیا لە فۆرمێکی گفتوگۆدا دەخرێتە ژێر باسەوە. بۆ ئەو مەبەستە هابرماس **ئێتیکی دیسکۆرس** وەک بۆشاییەک بۆ فکری یۆتۆپیایی تەشەنەپێدەدات. **هابرماس** خاڵەکانی **ئێتیکی دیسکۆرس** بەم شێوەیە پێناسەدەکات:

"ستراتیجییەتی دیسکۆرسی ئێتیک، بۆ بەدەستهێنانی جەوهەرەکانی مۆڕالێکی یونیڤێرسال لە هەلومەرجەکانی لێکتێگەیشتنەوە، لەبەرئەوە بەڵێنی تیادا بەدیدەکرێت، چونکە دیسکۆرس بەرجەستەی فۆرمی لەیەکتێگەیشتنێکی چڕتر و تێپەڕێنەری فۆڕمگەلێکی کۆنکرێتی ژیانە، کە تیایدا پێشمەرجییەکانی کرداری لێکتێگەیشتن دەگشتێندرێن، سنوورەکانیان لێدەردەکرێت، واتا بە چەشنێک – کە هەموو ئەو سوبێکتانەی توانستی زمان و کرداریان تیادایە، لەخۆ بگرێت – بۆ سەر فۆرمی کۆمەڵگەیەکی لێکتێگەیشتن بەرین بکرێت."

بنیاتسازی یوتۆپیا لای **هابرماس** لە دیسکۆرس و ئەو کۆمەڵگای لێکتێگەیشتنەی کە لێی دەکەوێتەوە، ڕوودەدات. دیسکۆرس بەپێی **هابرماس** "کردارێکی لەیەکتێگەیشتنە کە بووە بە جۆرێک لە کرداری بیرکردنەوە"، کە توانای یوتۆپیاییەکەشی توانایەکی بیرکەرەوەیە. هابرماس دەستبەرداری ئەوە دەبێت، ئایدیال بەناو ئایندەدا پەخشبکاتەوە. لەبەر ئەو هۆیە تایپێکی نوێی یوتۆپیا

دادەمەزرێنێت، کە لە یاساوڕێساکانی پراکتیکی کۆمونیکاتڤەوە (کرداری لەیەکتێگەیشت) بەدەستدەهێنرێت. یوتۆپیای **هابرماس** بڕیار نییە جووداکردنەوەیەک بێت، بەڵکوو ئایدیالێک شایەنی کۆشش بێت، کە دواتر وەک بنەما یاخود ماکسیم هەڵسوکەتی مرۆڤەکان ئاراستەبکات. بۆ ئەو مەبەستی ئانتی دۆگماتیزەکردنە پشت بە زانستی کۆمەڵناسی دەبەستێت و بەشە تیۆرییە پەیوەندیدارەکانی لێ دەردەهێنێت. لەو ڕێگایەوە توانیوویەتی زەمەن لە یوتۆپیا و کەونێتییەکەی بستێنێتەوە.

دیسکۆرسی پراکتیکی–یوتۆپیایی ڕێگای گەڕان بەدوای ناوەڕۆکگەلی گشتی بە **هابرماس** دەدات، کە مافی دروستییەکی فەرمیان هەبێت و لە دەرئەنجامی ئەوەوە دەرگا بەسەر باشکردنی فۆڕمی کۆمەڵگادا بکەنەوە. نۆرمەکانی ناو دیسکۆرس دەبێت کاراکتەرێک لە خۆ بگرن، ڕێککەوتنی دوو لایەنەی تێپەڕاندبێت، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو پێداویستییە داڕێژراوانەی کە کاراکتێرێکی کەونییان هەیە. ئەو سروشتە یونیڤێرسالییە وای لێدەکات توانای گشتگیرکردنی هەبێت. بەو سروشتی یونیڤێرسالییەی نۆرمەکان **هابرماس** پێوەرێکی داهێناوە، کە دۆخێکی ناوازە دەدات بە نۆرمەکان. **هابرماس** دیسکۆرسی پراکتیکی–یوتۆپیایی بەسەر چوار پلەدا بەش دەکات، بەوەش دەیەوێت ڕێخۆشکاری بۆ سۆبییێکتی تەسەروفکار بکات بۆ بیرکردنەوە لە خود:

پێخستنە ناو دیسکۆرسەوە:
" ... پەڕینەوەی ئەو نۆرمە کێشەلەسەرانەی کە خۆشیان تەسەرووف بەرجەستەدەکەن، بۆ بەری لایەنگریی یاخود ڕەتکردنەوەی کتومت ئەو نۆرمانەیە. مەبەست لە دەرئەنجامەکەشی ئەوەیە، کە مافی ڕاستودروستی کۆنترۆڤێرشل (پێچەوانە) ببێتە ناوەڕۆکی دیسکۆرسەکە."
دیسکۆرسی پراکتیکی:
"جێبەجێکردنی موبەریری تیۆریی نۆرمە کێشەلەسەرەکان ... ئەویش لەگەڵ هێنانەوەی لانی کەم یەک ئارگومێنتدا لە داخلی سیستەمی زمانە هەڵبژێردراوەکەدا."
دیسکۆرسی میتاتیۆریی یاخود میتاپۆلیتیکی:
" ... پەڕینەوە بۆ دەستکاریکردنی سیستەمی زمانێکی هەڵبژێردراو یاخود ڕوونکردنەوەی شیاویی سیستەمی زمانێکی بەدیل."
بنیاتسازی ئیرادەی مەعریفەیی–سیاسی:
" ... پەڕینەوە بۆ بیرکردنەوە لە مەرجێتی پێکهاتەی پێداویستییەکانمان بەپێی ئاستی زانست و توانستمان، ئەویش بەنیازی ئەوەی کە ڕێگا بۆ تەفسیرێکی پێداویستییەکان لە چەقی ئەو زانیارییە بەردەستانەدا خۆشبکرێت سەبارەت بەو مەودای مومکین و کردەییەی کە بەڕاستی لەبەردەستدایە."
بۆ پرسی شەرعیبوونی دیسکۆرسەکە، هابرماس ڕێککەوتنی ڕاستەقینە لە ڕێککەوتنی نادروست جودا

دەکاتەوە، ئەویش لەڕێی بەدەستوورکردنی دۆخێکی ئایدیالی زمانەوە:

کاراکتێریستێکی ڕێککەوتنێکی ژیرانە بەوەدا دەناسرێتەوە، کە هەموو جۆرە شێواندنێکی لەیەکتێگەیشتنی لێ دەرکراوە. بۆ ئەو مەبەستە هابرماس ناوی چوار مەرج بۆ بەدیهێنانی دۆخێکی ئایدیالی زمان دەهێنێتەوە:

"هەموو بەشداربووەکانی دیسکۆرس دەبێت لەڕووی بەکارهێنانی کردەی زمانەوانی کۆمەنیکاتیڤەوە هەمان دەرفەتی بدرێتێ، بەشێوەیەک کە هەمووان هەرکاتێک بیانەوێت دیسکۆرس دەستپێبکەن و لەڕێی قسە و دژەقسە، پرسیار و وەڵامەوە لە دیسکۆرسەکەدا بەردەوام بن."

یەکسانی دەرفەت لە تەشکیلی تەفسیر و تێز و پەسەندکردن و ڕوونکردنەوە و موبەریردا، لەگەڵ دەرفەتی کێشە دەستنیشانکردن، سەلماندن، یاخود هەڵوەشاندنەوەدا تاوەکو " ... هەموو جۆرە ڕایەک یاخود حوکمێکی پێشینە بۆ هەمیشە لە تێم و ڕەخنە دووربخرێنەوە."

قسەکەری دیسکۆرسەکە تەنها ئەوانەن،

" ... وەک تەسەروفکار خاوەنی دەرفەتی یەکسانن، بە ڕێکخراویی سوود لە کرداری قسەکردن وەربگرن واتا فەرمان بدەن و بەرهەڵستی بکەن، ڕێگابدەن و قەدەغەییش ڕابگەیەنن ..."

لە دیسکۆرسدا دۆخی ئایدیالی قسەکردن ڕۆڵێکی تەنزیمی دەبینێت. ئەویش سەرەتا لە گفتوگۆکردندا مانای پڕاوپڕی

خۆی بەدەستدەهێنێت، لەپاش ئەوەی لە یەکەم کرداری قسەکردندا بە کردەوە دروستییەکەی ڕادەگەیەندرێت. لە دیسکۆرسدا دەبێت دۆخی ئایدیالی قسەکردن وەک بەدیهێنراو قبوڵ بکرێت یاخود پێشبینیبکرێت. کەوابێت هابرماس وێنای یوتۆپیاکەی خۆی لەسەردەستی ئەو تیۆری پێشبینیکردنە بنیاتدەنێت و بەوەش دەیەوێت بیسەلمێنێت، کە دەبێت ئەو پێشبینیکردنە لە هەموو کردارێکی لەیەکتێگەیشتندا بەکاربهێنرێت. بە تیۆری پێشبینیکردنی دۆخی ئایدیالی گفتوگۆ هابرماس وەڵامی کێشە دێرینەکە دەداتەوە – کە دەڵێت: ئایا لە شوێنێکی دیاریکراو یاخود ئایندەیەکی دیاریکراودا تووشی یوتۆپیا دەبین؟ – ئەویش لەڕێی ئەوەوە کە یوتۆپیا دەخاتە "دۆخی ئایندەیەکی ئێستائامێز"ەوە.

جەوهەری نەخشەسازی تیۆری لێکتێگەیشتنەکەی هابرماس بریتییە لە بەدیکردنی داوای دروستیی لە دۆخی گفتوگۆدا. بەڵام ئەو تەڵەبی دروستییە تەنها کاتێک دەتوانێت کاراکتێریستێکی دروستی لە خۆبگرێت، گەر هەموو سنورەکان لابرابن. هابرماس ئەو تەڵەبی دروستی یان ڕاستیە لە دیسکۆرسی تیۆریدا بەکاردەهێنێت. بۆ ئەو، ئەو داوای دروستییانە لە هەموو دۆخێکی گفتوگۆدا یان ڕوون و ئاشکرا دەخرێنەڕوو یان ئەوەتا بەبێ گوتنیش لەڕووی مەنتیقییەوە دەبێت حیسابیان بۆ بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە کرداری لەیەکتێگەیشتندا و بەشێوەیەکی

بنەڕەتی لە دیسکۆرسدا دەتوانرێت بسەلمێندرێن یاخود ڕەخنەیان لێ بگیرێت. هەروەها هابرماس ئاماژەی فکرەی وتاری ژیرانە دەدات بە زمان ئەویش لەڕێی تەڵەبی دروستی یاخود ڕاستیەوە، بۆ ئەوەی تایبەتمەندی بێلایەنی بدات بە خۆی:

"هەرچی جۆرە سیستەمێکی زمان هەڵبژێرین، هەمیشە ناخودئاگایانە وای دادەنێین، کە حەقیقەت تەڵەبێکی دروستیی کەونیی بێت."

ئەو تەڵەبی دروستییانەی کە لە زماندا هەن، ئەنجامی ئەوەیان لێ دەکەوێتەوە کە بنچینەی دروستیی پێوەریی دیسکۆرس و ئەو نۆرمانەی کە لێی دەکەونەوە، لەلایەن پێکهاتەی گفتوگۆکەوە بە شێوازێکی بنەچەیی ئاراستەدەکرێن. هابرماس ئەو بنچینەی دروستییەی قسەکردن دەخاتە ناو پراگماتیکێکی کەونییەوە، بەو ئامانجەی،

" ... کە هەر تەسەروفکارێکی لەیەکتێگەیشتن لە جێبەجێکردنی هەر کردارێکی قسەکردندا بێت، دەبێت تەڵەبی دروستیی کەونی و مافی بەکارهێنانەکەی بقۆزێتەوە."

ئەو داوای دروستیی یونیڤێرساڵ تەنها بە چەشنێکی **باڵا** ناسەلمێنێت، بەڵکوو لەڕێی ئارگومێنتی فکری و ئەزموونیشەوە:

"لەبەر ئەو هۆکارە دۆخی (تەڵەبی دروستییەکان) کەمێک لێڵ دەبن: چونکە دەیانەوێت لە (گشتاندنێکی ئەزموونی) زیاتر بن و هەمانکاتیش لە پێوەری **بالآیی** کەمتر بن – کتومت ئەو دەستەواژە گشتگیرانەی کە مرۆڤ لەسەر ڕێی بنیاتنانەوەیەکی عەقلانیدا بەدەستی دەهێنێت."

لای هابرماس بنیاتسازی یوتۆپیا لەسەر ئێلێمێنتی ئەزموونیی بنیاتنراوە. لەبەر ئەو هۆکارە بە شێوەیەکی کۆنکرێت پشت بە شیکاریی کۆمەڵگای جیهانی ڕۆژئاوا یاخود مۆدێلی کۆمەڵگەیی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا دەبەستێت. لەگەڵ پەیبردن بە بنیاتسازی یوتۆپیاکەیدا بۆی دەردەکەوێت، کە گەورەترین مەترسی کۆمەڵگا لەو بیرۆکراسییەتەی کۆمەڵگادایە کە هەتا دێتو بەربڵاوتر دەبێت. ئەو بەبیرۆکراسیکردنە پشێوییەک لە پێکهاتەی لەیەکتێگەیشتنی مرۆڤدا دەنێتەوە. هابرماس بەو نەخۆشییە دەڵێت "تێزی داگیرکاری ناخ". لە شیکردنەوەیەکیدا دەڵێت:

"سەبسیستەمی دارایی و دەوڵەت بەهۆی تەشەنەکردنی سەرمایەدارییەوە هەردێتو ئاڵۆزتر دەبێت و هەردێتو قوڵتریش ڕۆدەچێتە ناو زاووزێی جیهانی ژیانەوە."

لەسەرو ئەوەشەوە کۆنسێپتی بەعەقلانیکردنی جیهانی ژیان جەوهەری بیکردنەوەی هابرماسە. بۆ ئەو واتای چەق سەندنەوە لە وێنەکانی جیهان. لە شیکارییەکی کۆمەڵگادا بە عەقلانیبوونێکی جیهانی ژیان لە ڕەوتی تەشەنەی ئیڤۆلیوشنەریدا بۆ دەردەکەوێت، کە لە زیادبووندایە،

دەرئەنجامەکەشی ئەوەیە کە وێنەی مۆدێرن و ڕۆژئاوایی جیهان وەک وێنەیەکی لە چەق لابردوو دەستنیشان دەکرێت. کۆنسێپتی جیهانی ڕووکەشی و ئەبستراکت جێگای خودایانەیان گرتووەتەوە کە دەستنیشانکەری جیهانی ژیان بوون، کۆنسێپتگەلێک کە مامەڵەیەکی بیرکەرەوانەی بەشداربووانی لەیەکتێگەیشتنەکە لەگەڵ واقیعدا مومکین دەکەن. پیشمەرجی بۆ ئەو کردارە بیرکەرەوەیە لەگەڵ واقیعدا، جوداکردنەوەیەکی سەرسەختانە لەنێوان هەردوو واقیعی زمان و جیهان،

" ... واتا لەنێوان ناوەندی ئیتیسالاتی زمان و ئەوەی، کە لەڕێیەوە لە ئیتیسالاتێکی زمانەوانیدا تێگەیشتنێک بەدەستبهێنرێت."

هابرماس هەوڵدەدات ئەو چەق سەندنەوانە لە وێنەکانی جیهان وەک پڕۆسەیەکی بە کۆمەڵی فێربوون وەسف بکات. لەڕێی کۆنسێپتی بە عەقڵانیبوونی جیهانی ژیانەوە هابرماس شیکاری **ڤێبەری** بۆ پڕۆسەی بەتاڵکردنەوەی ئەفسوونی کولتووری لەڕێی کەرەستەی تیۆری ئیتیساڵاتییەوە، سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوە.

**سێ: ئەنجام**

تارماییەکانی کۆنسێپتی یوتۆپیا و بەرنامەی یوتۆپیا بەپێی **هابرماس** ڕوون و ئاشکرا بەدیدەکرێن. ئەو نوێنەری فکرەی یوتۆپیای کۆمەڵگایەکی ئایدیالە بەمانای کۆمەڵگایەکی سەربەخۆ. ڕێگاکەش بەرەو ئەو سەربەخۆییە لەسەر دەستی (تیۆری کرداری ئیتیسالات)ەکەی باس دەکات. **هابرماس** یوتۆپیاکەی خۆی وەک یوتۆپیای عەقڵێکی کۆمیونیکاتیڤ(یەکتێگەیەندەر) دەبینێت. لەبەر ئەو هۆکارە دیسکۆرس لە کۆنسێپی یوتۆپیای هابرماسدا ڕۆڵێکی هێندە گرنگ دەگرێتە دەست. چونکە دیسکۆرس ڕێگا بۆ پرۆسەیکەی ڕەخنەئامێزی پەیوەندی گشتی دەکاتەوە. دیسکۆرس چەند گرنگ بێت، زمان لەو گرنگترە. **هابرماس** لە زماندا تاکە ناوەندی کۆمەڵگایەکی ئیتیساڵی دەبینێت، ناوەندێک کە تێپەڕاندنی دیالێکتیکی عەقڵ مومکین دەکات. لەڕێی ئێتیکی دیسکۆرسەکەیەوە و ئەو دۆخە ئایدیالەی گفتوگۆکردن، کە ئەویش لەڕێی دیسکۆرسەکەوە قبوڵدەکرێت، **هابرماس** نیشانە لە بەدیهێنانی یوتۆپیاکەی خۆی دەگرێتەوە.

چونکە بەپێچەوانەی **موورەوە**، **هابرماس** یوتۆپیا وەک ئامانجێک دەبینێت، کە مرۆڤ دەستی پێی دەگات و هاوزەمەنەکانی لەتوانایاندایە بەدیبهێنن. هەروەک لای **مووریش**، پرۆگرامی یوتۆپیاکەی **هابرماس** لە خزمەتی ڕەخنەی جیهانی ژیاندایە. لەگەڵ "تیۆری کرداری

لێکتێگەیشتن" دا هاوزەمەنەکان دەرفەتی ئەوەیان هەیە، بە چاوێکی بێلایەن و بنیاتنەرانەوە لە پێکهاتە گشتییەکانی جیهانی ژیانی خۆیان بڕوانن. فکرەی کۆمەڵگایەکی ڕەخنەگر هاوتای ئەو فکرەیە، کە **هابرماس** لە کۆمەڵگایەکی ئایدیالی دەکاتەوە. بەو تیۆرییە **هابرماس** توانیوویەتی بەکردار ئاراستەی مشتوومڕەکانی یوتۆپیا بگۆڕێت. چونکە ئەگەرچی دەستەواژەی یوتۆپیاکەی **هابرماس** – ئەوەی بە دەوری مەسەلەی عەقڵدا دەخولێتەوە – پەیوەندی لەگەڵ نەریتی یوتۆپیادا دەبەستێت، توانیویەتی بەرنامەسازییەکی نوێ بۆ عەقلانییەت سەبارەت بە داڕشتنەوەی بەرنامەی عەقڵ تەشەنەپێبدات. ئەو فۆڕمە نوێیەی عەقلانییەتی ئیتیسالی حساب بۆ بنچینەی مێژوویی–ئەزموونیی یوتۆپیا دەکات. **هابرماس** بەرنامەی یوتۆپیاکەی تەنانەت بە جووداکارییەکی ڕوونەوە هەم لە نەریتی کلاسیکی یوتۆپیا و هەم لە تیۆریسازەکانی کۆمەڵگا لە **مارکس**ەوە هەتا **ڤێبەر**، دادەڕێژێت، ئەویش لەڕێی ئاڵوگۆڕپێکردنی دەستەواژەی یوتۆپیایی "کار" بە دەستەواژەی لەیەکتێگەیشتن (کۆمیونیکەیشن)،

"چونکە لەگەڵ گۆڕینی ئەو پارادایمە لە کۆمەڵگەیەکی کارەوە بۆ کۆمەڵگایەکی پەیوەندیگەر جۆری پەیوەستبوونیش بە نەریتی یوتۆپیاوە دەگۆڕێت."

هەم **هابرماس** و هەم **موور** بۆ وێناکانی یوتۆپیایان پرۆسەیەکی دیالێکتیکی بەکاردەهێنن. لە **یوتۆپیادا** کتێبی

یەکەم و دووهەم چوارچێوەکەی پێکدەهێنن: لە کتێبی یەکەمدا سەرنج لەسەر ڕەخنەی کۆمەڵگای ئینگلیزییە لە سەدەی شانزەدا، لەکاتێکدا کتێبی دووهەم نەخشەسازییەکی دژ نیشان دەدات. بەڵام بەڕای من کارێکی هەڵەیە گەر مرۆڤ هەوڵبدات دەوڵەتە ئایدیالەکەی **یوتۆپیا** و کۆمەڵگاکەی وەک باشترین ئایدیال تەفسیر بکات. **موور** و **هابرماس** پتر هەوڵدەدەن لەسەردەستی بنیاتسازییەکی دیالێکتیکییەوە، کە لەڕێی دیسکۆرسەوە مومکینە، هاوزەمەنەکانی خۆیان بخەنە ململانێیەکی ڕەخنەئامێزەوە، بۆ گەیشتن بە ڕەخنەیەکی تەندروست و بەتایبەت عەقڵانی. کۆمەڵگای ئایدیالی یوتۆپیاییەکان بەبێ چەندوچوون لەسەر جیهانی ژیانی واقیع پیادەناکرێت. ئەوە نیازی **موور** نەبووە. کۆمەڵگا ئایدیالەکە پتر لە تێکەڵەیەکی پێکهاتە بەردەستەکانی دەوڵەتی ئینگلیزی سەدەی شانزە و ئەوانەی دەوڵەتە خەیاڵییەکەی **یوتۆپیا** دروستبووە. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە **موور** کتێبەکەی بەم دەربڕینە کۆتایی پێدەهێنێت: "ئەوەی کە لە دەستووری یوتۆپیاییەکاندا شتگەلێکی زۆر هەن، کە حەزدەکەم بخرێنە ناو دەوڵەتەکانی خۆمانەوە."، بەڵام ئەوەشی بۆ زیاد دەکات کە شتێکی لەو جۆرە "بەڕاستی پتر خۆزگەیە وەک لە هیوا."

وشەگەلی "**خۆزگە**" و "**هیوا**" لەڕاستیدا لەڕووی ناوەڕۆکەوە واتایەکی لەیەکچوویان هەیە، بەڵام ئامانجیان هەمان کاریگەریی نییە. دەستەواژەی "خۆزگە" مەرج نییە فکرەی

بەدیهاتن لەخۆ بگرێت، لەکاتێکدا "هیوا" بە جۆرێکی دیاریکراو کردەنیتر دەردەکەوێت و بنچینەی لە بەدیهێنان نزیکترە. بەڕای من لێرەدا دەوڵەتی **یوتۆپیا** دەوڵەتێکی ئایدیالە، بەڵام تەنها بۆ خەڵکانی وەک یوتۆپیاییەکان. چونکە، وەک لەسەرەوە ڕوونمکردەوە، بەگشتی یوتۆپیاییەکان وەک مرۆڤگەلی ئایدیال یاخود وەک کۆمەڵگایەکی ئایدیال دەردەکەون. بۆ مرۆڤی لەو جۆرە و کۆمەڵگای لەو جۆرە دەوڵەتی **یوتۆپیا هیوایە**، بە مانای ئەوەی کە کۆمەڵگە و مرۆڤی لەو جۆرە ئامانجیان ڕێتێچوویی بەدیهێنانێکی ئەو فۆرمی دەوڵەتدارییە یوتۆپیایی و ئایدیالەن. بەڵام بۆ کۆمەڵگاکانی ئێمە هەموو ئەو یاسایانەی کە لە یوتۆپیا ئامادەگییان هەیە، پتر "خۆزگە"یەکن، بەبێ ئەوەی ئامانجی بەدیهێنانی بەڕاستی بەهەند وەربگرین. لەبەر ئەو هۆکارە بۆ کۆمەڵگاکانی ئێمە شتێکی جیاواز لە دەوڵەتی **یوتۆپیا** جێگای هیوایە، شتێک کە بکرێت، وەک ئەوەی **یورگن هابرماس** لە "تیۆری کرداری لەیەکتێگەیشتن"دا هەوڵیداوە تەشەنەی پێبدات. بەو مانایە مرۆڤ دەتوانێت لە پرۆگرامی یوتۆپیاکەی هابرماسدا جۆرێک لە درێژەی **یوتۆپیا**کەی **موور** بەدیبکات.

# موور وەک توانجبازێکی لیبڕاڵ؟

## ڤانێس شێل

دەبێت کتێبی **یوتۆپیا**کەی **تۆماس موور** لەسەر ئەو پاشخانە شیبکرێتەوە. لێرەدا ئەوەی سەرنجڕاکێشە خودی یوتۆپیاکە نییە، بەڵکوو ئەو جۆر و چەشنەی سەرنجڕاکێشە کە **موور** نمایشی دەکات. ئەو پرسیارەی کە لێرەدا ڕەوایە ئەوەیە، ئاخۆ دەتواندرێت **موور** وەک توانجبازێکی لیبڕاڵ وەسف بکرێت. کتێبەکەی **تۆماس موور** وەک گوتارێکی فەلسەفیی نا، بەڵکوو وەک کارێکی ئەدەبی خۆی نماییش دەکات. نووسەر حیکایەتێک لە فۆرمی دیالۆگێکدا دەگێڕێتەوە. **تۆماس موور** خۆی وەک کاراکتێرێکی ئەدەبی لەگەڵ **ڕافایل هیثلۆدۆیس**ی ڕۆشنبیر، کە گەشتیی دووری کردووە، قسەدەکات. لەسەر پەڕەی ناونیشانەکە خوێندنەوەی ئەو نووسینە بە وشەگەلی وەک "شیفابەخشییەکەی لە کورتخایەنییەکەی کەمتر نییە" پەسەند دەکرێت. وشەی "شیفابەخش" ئاماژەی ئەوەیە کە داوا لە خوێنەر دەکرێت، لە تێکستەکەوە دەرفەتی فکرەی دیکە هەڵهێنجێت، تاوەکو بە بۆچوونی نوێ جێگای بۆچوونی هەڵە و سەهوو بگرێتەوە. لەسەر پەڕەکانی سەرەتای تێکستەکە هەڵوێستی توانجبازییانەی **موور**

جارێکی دیکە تۆخ دەکرێتەوە، چونکە وەک کاراکتێرێکی ئەدەبی دەرفەتی بەسوودیی کولتووری بێگانە بۆ کولتووری خۆی نیشان دەدات:

"ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەرفەتم هەبێت، بەتایبەتی ئەو شتانە بگێڕمەوە، کە زانینیان سوودی هەیە؛ یەکێک لەوانە بەتایبەتی ئەو شتانەن کە ئەو (مەبەستی لە ڕافایل **هیثلۆدۆیسە**) لە ڕێوشوێنی سیاسیی نایاب و ژیرانە لەسەردەستی ئەو گەلە بەڕەوشتانە پەی پێبردوون. ... گەر لای ئەو گەلە نەناسراوانە هەستی بە دەزگای نادروستییش کردبێت، ئەوا بۆ گێڕانەوە کەمی شت شک نەبرد، بە جۆرێک کە بتواندرێت لە خزمەتی شار و گەل و فەرمانڕەواکانی خۆماندا وەک نموونە بکاربهێندرێن، تاوەکو هەڵەکانی خۆمان ڕاستبکەینەوە."

لێرەدا لەوە دەچێت **موور** داوا لە خوێنەر بکات، وەک دەرفەت بیر لە پێشنیارە سیاسییەکانی **ڕافایل هیثلۆدۆیس**ی هاوگفتوگۆی بکاتەوە، ئەگەرچی لە سەرەتادا ناواقیع دەرکەون. ناوی (چەنەباز)ی لە کاراکتێری **هیثلۆدۆیس**، کە باسی کولتووری نەناسراو و بەعەقڵدانەچوو دەکات، ناوە. بەڵام ئاماژە بەوە دەکات، کە سەرەڕای ڕووکەشی ناواقیعی حیکایەتەکان دەتواندرێت سوودیان تیا بدۆزرێتەوە. **موور** لە جارێک زیاتر **هیثلۆدۆیس** وەک ڕاوێژکاری پادشا پەسەند دەکات، چونکە دەکرێت، چ لە

بەرژەوەندی تایبەت و چ لە بەرژەوەندی گشتیدا، سوود بە مرۆڤەکانی دیکە بگەیەنێت.

ئەو سەرنجەی، کە **موور** بەوە داوای ڕووکراوەیی بەسەر فکرەی نوێدا دەکات، پشتقایمتر دەکرێت، کاتێک مرۆڤ لە مۆنۆلۆگەکەی **ڕافایل هیثلۆدۆیس** ڕادەمێنێت، کە تیایدا هاتووە: زۆرێک لە مرۆڤەکان ئەوەیان سەیرە هیچ کامیان دۆی خۆیان بە ترش نازانن:

"بێگومان، ئەوە شتێکی سرووشتیە کە هەر کەس فکرەکانی خۆی بەلاوە باشترینە. بەو چەشنە قەلەڕەش مەفتوونی جووجەڵەی خۆیەتی، مەیمونیش بە دیمەنی بەچکەی خۆی شادە. بۆیە گەر یەکێک لەم بازنە خەڵکەدا، کە هەمیشە ئیرەییان بە بۆچوونی نامۆ دێت یاخود بەردەوام کەیفیان زیاتر بەوەی خۆیان سازە، شتێک بهێنێت، کە لە خوێندنەوەی ڕووداوگەلی زەمەنی دیکەوە یاخود دنیابینی وڵاتانی بێگانەوە پێی ئاشنا بووبێت، ئەوا گوێگرەکان وا هەڵسوکەوت دەکەن، وەک ئەوەی سەرتاپای ناوبانگی داناییان کەوتبێتە لەقەلەق، گەر بێتو بۆ سووککردنی ئەو شتە، دەستبەجێ شتێکی دیکە نەدۆزنەوە."

لەپاش ئەو هەڵمەتی هەستیارکردنە بۆ توانج، **موور** سەبارەت بە چەند هەلومەرجێکی ئەوکاتی بەریتانیا چەند وەسفێک دەدات، ئەوەش شانبەشانی کۆمێنتی **هیثلۆدۆیس**.

وەسفگەلی لەو جۆرە، وەک **ڕۆڕتی** دەڵێت، دەتوانن گالیسکەی گۆڕانکاری مۆڕاڵی بن. بەهۆی بنیاتی کتێبەکەوە،

که تیایدا **موور** وەسفی ئاشنا و عەقڵبڕیوی واقیع دەخاتە بەرامبەر جیهانێکی نامۆ و خەیاڵی، خوێنەر ناچاردەکرێت بەراوردی هەردوو جیهان بکات. شانبەشانی ناکۆکی لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ **ڕافایل هیثلۆدۆیس** هەق نییە ببێت بە ڕاوێژکاری پادشا، بەردەوام ئەوەش ڕووندەکرێتەوە، کە مرۆڤەکان چەندیان پێ ناخۆشە کولتوور و بۆچوونی بێگانە وانەیان دابدات. موور وەک فیگەرێکی ئەدەبی هەوڵ دەدات **هیثلۆدۆیس** ڕازی بکات، کە لەڕاستیدا ئەرکی سەر شانییەتی بە ئامۆژگارییەکانی خزمەتی گشتی بکات، پێی دەڵێت، گەر نەتوانێت ئەو پێشنیارانە ڕاستەوخۆ پێشکەش بکات، چونکە گوێی بۆ ناگیرێت، ئەوا دەبێت ڕێگای ناڕاستەخۆ بگرێتە بەر. بەڵام **هیثلۆدۆیس** بەرهەڵستی لە کارێکی لەو جۆرە دەکات و بۆی دەردەکەوێت کە مرۆڤ بۆی نییە هەموو ئەو شتانە وەلانێت، "کە وا دەکات ناسروشتی مرۆڤ وەک سەمەرەیەک دەرکەوێت". چونکە ئەوکات " ... دەبوو لەناو مەسیحییەکانیشدا هەموو ئەو شتانە بەنهێنی بهێڵینەوە، کە مەسیح فێری کردووین ..."

لەکۆتاییدا گفتوگۆکە دەچێتە سەر مشتوومڕێک لەسەر خاوەندارێتی تایبەتی، کە تیایدا کاراکتێری **موور** بە شێوازێکی نموونەیی نوێنەرایەتی بۆچوونە باوەکەی ئەوسای بەریتانیا دەکات کە دەڵێت، مرۆڤ پێویستی بە خاوەندارێتی تایبەتی هەیە، لەکاتێکدا **هیثلۆدۆیس** بۆچوونی پێچەوانە دەخاتەڕوو. ئەو بابەت گۆڕینە ئارەزووی **موور**

دەبزوێنێت بۆ بۆچوونی دیکە و وای لێدەکات لەسەر ئەو بۆچوونە بێگانەیە مشتوومڕبکات. لە کۆتایی کتێبی یەکەمدا **هیثلۆدۆیس** بۆی دەردەکەوێت، کە یوتۆپیاییەکان " ... هەموو داهێنانە بەسوودەکانی ئێمەیان بۆ خۆیان هەڵگرتووەتەوە ..."، لەکاتێکدا بەریتانیا ئەوە ڕەتدەکاتەوە شتە تەنانەت باشترەکانی خەڵکانی دیکە هەڵبگرێتەوە. ئەو تێبنییە شانبەشانی ئەو پاساژە ناوهێنراوانەی سەرەوە بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەو بۆچوونە، کە **موور** "میتۆدی سیاسیی یوتۆپیا" پەسەند دەکات.

کتێبی یەکەمی **یوتۆپیا** تا ڕادەیەک بردنە سەر ئەو توانجە زەرووڕەیە، کە ملمانێکانی ئەو یوتۆپیاییە کە بەدوادا دێت، پێویستییانە، ئەویش بە وەسفێکی دەقیقی دەوڵەتی **یوتۆپیا** کۆتایی دێت، کە مەبەست نییە لێرەدا ناوەڕۆکەکەی وردتر بگوترێتەوە. لەپاش ئەوەی **ڕافایل هیثلۆدۆیس** ڕاپۆرتی خۆی لەسەر یوتۆپیا دەدات، ئەو هەڵوێستی لاقرتێیەی کە **موور** وەریگرتووە، بەتایبەتی دەردەکەوێت. لە دواهەمین بەشی کتێبەکەدا لەڕاستیدا **موور** گومانەکانی خۆی لە سیستەمی یوتۆپیا دەدرکێنێت، بەڵام دواجار دانپیادادەنێت: "لەوەدا بەبێ چوندوچوون دان بەوەدا دەنێم کە لە دەستووری یوتۆپیاییەکاندا شتگەلێکی زۆر هەن، کە حەز دەکەم بخرێنە دەوڵەتەکانی ئێمەشەوە."

واتا بەرگری لە یەقینەکانی خۆی دەکات، بەڵام هەمانکاتیش ئامادەیە بیرێکی واقیعی لە فکرە نوێیەکان بکاتەوە. لەو

جۆره تەفسیرەی تێکستەکەدا **موور** مەرامی ئەوەی بەسەردا دەهێنرێت، کە دەیەوێت ئەو وەسفە جیاوازەی جیهان بە بڵاوکردنەوەکەی بخاتە مشتوومڕەوە.
هەستی خوێنەر بۆ چەشنێکی لاقرتێی خوێندنەوەی کتێبەکە لە کتێبی یەکەمدا بەهێزدەکرێت، بە جۆرێک کە تکای بیرکردنەوەیەکی جدی لەبارەی ئەو وەسفە نوێیانەوەی کە خراونەتەڕوو، دەکرێت. گەر مرۆڤ لە تێبینی کۆتایی بڕوانیت، لێرەدا چیدیکە باس باسی "باشترین دەستوور"، نەماوە، بەڵکوو تەنها باس باسی "یاسا و دەزگاکانی دوورگەی یوتۆپیا"یە، کە هەتا ئەوکات کەمێک پێیان ئاشنا بوون. مافێکی ڕەهای دروستی یوتۆپیا وەک باشترین دەستووری دەوڵەتداریی، بەو جۆرەی کە دەشێت مرۆڤ لە سەرەتادا چاوەڕێی کردبێت، لە هیچ شوێنێکدا لەلایەن **موورەوە** نوێنەرایەتی ناکرێت. زیاتر لەوە دەچێت ویستبێتی ئەو وەسفە نوێیە بخاتە بەر دەستی جیهانی گشتی، بە جۆریک دەرفەت بڕەخسێت سوود لە یوتۆپیا وەربگیرێت. کەوابێت لەجێی گەڕان بەدوای باشترین دەستووری دەوڵەتداری لە یوتۆپیایەکدا، **تۆماس موور** تەنها وەسفی جەوهەری دەوڵەتێکی دیکەی بڵاو کردووەتەوە، بۆ ئەوەی بیانخاتە بەرامبەری هەلومەرجەکانی ئەوسای بەریتانیا. بەو جۆره ئەلتەرناتیڤێک پێشکەش بە خوێنەر دەکرێت. خوێنەر دەبێت خۆی هەڵیبسەنگێنێت. تێگەیشتن لە ناوەندی یوتۆپیا وەک

دۆخێکی ئایدیال کە مرۆڤ دەستی پێی ڕاناگات، بەڵکوو وەک میتۆدێک بۆ ڕاستکردنەوەیەکی بێوچانی هەلوومەرجەکان بەکاربهێنرێت، ئامانجی **موور** و **ڕۆرتی**ش دەپێکێت.

ئەوەی کە ئاخۆ **موور** وەک **ڕۆرتی** نوێنەرایەتی سیاسەتێکی لیبڕالی کردووە، لە سەرەتادا ئەولەویەتی نییە. چونکە دواجار **ڕۆرتی** بۆی دەردەکەوێت، کە هەڵوێستی لیبڕالانەی ئەمڕۆمان سەرەتا لەڕێی ڕیزێک تەشەنەی یەکتەواوکەرەوە دروستبووە. بەو پێیە بێت **تۆماس موور** ناتوانێت خاوەنی هەمان هەڵوێست بووبێت. بۆ مانای "لیبڕال"ی یوتۆپیاکەی **ڕۆرتی، موور** مەرجێک پڕ ناکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆماندا نەژیاوە. ئەو ڕەخنەیەی کە **ڕافایل هیثلۆدۆیس** لە کتێبی یەکەمی **یوتۆپیادا** لەسەر بەریتانیا دەیهێنێتەوە، ئاماژەیەکە بۆ هەڵوێستێکی لیبڕالانە بە مانای **ڕۆرتی**. جگە لەوەش **موور** وەک فیگەری ئەدەبی بۆی دەردەکەوێت کە هەتا هەموو مرۆڤەکان باش نەبن، ئەوا هەموو هەلومەرجەکانیش باش نابن. ئەو ئیفادەیە لەلایەکەوە زۆر گشتگیرە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بانگهێشتی سۆلیدارێتییەک دەکات لەناو یەکدا، بەوە دەست بەو دۆخە خوازراوە دەگات. چونکە تەنها گەر هەموو مرۆڤێک باش بێت، هەموو هەلومەرجەکان باش دەبن. لەو ڕووەوە زەینێکی لیبڕال لەلای **موور** بەدیدەکرێت.

سەرزەنشتکردنی کاری قێزەون لەلایەن **هیثلۆدۆیس**ەوە و تکاکانی **موور**، بۆ ئەوەی **هیثلۆدۆیس** لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا ڕاوێژی پادشا بکات، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە. شانبەشانی ئەو توانجە، کە **موور** بۆ خوێنەری پەسەند دەکات، شتێکی دیکەش دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت لە فۆرمێکی سنووورداردا وەک توانجبازێکی لیبڕال حوکم لەسەر **تۆماس موور** بدات.

لە دیدی ئەمڕۆوە لیبڕالێکی سنوورردارە، چونکە ئەو دەتوانێت تەنها پەیوەست بە زەمەنی خۆیەوە بە لیبڕال ناوزەند بکرێت.

بەراوردکردنی وەسفەکانی بەریتانیای ئەمڕۆ لەگەڵ وەسفەکانی **تۆماس مووری** بەریتانیای سەدەی شانزەهەم و دەوڵەتی خەیاڵی یوتۆپیا، شتێکی سەرنجڕاکێشە. مایەی سەرسامییە کە مرۆڤ ئێلێمێنتی هەردوو ئەو وەسفانەی ئەوکات لە ئێستادا بەدیدەکات: بۆ نموونە ئەمڕۆ، وەک لە **یوتۆپیا**کەی **موور**دا، ئۆرگانێکی گشتی تەندرووستی هەیە. ئەمڕۆ خاوەندارێتی تایبەت وەک جاران هەیە. شیکارییەکی دەقیق، کە ئاخۆ کام ئێلێمێنتانەی **یوتۆپیا** وەک سەرکەوتوو دەرکەوتوون و کامیان نا، لێرەدا چوارچێوەکە تێکدەشکێنێت. بەهەرحاڵ مشتوومڕی نموونەکان میتۆدی سیاسەتی یوتۆپیا بە شێوازێکی ئەزموونگەرایی دەسەلمێنێت. ئەو نیازانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک نەکردە مۆریان لێدراوە – بەپێچەوانەی چاوەڕوانی زۆرێک

له خەڵکییەوە – زۆر جار لە زەمەنێکی درەنگتردا بەسەرکەوتوویی خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. لەپاش ئەو ڕوونکردنەوەیەوە دەبێت **یوتۆپیا** بۆ کۆمەڵگا وەک کەرەستەیەکی نیگا بەرز بنرخێندرێت و گۆڕینی مەفهومی نەرێنی ئەو دەستەواژەیە لەڕێی بیرکردنەوەیەکی نوێوە کارێکی ڕەوایە.

# "نا" لە "ناشوێن"دا

## سەبارەت بە پەیوەندی بەختەوەریی و دیموکراسییەتی ڕادیکال

## لە یوتۆپیاکەی مووردا

ئەندرێیاس هێتسل

### یەک: بەرەو دواوە و بەرەو پێشەوەش تەنهاکەوتوو – موور لە مێژووی فکری سیاسییدا

لە کارەکانی بواری مێژووی فکری بیری سیاسیی نوێ، **تۆماس موور** تەنها ڕۆڵێکی ناسەرەکی یاخود پاشکۆیی دەبینێت. هەتا بەشێکی نوێ بۆ ڕێنیسانس تەرخان نەکرێت و دەستپێکی بیری سیاسیی نوێ بە بەرنامەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی پێناسە نەکرێت، کە **تۆماس هۆبێس** لە کتێبی **لیڤیاتان**[5]دا کە ساڵی ١٦٥١ بڵاو بووتەوە، نەخشەی بۆ

[5] لێڤیاتان دێوێکی دەریایی ئەفەسانەیی-ئینجیلییە، کە لەبەردەم دەسەڵاتی ڕەهایدا هەموو جۆرە بەرهەڵستییەکی مرۆڤ دەبێت چۆکدابات. لە تێگەیشتنە سیاسییە موتڵەقەکەی هۆبێسدا ڕۆڵێکی لەو جۆرە بەر دەوڵەت دەکەوێت.

کێشاوە، بە گشتی سەرنج لەسەر **پرینسیپ**ەکەی **ماکیاڤێلی**یە، کارێک، کە تیایدا لەلایەکەوە نەریتی کۆنی "**ئاوێنەی شازادە**"[٦] دەگات بە کۆتایی ڕەونەقداری خۆی، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە نیگایەکی تەواو نوێ دێتە گۆ، ئەویش هۆشمەندییەکە لە سەربەخۆیی سیاسەتدا. **ماکیاڤێللی پرینسیپ**ەکەی خۆی ساڵی ١٥١٣ دەنووسێت (کتێبەکە ساڵی ١٥٣٢ بڵاو دەبێتەوە)، سێ ساڵ بەرلەوەی **تۆماس موور** دەستنووسی **یوتۆپیا**کەی خۆی بۆ **ئێراسموس**ی هاوڕێی بنێرێت، کە خەڵکی ڕۆتردامە، ئەویش دەستبەجێ بڵاوی دەکاتەوە.

گەر کارەکەی **ماکیاڤێللی** بە بە پراگماتیزم و ئەنتییوتۆپیزمەوە پەیوەستبکرێت، ئەوا بە پێچەوانەوە کەمووکوڕی واقیعبینیی و متمانەی ناڕەوا بە سروشتی مرۆڤ و تەنانەت گەشبینییەکی خۆشباوەڕانە دەخرێتە پاڵ **تۆماس موور**ی هاوزەمەنییەوە.

لەکاتێکدا **ماکیاڤێللی** وەک **ماریکیز دێ ساد**ی سەدەی شانزەهەم تەماشادەکرێت، **موور غووسۆ**ی ئەم زەمەنەیە. یوتۆپیزم وەک ماکیاڤێلیزم لە تیۆری سیاسی سەدەی بیستەمدا وەک وشەیەکی جنێو خۆی جێگیرکردووە.

---

[6] ئاوێنەی شازادە بە نووسینێکی ئاگادارکار و وانەدادەر دەگوترێت، کە ئارەستەی پادشا، شازادە یاخود کوڕەکەی دەکرێت و ڕەوشت و ئەرکەکانی فەرمانڕەوایەک و بنەماکانی حوکمڕانییەکی دروست ڕوونکاتەوە. زۆرینەی ئاوێنەی شازادەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای سەردەمی نوێدا نووسراون.

یوتۆپیاکان وەک نیگاگەلی مەترسیدار سەیردەکرێن، وەک وێنەگەلێکی ئایدیال، کە لە مێژوودا کاتێک پێشکەشدەکرێن، گەر مەسەلە ئەوەبێت ستەمکاری و ئازار بە بەڵێنی لێڵ و نادیاریکراوی ئایندەیەکی بەختەوەر شەرعی بکرێت. ئەو شرۆڤە نەرێنییەی ئیسمەکە "**نا**"ی ناو "**ناشوێنە**"ەکە فەرامۆشدەکات. یوتۆپیا، بەتایبەتی **یوتۆپیا**کەی **تۆماس موور**، ناکرێت وەک نەخشەسازی پسپۆڕێکی فەلسەفی بۆ وێنەیەکی ئایدیال تەماشابکرێت، کە دژ بە هەموو بەرهەڵستییەکان و بە هەموو باجێک پێویستبکات بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەرامبەر بەوە "نا" سیمبۆلی کراوەییەکی بنیاتنەرە، ڕیزێکی درێژ لە دەرفەتگەلی تەفسیرکردن پێکەشدەکات، کە لە خودی تێکستەکەدا مۆرکیان دەرکەوتووە.

سەرەتا وەک "نا"ی گوتنی نەخێر دەردەکەوێت، وەک ناڕەزایی دژ بە هەموو هەلومەرجە سیاسیی و دارایی و سۆسیالیە ناعادلەکانی بەریتانیای سەردەمی خۆی، شتێک کە **موور** لە یەکەم بەشی سەرەکیدا بە وردی شیکردووەتەوە. لەسەرو ئەوەشەوە "نا"ی "هەموو شتێک نا"یە، کەشفکردنێکی دژەئەرێنیی، بە جۆرێک کە ئەو جیهانەی نووسەر دەیبیستێت، مەرج نییە تاکە جیهانی مومکین بێت، بە جۆرێک کە واقیع، بەوەدا دەستکردی مرۆڤە، شتێکی ڕێکەوتە و هەر بۆیە دەکرێت بە جۆرێکی دیکە بێت. لەپاش ئەوە "نا" ئاماژەیەکە بۆ "هێشتا نا"،

ئاماژەیەک بۆ دەرکەوتنی ڕووخساری ژیانێکی بەختەوەر و سەرکەوتوو، ئاماژەیەک بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ناخاڵی لە نامۆیی، ئاماژەیەک بۆ هیوا و متمانە و تەنانەت باوەڕێکی عەلمانی، بە جۆرێک کە ژیانێکی باشتر مومکین بێت. بەو مانایە "نا"ی ناو **یوتۆپیا**، بە وتەی **ئێرنست بلۆخ**، دەکرێت بە شێوازێکی گریمانە تەفسیر بکرێت. بەڵام هەمانکاتیش تێکستەکە لە "نا"دا ئاوێنەی جووت کاراکتێری فەلسەفی ئەدەبی خۆی دەداتەوە: ئێمە لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ ڕێبەرنامەیەکی کۆنکرێتی هەڵسوکەوت، بۆ نموونە **ئاوێنەی شازادە**یەکدا نییە، بەڵکوو لەگەڵ تاقیکردنەوەیەکی ئاڵۆزی ئەدەبی و ماسکبازییەکە. یوتۆپیا جۆرێکیشە لە سەفەرنامە، ڕۆمانێکی گەشت، ئیلهامی لە **گەلیڤەری جۆنەثەن سویفت** یاخود **دوورگەی فێلزنبورگی جۆهان گۆتفرید**ەوە وەرگرتووە. دواجار لە "نا"دا ژەمێکی باشیش گومان هەیە. "نا" تەنها هێڵ بەژێر ئەوەدا ناهێنێت، کە ئەو شوێنە بوونی نییە، بەڵکوو ئەوەش، کە ڕەنگە لە ئایندەشدا هەرگیز بوونی نەبێت. بەڵام ئەو گومانە هەروا بە چەشنێکی فاتالیزم[7] قوت نابێتەوە، بە پێچەوانەوە: لە ژیانی یوتۆپیاییەکاندا، کە بە جۆرێکی ئەدەبی لەپێش چاوی هاوزەمەنەکان و خوێنەری ئەمڕۆدا نمایشدەکرێت، چەند داوایەک بنیات دەندرێن، کە هەق نییە ئێمە هەرگیز

---

[7] فاتالیزم جیهانبینییەکە کە پێی وایە ڕووداوەکانی ناو سروشت و کۆمەڵگا لەلایەن چارەنووسەوە دیاریکراون و جێگای گۆڕین نین.

دەستبەرداریان بین، ئەوکاتەش هەر نابێت دەستبەرداریان بین، گەر بەدیهێنانیان وەک ئەرکێکی ناکۆتاش دەرکەوێت. بەو مانایە مرۆڤ دەتوانێت **یوتۆپیا** هەمانکات وەک وێنە و قەدەغەی وێنە تێبگات: گێڕەرەوەکە لە کۆتایی کتێبی یەکەمدا، واتا بەر لە باسکردنی دوورگە و دانیشتوانەکەی، دەڵێت: "خۆ تۆ ناتوانیت وێناشی بکەیت ... "؛ مرۆڤ وەختە مەیلی لەوەبێت بە **والتەر بێنیامین** و **ئادۆرنۆ** تەواوی بکات: "لەوێ هەموو شتەکان کەمێک جیاوازن، بەڵام ئەوەی کە کتومت چۆنە، لە گۆشەنیگای ئێمەوە زەحمەتە شتێک بگوترێت؛ ئێمە بە خاڵە جیۆگرافییەکانی جیهانی خۆمانەوە ئێجگار پەیوەستین، بەلامانەوە زۆر زەحمەتە دۆخێکی دیکە وێنا بکەین."

بە خولْقاندنی وشە نوێیەکەی یوتۆپیای، **تۆماس موور** هێڵ بە ژێر هێزی دژەحەقیقیدا دەهێنێت بۆ تێکشکاندنی هەموو کۆنتێکستە ئاشناکان. ئێمە، ئەوساش و ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، لە تواناماندا نییە ژیانێکی کۆمەنیستی، دیموکراسی وێنابکەین؛ ئەو وێنایە بۆ ئێمە بە مانایەکی ورد نەکردەیە و کەچی نەکردەش دەتوانێت ببێت بە واقیع. بۆ نموونە، لە سیاسەتدا مەسەلە بەڕێوەبردنی دامەزراوە بەردەستەکان نییە لە چوارچێوەی پێوەرە هەبووەکاندا، بەڵکوو ئاماژەیە بە هێنانەدی شتە نەکردەکان. دژەواقیعی بێ نموونە مەرج نییە خەیاڵ بمێنێتەوە، بەڵکوو دەتوانێت، وەک **موور** لە

نموونەی عیسای مەسیحدا دەیخاتەڕوو، گرنگی مێژوویی جیهانی بەدەستبهێنێت:

"بەڵێ، گەر مرۆڤ ناچاربکرێت هەموو ئەو شتانەی کە ناسروشتی مرۆڤ وایان لێدەکات سەمەرە دەرکەون، وەک شەرمەندە و ناچیز وەلانێت، ئەوا دەبوو لەناو مەسیحییەکاندا هەموو شتێک بە نهێنی بهێڵینەوە، ئەو شتانەی کە مەسیح فێری کردووین و هێند دڵنیا حاشاکردنیانی لێ قەدەغەکردووین ... خۆ بەشی هەرە گەورەی ئەو وانەیە زۆر ناکۆکترە لەگەڵ ڕەوشتەکانی ئەمڕۆماندا وەک لە وتەکەی من."

خۆنەویستی و کۆمەنیزمی مەسیحییەکانی کۆن دواجار وەک کۆمەڵگای یوتۆپیاییەکان **نەکردە** دەمێنێتەوە. هەمانکات، وا دەردەکەوێت **موور** بیەوێت ئەو ئاماژەیەمان بداتێ، کۆمەڵگای یوتۆپیاییەکان هێندەی کۆمەنیزمێکی مەسیحی نەکردەیە، کە وەک خواستێکی دەستهەڵلێنەگیراو لەژێر هەلومەرجی تەواو نامەسیحیدا بوونی دەمێنێت و هەتا بەناو زەمەنی مۆدێرنەدا کاریگەرییەک پەیدادەکات، کە بە دەگمەن پێشبینی دەکرێت. وەک یەکەم کتێبی **یوتۆپیا** نیشانی دەدات، هەموو سیاسەتێک کاردانەوەی بارودۆخی کۆنکرێتی مێژووییە؛ بەڵام هەمانکات پێویستی بە هێزێکیشە ڕێگای پێ بدات، بتوانێت پەیوەندی لەگەڵ هەموو بارودۆخەکاندا بپسێنێت و کاغەزەکان جارێکی دیکە تێکوەرداتەوە.

لەکاتێکدا **ماکیاڤێللی** پەردە لەسەر سیاسەتێک هەڵدەداتەوە کە بۆ بە بەشەرعیکردنی، هیچ پڕۆسەیەکی دەرەکی بە پێویست نازانێت، بەڵام ئەو سیاسەتە لەڕووی مەرامەوە بۆ شەڕێک لەسەر دەسەڵات بچکۆلە کراوەتەوە، **مووریش** لەڕێی گەڕانەوە بۆ وێناگەلێکی ئانتیک، ئیرادەی خۆبەخۆی سیاسەت ئاشکرادەکات، بەڵام ئەو سیاسەتە زیاتر لە دەستەواژەی دیموکراسی ڕاستەوخۆدا ڕووندەکاتەوە و سیاسەت بە شێوازێکی بەهێزتر بە مسۆگەرکردنی داواکانی بەختەوەری مرۆڤەوە دەبەستێتەوە، بە ئادگاری ژیانێکی سەرکەوتووەوە. **بلۆخ** بە وتەکانی باش دەیپێکێت کاتێک دەڵێت، **موور** "هەم بەرەو پاش و هەم بەرەو پێش تەنهاکەوتووە." بە مانایەکی دیکە: **یوتۆپیا**کەی شوێنێک نییە لە ناو مێژووی بیری سیاسییدا. ئەو کتێبە زۆر جار مێژوونووسان لە بواری فکردا والیدەکات، نەریتێکی نزیک لە فکری یوتۆپیا بنیاتبنێن، کە بە "پۆلیتییا"کەی **ئەفلاتۆن** باڵدەگرێت، بەسەر: "سەبارەت بە دەوڵەتداری خودا"ی ئاوگوستیندا دەڕوات، لەلایەن **موورە**وە هەڵدەگیرێتەوە، **تۆماسۆ کامپانێلا** لە کتێبی "دەوڵەتی خۆر" دا (ساڵی ١٦٠٢ نووسراوە ١٦٢٣ بڵاو کراوەتەوە) و **فرانسیس بەیکن** لە کتێبی "ئاتلانتیسی نوێ"دا (ساڵی ١٦١٤ تەواو کراوە و ١٦٢٦ بڵاو کراوەتەوە) درێژە بە نووسینی دەدەن، لەلایەن نەخشەسازی دەوڵەتدارییەکانی سۆسیالیستە فەرەنسییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە (لویس ئاوگوست

بلۆنکی، چاغل فوغیێ) هەڵدەگیرێتەوە و دواجار هەتا دەگاتە نیگا ترانزهیومانیزمیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم. نەریتێکی لەو جۆرە بە کردار گریمانەی لەسەر دەکرێت — بەڵام حاڵەتێکی ناوازەی یەکلاییکەرەوەی لێدەرچێت، ئەوەی کە کتومت **موور**، وەک گەواهیدەری سەرەکی، ناخرێتە ئەو چوارچێوەوە. سەرەتا با لە **ئەفلاتۆن** بڕوانین. تیۆری سیاسیی **ئەفلاتۆن**، وەک **هانا ئارێنت** سەرنجی خستووەتەسەر، وابەستەی بیرۆکەیەکی بەرهەمهێنانە؛ وەک چۆن فکرەگەل لە کەوونناسییەکەی **ئەفلاتۆن**دا مۆدێلگەلێک بنیاتدەنێن، کە لەسەر ئەو مۆدێلانە خالقێکی کەونی ماددی دنیای دروستکردووە، بەو چەشنە وێنای دەوڵەتێکی ئایدیال، کە فەیلەسووف لە **پۆلیتییا**کەیدا دەیکێشێت، وەک بنچینە و ماستەرپلانی مامەڵەی سیاسیی بەکاردەهێندرێت: بەو شێوەیە دەبێت پادشا، کە یان ملکەچی دانایی فەیلەسووفە یاخود ئەو فەیلەسوفە لە خۆیدا بەرجەستەدەکات، ئەو کۆمەڵگایەی کە پێی سپێردراوە، ڕێکبخات. دەستگەیشتن بە فکرە، شتێک کە فەیلەسووفان بە مافی خۆیانی دەزانن، بیرمەندان لە کۆمەڵگای سیاسیدا دەردەخات. فەیلەسووف بە مافی خۆی دەزانێت، دەوڵەت بەپێی فکرەگەلی بێ شوێن و زەمەن دابتاشێت.

فەلسەفەی سیاسیی **ئەفلاتۆن** یاساکانی **پۆلیس**(شار) لە یاساکانی کەوندا جێگیردەکات. پەیوەندی نێوان هەردوو سیستەمەکە لەلایەن پادشای بیرمەندەوە مسۆگەر دەکرێت،

که چەمکی ئەو سیستەمەی کۆمەڵگا، که له ڕەوتی مێژوودا تەشەنەی کردووە، تێکدەدات و ئێلێمێنته ئازادبووەکان بەپێی پلانێکی زەمەننەناس سەرلەنوێ بەیەکەوە دەبەستێتەوە. **ئەفلاتۆن** پێشبینی تۆتالیتاریزمی سەدەی بیستەم له مەیدانی تیۆری سیاسییدا دەکات. له **دەوڵەت**ەکەی ئەودا پەیوەندییه خێزانیی و کولتوورییەکان تێکوپێکدەشکێندرێن، تاوەکو سیستەمێکی نوێ دابمەزرێنێت، که بڕیاره ئاوێنەی سیستەمه بێزەمەنەکانی **میکرۆ** و **میکرۆکۆسمۆس** بداتەوە. لەسەر ئاستی میکرۆکۆسمۆس ئەو سیستەمه نوێ سیاسییه پەیوەندی جەسته و ڕۆح و لەسەر ئاستی ماکرۆکۆسمۆس پەیوەندی فکره و دەرکەوتن، شەوقدەداتەوە. لێرەدا میتافیزیک و سیاسەت دەچنه هاوپەیمانییەکی کوشندەوە. بەوە ئەفلاتۆن پرۆسەی سیاسیی دەخەسێنێت و کرداری سیاسیی دەخاته ژێر فەرمانڕەوای لۆژیکی بەرهەمهێنانەوە.

هەمان هاوپەیمانی و هەمان شکڵی سەرەتایی فکری بەرهەمهێنان له **دەوڵەتی خۆری کامپانێلاس**دا دەبینینەوە. به پێچەوانەی یوتۆپیاوە **دەوڵەتی خۆر** شوێنێکی جێگیری هەیه. له سەنتەری کەونێکی ڕێکخراودایه و هەمان ڕێکخستن له ناخی خۆیدا بنیاتدەنێتەوە. دەوڵەتێکی موتڵەق جێگیره، لەلایەن "بەرزترین فەقێ" یاخود "میتافیزیکوس"ێکەوە حوکمێکی ئەوتۆریتێر دەکرێت.

لەبەرامبەر ئەوە **موور** دژایەتی "جۆرە باوەڕپەرستییەکی کوێرانە"ی فەلسەفە دەکات.

" ... ئەمە لێرەدا پێی وایە، هەموو ڕستەیەک لە هەموو شوێنێکدا بەکاردەهێندرێت؛ بەڵام جۆرێکی دیکەی بەربڵاوتری فەلسەفە هەیە، کە بە مەیدانی هاتنەسەرسەحنی خۆی ئاشنایە، دەزانێت خۆی بگونجێنێت و ڕۆڵی خۆی لەو شانۆیەدا، کە لەو ئانوساتەدا نمایش دەکرێت، بە جۆرێکی نایاب و بەڕێز ببینێت."

**موور** کە بە نەریتی ڕیتۆریکی مرۆڤدۆستی ئاشنایە، بانگهێشت بۆ فەلسەفەیەک دەکات، ئاگاداری ڕیتۆریک بێت، حیسابی بارودۆخ بکات، باوەڕی بە ڕێکەوت هەبێت، فەلسەفەیەک نا جێگا بۆ خەڵک دیاری بکات:

"لەم ئان و ساتەدا چی شانۆیەک دەچێتە سەر سەحن، دەبێت لەگەڵ ئەوەدا ڕۆڵ ببینیت، نەوەک سەرتاپای تێکبدەیت تەنها لەبەرئەوەی، شتێکی قەشەنگتری نووسەرێکی دیکەت خستووەتە مێشکتەوە!"

کەوابێت بۆ ئەو مەسەلە ئەوە نییە لە عەقلی ڕووتەوە دۆخێکی ئایدیال بنەخشێنیت، بەڵکوو ئاگاداری بارودۆخەکە بیت؛ یوتۆپیاکەی ئەو کاردانەوەی ڕەخنەگرانەی بۆسەر باردودۆخی کۆنکرێتی ناهەموار هەیە. سیاسەت ناتوانێت لە هیچەوە دەستپێبکات، بەڵکوو داوای ڕێگای دوور و سەلامەت دەکات: **ڕافایل هیثلۆدۆیس**ی گێڕەرەوە داوا لە گوێگرەکەی دەکات:

"هێندەی لە تواناتدایە کارامانە مامەڵە لەگەڵ هەموو شتێکدا بکە، ئەوەیشی کە نەتتوانی بە باشدا وەریبگێڕیت، ئەوا لانی کەم لە خراپترین حاڵەتی بپارێزە. چونکە نەکردەیە هەموو هەلومەرجەکان باش بن، هەتا هەموو مرۆڤەکان خۆیان باش نەبن، ئەویش دەتوانین ڕیزێکی قەشەنگ لە ساڵی دوورودرێژ چاوەڕێی ئەوە بین."
یوتۆپیا لێرەدا جەزابێک بۆ گۆڕانکاری کۆنکرێت بنیاتدەنێت، ئەم یوتۆپیایە زۆر دوورە یوتۆپاییەکی خراپی بنیاتسازییەکی عەقڵانی ڕووت بێت.
لای **بەیکۆن،** ئەگەرچی دەوڵەت لە کۆسمۆیەکی **ئەفلاتۆن**ی یاخود کەنیسەدا گیری نەخواردووە، بەڵام لەجێی ئەوە لە سرووشتێکی تازەکەشفکراودا، کە کۆسمۆسی بە میراتی بۆ دەمێنێتەوە؛ ئەو بنچینەی فەرمانڕەوایی سیاسییەی کە **بەیکەن** لەبەرچاویدایە، لەوەی **ئەفلاتۆن** و **کامپانێلا** نێزیکترە وەک لەوەی **یوتۆپیا**. لەکاتێکدا پادشای بیرمەندان، **ئەفلاتۆن** مافی فەرمانڕەوایی خۆی بەسەر لەبەردەستبوویی بنچینە سەرەکییەکان **کۆسمۆس** بەشەرعیدەکات و **میتافیزیکوس**ەکەی **کامپانێلرا** دەگەڕێتەوە بۆ **ئۆردۆ**کەی کەنیسە. لای **بەیکەن** زاناکانن، کە نیگاکانیان بۆ ناو یاساکانی سروشت وا دەکەن ئەوان وەک چارەنووسێکی پێشتر دیاریکراو دەرکەون کە یاسا بۆ کۆمەڵگاش دەستنیشانبکەن.

**موور** ئەوانە دەشکێنێت. ئەو سیاسەت زیاتر وەک کردارێکی ڕیشەیی دیموکراسی خوددامەزرێنەری کۆمەڵگایەکی بەتاڵکراو لە حکومڕانی پیرۆز دەبینێت، کۆمەڵگایەکی کراوە، کە هیچ شوێنێکی دیاریکراوی لە جڵەوی بوونێکی میتافیزیکی، یاخود زانستی سرووشتیدا نییە. ئەوەش مەبەستی "نا"ی ناو "ناشوێن"ەکەیە: (ئاکۆسمیزم) بێجیهانییەکی ڕادیکاڵی. سیاسەت ناتوانێت لەڕێگەی پەنابردن بۆ دواهەمین بنەماکانی بوون یاخود سەرتاپای عەقڵ شەرعیەت بە خۆی بدات، بەڵکوو تەنها لە خودی خۆیەوە، بە پڕاوپڕی نەفەسییەوە. لەو خاڵەدا **ماکیاڤێللی** و **موور** بەرامبەر بە پەخشێکی گشتی تیۆری سیاسی ڕۆژئاوا دەوەستن، لە **ئەفلاتۆن**ەوە تا دەگات بە **هابرماس**.

لێرەدا سەرنجی من بەتایبەتی لەسەر پەیوەندی یوتۆپیایە لەگەڵ دیموکراسیدا، هەروەها لەگەڵ بەهای شوێنی "ناشوێن" لە وێناکانی ئەمڕۆماندا لەسەر دیموکراسی. سەرەتا دەمەوێت بە کورتی نیشانی بدەم، کە کۆنسێپتێکی گۆڕاوی "ناشوێن"، نیگای "نێوەندێکی خاڵی دەسەڵات" (کلۆد لوفۆغ)، لە چەقی پێگەیەکی سەردەمی دیموکراسی ڕادیکاڵدایە. بەڵام ئەو "**نێوەندە خاڵی**"یە نیازی هەیە، ببێت بە فەرمانبەدەستی تەنها نێگەتیڤیزمێکی فەرمی؛ "ناشوێن"ی پێگە ڕادیکاڵ دیموکراسییەکان ئەوکات بە زەحمەت لە "ناشوێن"ێکی دیکە جودا دەکرێتەوە، لە "ناشوێن"ی

مۆدێرنەیەکی درەنگی بەجیهانبوو، کە نوێنەری غائیبێکی بەکەونیکراوە: بۆ غائیبی نەریت، کولتوور، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بۆ غائیبی مێژوو و دیمەنی سرووشتی، شوێن و زەمەن، بۆ نەکردەیی ژیانێکی سەرکەوتوو. بۆ دەربازبوون لەو مەترسییە زەروورە، "نا"ی "ناشوێن" تەنها وەک دەستنیشانێکی فەرمی، بە مانای نێگەتیڤیزمێکی خاڵیکراو، پێناسەنەکرێت، بەڵکوو گەڕان بە شوێن شکڵی ناوەڕۆکیی نێگەتیڤدا پۆزەتیڤ بکرێت.

**دوو: سەبارەت بە مێژووی نوێی ناشوێنەکان**

لەڕووی هەمیشە ڕۆشنتر دەرکەوتنی دیالێکتیکەکانی ڕۆشنگەریەوە، یوتۆپیاکان لە بیری سیاسیی سەردەمدا ناوبانگیان زۆر زڕاوە. بەتایبەتی کارەساتەکانی تۆتالیتاریزم، کە تیایاندا وەهمی کردەیی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا لەلایەن پسپۆڕگەلێکی پیشەگەرەوە، کە پەیوەست بە یاسا ئەبەدییەکانی مێژوو یاخود سرووشتەوە ناوی خۆیان دەهێنن، گەیشتە دوالوتکە غەمگینەکانی خۆی، لەسەر بیری یوتۆپیای حیسابن. لەپاش ئەو کارەساتانە تەنها **دیستۆپیا** یاخود **ئانتییوتۆپیا**مان بۆ دەمێنێتەوە، تێکستی وەک **١٩٨٤**، **جیهانی نوێی بوێر**، لەو تێکستانەن کە دەبێت لەلایەن نەوەی نوێوە خوێندرابنەوە. ئێمە متمانەمان بە هەموو هیواکان نەماوە، هەموو بەڵێنی بەختەوەرییەکان تووڕ دەدەین و خۆمان بۆ دۆخێکی سەردەمی بێ ئایندە

ئامادەکردووە. دەترسین، هەرچییەک بێت، تەنها لەوەی خراپتر بکات کە هەیە.
هەمانکات یوتۆپیا، ئەگەرچی لە فۆڕمێکی پاشوپێشخراودا، بەهایەکی گرنگی هەیە لە دیبەیتی سەردەمی تیۆری سیاسییدا. ئەوەشی کە سەیرە پاشوپێشخراوییەکەی لەوەدا خۆی دەدرکێنێت، کە یوتۆپیا لێرەدا بە مانای وشە وەردەگیرێت، نەوەک وەک ناشوێن، وەک بەتاڵەیەک یاخود نەرێنییەکی پەتی، کە چیدیکە ناوەڕۆکێکی یوتۆپیاییانەی پێ ڕەوا نابیندرێت. من لێرەدا بەتایبەتی بیر لە دیسکۆرسێکی ڕیشەیی دیموکراسی دەکەمەوە، کە کۆتاییەکەی لە کارەکانی **کلۆد لوفۆغ** وەردەگرێت.
لە کارەکانیدا **لوفۆغ** دژایەتی ئەو گومانە مارکسییە دەکات کە دەڵێت، گوایە شۆڕشە دیموکراسییەکان "کاری چینی کۆمەڵایەتین." بۆ ئەو شۆڕشی دیموکراسی بە پێچەوانەی **مارکس**ەوە "لە هەموو ڕوویەکەوە نەخشەسازی ئەکتەرێکی کۆمەڵایەتی تێدەپەڕێنێت." ئەو شۆڕشە دیموکراسیانەی کە لە دامەزراوەی دیاریکراوی وەک هەڵبژاردندا بۆ هەمیشە هاتوونەتە ناو کۆمەڵگاوە، پتر دەلالەت لە خۆبەڕێوەبردنێکی لاوازی یوتۆپیایی کۆمەڵگایەک دەکەن: لەڕێی پرۆسەی دیموکراسییەوە، کۆمەڵگا هەردێتو سەرلەنوێ نەخشە بۆ خۆی دەکێشێتەوە، خۆی دادەهێنێتەوە و خۆی دەخاتەوە بواری جێبەجێکردنەوە.

**یورگن هابرماس** که مۆدێله عەقڵانییەکەی بۆ دیموکراسییەکی دێلیبڕال، له جیهانی زمانی ئەڵمانیدا بەسەر تیۆریە سیاسییەکاندا زاڵه، سکاڵای لەسەر **لوفۆغ** هەیە و دەڵێت ئەو "وەک نووسەرێکی جەماعی، که ئاوێنەی هەموو شتەکان بداتەوە و لەجێی هەموویان بەکردار هەڵبسێت، له هاووڵاتیان دەڕوانێت." تیۆری خوددامەزراندنی کۆمەڵگا بەوپێیه له پارادیگما یاخود فەلسەفەیەکی خودئاگادا بەند دەکرێت. ئەو تاوانبارکردنەی **لوفۆغ** لەلایەن **هابرماس**ەوە وەک سکاڵایەکی بێ بەڵگه جێگای ڕەتکردنەوەیه. بۆ **لوفۆغ** کتومت سوبێکتێکی جەماعی نییه (بۆ نموونه به مانای پرۆلیتاریاتێکی مارکسی)، که له دەرەوەوە بەسەر کۆمەڵگادا دەڕوانێت، بەڵکوو (ئاگۆن) کۆبوونەوەیەکی دیموکراسیه بۆ پێرسپێکتیڤێکی ململانێئامێزی تایبەت. دیموکراسی بۆ **لوفۆغ** دەبێته هاوواتای ئەوەی، ئەو "ناوەندی دەسەڵات"ەی، که لای هابرماس پرنسیپه کەونییەکانی عەقڵ و یاسا حوکمی دەکەن، بەتاڵ دەمێنێتەوە. ئەو چۆڵییه له چەقی کۆمەڵگادا مۆرک له تاقه کەونگەرایی نێگەتیڤی ناو بیری ڕادیکال-دیموکراسی دەدات. ئەو "**ناوەنده بەتاڵ**"ە بۆ **لوفۆغ** به واتای ئەو شتانه بەکاردەهێندرێت، که لای کۆمەڵگایەک له ئانوساتی دروستبوونیدا به ناتەواوی و نادیاریکراوی دەمێننەوە. ناوەندی چۆڵ ناوێکی دیکەیه بۆ گۆشەنیگا و تایبەتمەندی هەر پێگەیەک له پرۆسەی فەلسەفیدا، یاخود به مانایەکی

دیکە: بۆ نەکردەیی هەموو کەونگەراییەک بە مانای جەوهەریی، کە مرۆڤ بتوانێت بەناویانەوە خۆی لە ململانێ سیاسییەکان لەگەڵ بەرامبەرگەلی کۆنکرێتدا دوور ڕابگرێت.

بە پێچەوانەی **هابرماس**ەوە **لوفۆغ** دیموکراسی لە پرینسیپی کەونی عەقڵ و یاسادا ناسەلمێنێت. بەڵکوو پتر خۆی لەسەر خودی خۆی بەکاردەهێنێت. ئەوەی، کە دیموکراسی چییە یاخود دەشێت چی بێت، تەنها دەتواندرێت دیموکراسیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەو پێیە ناسکییەک، کە هەتا ڕادەی مەترسی شکست دەڕوات، لەگەڵ فکرەی دیموکراسیدا پەیوەستە. کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسی و ئەمەریکییەوە "چیدیکە خاوەنی نوێنەرایەتی ئەسڵ و ئامانج و سنوورەکانی خۆیان نەماون" و هەر بۆیە کوشتەی بێدەستنیشانییەکی بنەچەیین، کە وایان لێدەکات بەرامبەر بە مەترسی تۆتالیتاریزم لاواز بن؛ مەترسییەک، کە ناتواندرێت پەیتا پەیتا بنەبڕبکرێت، بەبێ ئەوەی ئەو شتەی تیادا بەکاربهێنیت کە لەڕاستیدا خۆتی لێ دەپارێزیت.

کۆمەڵگای دیموکراسی خۆی لەناو ئەزموونێکی "**ئەوی دیدا**" نمایش دەکات، کە هەموو سنوورەکانی وێنا تیۆرییەکانی "کردن"ێکی کۆمەڵگا تێدەپەڕێنێت. پرۆسەی بەدیموکراسیکردن لە دواهەمین ئەنجامدا ئاماژە بۆ ڕەهەندێکی ئاییني دەکات. دیانەت لێرەدا نوێنەری فەزایەک

نییە بۆ دواهەمین هۆکارەکان و دڵنیاییە دۆگماییەکان، کە سیاسەت دەبێت خۆیانی لێ دەرباز بکات، بەڵکوو بۆ بێبنەماییەک یاخود ناشوێنێک، کە هەموو کردارێکی مرۆیی پەیوەندی لەگەڵیدا هەبێت. لەپێش ئەو پاشخانەدا دیموکراسی هەرگیز تەواو دەستنیشان ناکرێت و لەڕووی دەستەواژەوە وێنا ناکرێت.

ئەو کۆنسێپتە لەلایەن **ئێرنستۆ لاکلۆ** و **شانتال مووفە**وە هەڵدەگیرێتەوە، کە وێناکانیان لەسەر دیموکراسی ڕادیکال بە دەوری ناشوێنی ناوەندێکی بەتاڵی دەسەڵاتەوە دەخولێنەوە. بەڵام گوتاری ئەوان بۆ دیموکراسییەکی ڕیشەیی، کە لەسەر غائیبی سەلماندن بنیاتنراوە، لە مەترسی چەشنێکی دیاریکراوی **کۆنیتیڤیزم**[٨] و **فۆرمالیزم**[٩]دان. ڕەنگە تەنها بەس نەبێت، تیۆری دیموکراسی دێلیبەرال و نزیکبوونەوەی کەونیی تێوەگلانە میتافیزیاییەکانیان فریوبدەیت، مەرکەزییەت و جەوهەرییەت لەوان بستێنێتەوە و هەڵیانبوەشێنێتەوە، تاوەکو بۆ پێگەی خۆت، تایبەتمەندی جەوهەریی تەشەنە سیاسییەکە هەڵبگریتەوە. فیگەرە بنچینەڕووخێنەراکان، وەک **جاک دێریدا** لە نیشاندانی ماندوو نەدەبوو، هەمیشە کتومت ئەو ستراتیجییەتی سەلماندنەش، کە دژایەتی دەکەن، وەک

---

[8] کۆنیتیڤیزم سەرچاوەی سەرەکی تییۆرییەکانی فێربوونە. مۆرکی کاریگەریی جیاواز جیاوازی فەلسەفی و دەروونناسی و زمانەوانی لەسەرە. ئیشکردن لەسەر زانیاری ئیندیڤیدوالی و پرۆسەی بیرکردنەوە و وەرگرتنی فێرخواز لە چەقی مەدرەسەی کۆنیتیڤیزمدایە.

[9] تۆخکردنەوەی ڕووکەش و فەرامۆشکردنی ناوەڕۆک.

میراتی هەڵدەگرنەوە. کاری (هێگێمۆنیا و دیموکراسی ڕیشەیی)، کە ساڵی ١٩٨٥ بڵاو کراوتەوە، چەند گرنگیش بێت، ئەو هەوڵە چەند لێوانلێو بێت لە بەڵێن بۆ گواستنەوەی فۆرمی دەسەڵات و ڕەخنەی میتافیزیکی **پۆستستراکتۆرالیستی**[١٠] بۆ مەیدانی تیۆری سیاسی، مەترسییەکەش هێندە گەورەیە کە ئەو مغامەراتە سنووری تیۆری پێنەبەزێندرێت و خۆی لەسەر گەشبینییەک بەخێوبکات، کە بۆ **هابرماس**یش گرنگە: ئەوەی کە ئارگومێنتە دروستەکە لە مەودای سیاسیشدا سەربکەوێت، ئەوەی کە داوای مافی سەربەخۆیی و واقیعی تیۆری لەیەک نزیکببنەوە. بە مانایەکی دیکە ئەوە هیچ سوودێکی نییە، هەروا ئاسان لە بیردکردنەوەیەکی ئامادەوە بڕۆیتە سەر بیرکردنەوەیەکی کەموکوڕ، نەرێنی، یاخود بیرکردنەوەی ناشوێنێک، بەتایبەتیش کاتێک نا، گەر ناشوێن، ناوەندی بەتاڵی کۆمەڵگا، کتومت لەو لۆژیکانەی سەرمایە و بەجیهانبوونەوە بەرهەمبهێندرێت، کە **دیموکراسی ڕیشەیی** بەرەنگاری دەبێتەوە.

لە ئەدەبی زەمەنناسی پێشکەوتوودا "ناشوێن" بە شێوازێکی تەواو جیاواز وەک لە تیۆری دیموکراسی پۆستمارکسیدا دەردەکەوێت. بە شێوەیەک ئیتنۆلۆج **مارک ئۆگێ** لە وتاری

[10] پۆستستراکتۆرالیزم چەند میتۆدێکی زانستی هزری و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، کە لە کۆتایی شەستەکاندا سەرەتا لە فەڕەنسا سەریهەڵداوە و بە جۆرێکی ڕەخنەگرانە کار لەسەر پەیوەندی کرداری زمانەوانی و واقیعی کۆمەڵایەتی دەکات. ئەو ڕایەی کە لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە زمان تەنها کاری ئەوە نییە وێنەی واقیع بکێشێتەوە، بەڵکو لەڕێی پێوەر و جووداکارییەکانییەوە واقیعیش دروست دەکات.

**شوێن و ناشوێن**یدا شەقام، تراموا، فڕۆکە، فڕۆکەخانە و سوپەرمارکێت بە ناشوێن ناوزەند دەکات، وەک شوێنگەلێک کە مرۆڤ لێیان نامێنێتەوە، کە تیایاندا مرۆڤ بە ڕاستی "لەوێ" نییە، شوێنگەلێک کە مرۆڤ زیاتر پیایاندا تێپەڕدەبێت:

"ئەو دەزگایانەی کە بۆ گواستنەوەی خێرای مرۆڤ و شمەک پێویستن (شەقامی خێرا، ئەوتۆبان، فڕۆکەخانە)، یەکێکن لەو ناشوێنانە، هەروەها خودی کەرەستەی گواستنەوەکانیش یاخود بازاڕە گەورەکان یاخود ئەو ئۆردوگا کاتیانەی کە تیایاندا مرۆڤ پەناهەندە داڵدەدەدات."

ناشوێنەکان بەپێی تێزەکەی **ئۆگێ** لە مۆدێرنەدا بەرامبەر بە شوێنەکان لە بانگەشەی بەرەوپێشدان.

هەروەک چۆن شوێنێک مۆرکی شووناس و پەیوەندی و مێژووی لەسەرە، بەو شێوەیەش شوێنێک، کە خاوەنی شووناس نییە و نیشانەی نە پەیوەندی و نە مێژوویی تیادا بەدیناکرێت، ناشوێنێک پێناسەدەکات. ئێستا گریمانەی ئێمە دەڵێت: "**مۆدێرنەی باڵا**" ناشوێن دەخولقێنێت، واتا شوێنگەلێک، کە خودی خۆیان شوێنگەلی ئانترۆپۆلۆژیی نین و شوێنە کۆنەکان لەناو خۆیاندا ناگونجێنن.

**ڕێچارد سێنێت** لە شیکاری هەڵوەرینی فەزای گشتی سیاسییدا، گەیشتووە بە ئەنجامی دەستنیشانکردنێکی لێکچوو. کۆتایی فەزای گشتی لە سەدەی بیستدا بەڕای ئەو جەوهەرییەن بەوەوە وابەستەیە، کە شوێن لە فەزای گشتی

بسێندرێتەوە: "شوێنە گشتییەکان دەبن بە محەلی گواستنەوە." لەناو شارەکاندا شوێن و مەیدانەکان دەبن بە وێستگەی ڕابواردن. ژیان لە شەقامەکان لەبەرچاو ون دەبێت و خۆی لەپشت دیوارەکانەوە حەشاردەدات. ئەوە فریادڕەسییەکی سەمەرەی داواکەی **لیفۆغ** نابێت، ئەوەی کە ناوەندی کۆمەڵگا دەبێت بەتاڵ بمێنێتەوە؟ ئەو بەتاڵییە ئەمڕۆ لە هەموو شوێنەکان شکڵێکی چاوەڕواننەکراو وەردەگرێت، لە جووڵە و دەمووچاوی لەو مرۆڤە مەللول و بەزۆمبی بوانەدا، کە جەنگی کێبڕکێ هەراسانی کردوون، شەوقدەداتەوە.

ناشوێنە پاشمۆدێرنەکان لە گۆشەنیگای **ئۆگێ**وە وەک یوتۆپیای سیاسیی ساختەکراو دەردەکەون. داتاشینی ئەدەبی یوتۆپیا وەسفی شوێنگەلی خەیاڵی بەدیهێنانێکی عەقڵ و داوای بەختەوەرییەکانی مرۆڤ دەکات. ناشوێنەکانی ئەمڕۆ بەرامبەر بەوە شوێنگەلی واقیعیی بێلایەنییەکی کولتووریان دروستکردووە، شوێنگەلی بەتاڵبوونەوەی واقیعییەتی هەموو داوا و مافەکان بۆ عەقڵ و بەختەوەری. "**ئێمە لەکوێین، کاتێک سەفەردەکەین؟**"، پرسیاری **پاول ڤیریلیۆ**یە و **مارک ئوگێ** لە وەڵامدا دەڵێت: "فەزای گەشتیار نموونەی ئەزەلی ناشوێنە." سەرمایەداریی پێشکەوتوو ژیانی هەموومان دەگۆڕێتە سەر دۆخی سیکوێنسێکی گەشتی بێ ئامانج و کۆتایی. لە دانیشتوانە برسییەکانی جیهانی سێهەمەوە دەستپێبکە هەتا

کاراکتێریکی ئابووری بازاڕی ئازادن، سەرمایەداریی کۆتوبەندشکێنراو هەموو مرۆڤەکان دەکاتە کۆچەری. جوڵەی بێوچان شوێنەکان هەڵدەلووشێت، دەیانکات بە وێستگەی تێپەڕین و گۆڕینی کەرەستەی گواستنەوە، کورتیاندەکاتەوە بۆ ناوگەلێکی شوێن، کە هیچ یادەوەرییەکیان پێوە پەیوەست ناکرێت. "ئەو ناوانە" — لێرەدا ئۆگێ بەتایبەتی مەبەستی لەو ناوانەیە کە لەسەر تابلۆی شەقامەکان تووشمان دەبێت بە تووشیانەوە — "ناشوێنەکان لەسەر شوێن ئیش دەکەن؛ دەیانکەنە ڕاڕەو." ئەوانەش کە دەبن بە ڕاڕەوی ڕووت، شەقامی ناو شارەکانن. **والتەر بێنیامین** لە ناهەق نەیتوانووە لێکۆڵینەوە چێوەدارەکەی خۆی سەبارەت بە مەرجەکانی دروستبوونی مۆدێرنەی کولتوور و کۆمەڵایەتی بخاتە ژێر ناونیشانی **کاری ڕاڕەوەکان**ەوە. ئەزموونی ڕابووردەیی بەبێ ئەزەل و ئامانج تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنەیەکن، کە سەرەتا لە پاریس و لەندەنی سەدەکانی نۆزدەوە شکڵ وەردەگرێت. ناشوێنە مۆدێرنەکان کتومت نوێنەری ئەو غائیبییەی هەموو جۆرە **ئالتێریتی**[11] و ئەودیو ئەزموونیەیە، سیمبۆلێکە بۆ سەندنەوەی ئەفسوون لە شوێنەکان، بۆ ئەو حەقیقەتەی کە مرۆڤ چەند ئاسان دەتوانێت بیانگۆڕێت، سیمبۆل بۆ کۆتایی سیاسەت و مێژوو.

---

[11] ئالتێریتی وشەیەکە لەبواری فەلسەفە و دەروونناسیدا بەکاردەهێندرێت، واتا یەکێک لە دوو جەوهەری لەیەکچووی سەربەیەک، کە بەرپرس بێت لە باربوکردنی شووناس.

ئێستا کاری یەکلاییکەرەوە ئەوەیە، ناشوێنی یوتۆپیایی سیاسیی لە ناشوێنی شارە بێ دەمووچاوە پاشمۆدێرنەکانمان جودابکەیتەوە. ڕەنگە ئەوەمان لەگەڵ **تۆماس مووردا** پێبکرێت. ئەگەرچی مرۆڤ دەبێت مافی ڕاستودروستی بدات بەو نووسەرانەی، کە دەڵێن دیموکراسی بە دەوری ناوەندێکی بەتاڵدا دەوران دەکات و لە دەرەوەی کارایی خۆی لە توانایدا نییە خۆی بە هیچ شتێکی دیکەوە بگرێت، دەبێت بڵێین، تەنها ئەوە بەس نییە دیموکراسی تەنها و تەنها بە فیگەری نەرێنییەکی پەتییەوە ببەستیتەوە. ئێمە ڕەنگە پێویستیمان بە جوداکردنەوەیەکی **نەرێنی ئەرێنی**، لە **نەرێنی نەرێنی** بێت. نێگەتیڤیتی نەرێنی لەو چوارچێوەیەدا تەنها فیگەرێکی لۆژیکییە. نەرێنییەکی ئەرێنی لەگەڵ فیگەری دیکەی نالۆژیکیدا خۆی یەکدەخات، بۆ نموونە لەگەڵ متمانە، بەختەوەری و هیوا وەک شکڵی ئەو "نا"ی ناشوێنەی کە **بلۆخ** بە "گریمانەئامێز" ناوزەندی کردووە.

## سێ: بەختەوەری، دیموکراسیی و یوتۆپیا

لەلایەکەوە یوتۆپیا لای موور خۆی وابەستەی عەمەلییەکی ڕادیکالدیموکراسی کردووە (بۆیە دەکرێت لەگەڵ تیۆرییەکانی وەک هی **لوفۆغ** کۆک بکرێت)، لەلایەکی دیکەوە زیاترە لە تەنها فەزایەکی فەرمی بەتاڵ. لە بەڵێنێکی بەختەوەرییەوە دەستپێدەکات. بلۆخ باس لە "**ئێپیکورێیزم**[١٢]ێکی شادی دنیایی دەکات، کە دوورگە کۆمەنیستییەکە دەمێنێتەوە."

**ئێپیکورێیزم**ێک کە وەک "بەهەشتێکی تەواو ناکلێسەیی بەسەر یوتۆپیاوەیە."

ئەو **ئێپیکوریزمە** لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ هەڵوێستێکی بنەچەیی "کۆمەنیستی – دیموکراسی" کۆکە. **یوتۆپیا** سیمبۆلە بۆ شوێنێکی شاعیرانە، هەروەها بۆ دیموکراسییەکی ڕاستەوخۆی خاڵی لە چینوتوێژگەرایی، سیمبۆلێک بۆ زۆرترین ڕادەی بەشداری. بلۆخ دەنووسێت: "لای **تۆماس موور** هاووڵاتییەکان بەم شێوەیە دەژین: کاری مامناوەندی، زیاتر لە شەش کاتژمێر نا، قازانج بە یەکسانی دابەشکراوە. تاوان چیدیکە نەماوە، زۆرەملێیی

[12] ئێپیکورێیزم ئاراستەیەکی فەلسەفەییە کە ٣٠٧ ی پێش زاین لەسەر خوێندنەوەکانی فەیلەسوفی ئەنتیکی یۆنانی، ئێپیکور بنیاتنراوە.

نەماوە، ژیان باغێکە، بەختەوەری ئاسوودەبەخش و نەجیب لەو ناوەدا کەوتووە."

ئەو مرۆڤدۆستەش وەک ئەرستۆ لە پەیوەندییەکی دوولایەنەی نێوان ژیانێکی بەختەوەر و سیاسییەوە دەستپێدەکات؛ تەنها ژیانی سیاسی، ژیان لەناو کۆمەڵگادا دەتوانێت ژیانێکی باش و سەرکەوتوو بێت. تیۆرییە سیاسییەکەی موور **ئەرستۆتێلیزمێک** بەبێ باری بۆماوەیی **ئەفلاتۆنیی** بەبیر مرۆڤ دەهێنێتەوە.

کۆمەڵگای ئەو دوورگەیە وەچەی دەستوورێکی دیموکراسییە. **موور** لە وەڵامی ئەو ڕەخنەیەی کە دەڵێت، "ئەو کۆمەڵگا یوتۆپیاییەی بەریتانیای هاینریشی هەشتەم هەتا ئەو ڕادەیە بەرچاوڕوونییەک ناخاتە بەردەست، جگە لەوەی کە بەریتانیا بە شێوازێکی تاکڕەو حوکمبکرێت". دەڵێت: " ... هەڵبژاردنی پادشایەک لە بەرژەوەندی خوددا نەوەک بەرژەوەندی پادشادا ..."؛ پادشا ئارامی کۆمەڵایەتی مسۆگەر دەکات، وەک دواتر لای **هۆبێس**یش، توونودتیژی دەگێڕێتەوە، لەسەرو ئەوەشەوە گەرەنتی مشوورێکی ئەرێنی و ماندوونەناسە، بەڵام وەک خۆی ناتواندرێت وەک ئامانجێک تەماشابکرێت.

ئەو دەستوورە سیاسییەی کە **موور** بە دورگەکەی خۆی دەبەخشێت، زۆر بە تۆخی **سیستەمی فیلێ**[13] و **دیمۆس**[14]

---

[13] یۆنانییەکی زەمەنی ئەنتیک جگە لە هاوولاتیبوونی، سەر بە عەشیرەتێک بووە، بە یۆنانی فیلێ.

به یادی مرۆڤ دەهێنێتەوە، وەک چۆن ئێمە لە ئەسینای زەمەنی کلاسیکییەوە پێی ئاشناین:

"هەر سی ماڵێک ساڵی جارێک ڕیشسپییەک بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، کە بە شێوازی دەربڕینێکی کۆن بە **سیفۆگرانت** و بە شێوازێکی نوێی دەربڕین بە **فیلارخ** ناوزەندی دەکەن. لە لوتکەی هەر دە سیفۆگرانتێک بە سەرجەمی خێزانەکانەوە کەسێک هەیە، کە زوو بە **ترانیبۆرێ**، و بە وشەی نوێتر بە **پرۆتۆفیرلاخ** ناوزەند کراوە. دواجار هەموو **سیفۆگرانت**ەکان پێکڕا، بە ژمارە دووسەد دانە، لە هەڵبژاردنێکی نهێنیدا و پاش سوێندخواردن، کە بەپێی حوکمی خۆیان کارامەترین هەڵبژێرن، لە چوار داواکار شازادەیەک هەڵدەبژێرن، تاوەکو عەشیرەتەکەیان بەناوبانگ بکات. چونکە لە هەر گەڕەکی شارێک یەکێک هەڵدەبژێردرێت و پێشنیاری ئەنجوومەنی باڵا دەکرێت."

شانبەشانی ئەنجوومەن جۆرێک لە ئەنجوومەنی پیرانیش لە ئارادا هەیە:

"دوورگەکە خاوەنی پەنجاوچوار شارە ... لە هەر شارێک ساڵی جارێک سێ هاووڵاتی بە تەمەن و بە ئەزموون بۆ ڕاوێژ سەبارەت بە بابەتە بەکۆمەڵەکانی دوورگەکە لە **ئاماورۆتوم** کۆدەبنەوە."

---

[14] لە دێرزەمەندا لای یۆنانییەکان بچوکترین یەکەی بەڕێوەبەرایەتی بووە، لە چوارچێوەی پۆلیس، واتا شار وەک شارەوانی گوندێک.

ئەنجوومەن و ئەنجوومەنی پیران باڵاترین یەکەی سیاسیی پێکدەهێنن. هەموو بڕیارەکان لێرەدا لەسەر شێوازی دیموکراسی دەدرێن:
ڕاوێژ سەبارەت بە کێشە گشتییەکان لە دەرەوەی ئەنجومەن یان کۆبوونەوەی گەل بە تاوانێکی شایستەی مەرگ تەماشادەکرێت.
بەڵام سەرەڕای ئەو نێزیکییە لە ئەسیناوە جیاوازییەکی زۆر گرنگ بەرچاو دەکەوێت. دیموکراسییەکەی ئەسینا، وەک ئەوەی **جۆن لووک**، لەسەر خاوەندارێتی تاکەکەس بنیاتنراوە. ئازادی و یەکسانیی هاووڵاتیان لە سایەی ئەو سەروەرییەوەیە، کە هاووڵاتیان بەسەر موڵکەکانیاندا هەیانە، بەسەر ژن و منداڵ و کۆیلەکانیاندا. **موور** دیوە تاریکەکەی دیموکراسی ئەسینا بە مەرجێکی زەرووری ئازادی دیموکراسی نازانێت. پتر ئەو نەخشەسازی بۆ وێنەی **پۆلیس**[١٥]ێکی دیموکراسی دەکات، کە مەرج نییە پێی لەناو **ئۆیکۆس**[١٦]دا بێت. سەرەتا ئەوەی زەق دەردەکەوێت ئەوەیە کە لە **یوتۆپیا** خاوەندارێتی تایبەت بە هیچ

---

[15] وشەیەکی یۆنانییە، وتا شار یان دەوڵەت، بگەڕێیتەوە بۆ ڕەگوڕیشە کۆنەکەی بە مانای قەڵاش دێت. پۆلیس لە یۆنانی ئەنتیکدا وشەیەک بووە بۆ ناوزەندکردنی دەوڵەتی نموونەیی. پۆلیسی نموونەیی شارەوانی هاووڵاتیگەلێک یاخود کۆمەڵگایەک بووە و لەپێشەوە خۆی بە جوگرافیا نا، بەڵکوو بە ئەندامەکانی پێناسەکردووە. پۆلیس بووە بە دەستەواژەیەکی کلاسیکی بۆ دەوڵەتی شار لە سەردەمی ئەنتیکدا.

[16] ئۆیکۆس لە یۆنانی کۆندا کۆمەڵگای ماڵداری و دارایی بووە و چەقی ژیانی پێکهێناوە. هەردوو دەستەواژەی ئێکۆنۆمی و ئێکۆلۆژیا لەو وشەیەوە هاتوون. ئۆیکۆس بریتی بووە لە خێزان و خزمەتکاران و کۆیلە و زەوی.

شێوەیەک بوونی نییە: "چونکە تەنانەت هەموو دە ساڵ جارێک خانوەکانیشیان دەگۆڕن، ئەویش بەپێی تیروپشک."
لەسەرو ئەوەشەوە، باوک حوکمڕانی ماڵ ناکات: "باوک و دایکی ماڵ، واتا خەڵکانی پێگەیشتوو سەرگەورەی ماڵەکە پێکدەهێنن."

لای **موور** دواجار ئازادی و یەکسانی هاوولاتیان یەکسانی داراییش لەخۆدەگرێت؛ لەکاتێکدا لە بەریتانیای زەمەنی ئەو "خاوەندارێتی تاکەکەس بوونی هەیە"، ژیان لەوێ بەوەدا دەناسرێتەوە کە "هەموو شتەکان موڵکی گشتین."

لە پێشبینی وێنایەکی سۆسیالیستیدا **موور** پێی وایە کە:
"ئەو شوێنەی خاوەندارێتی تایبەتی تیادا بێت و هەموو مرۆڤەکان هەموو بەهاکان بە پێوەری پارە بپێون ... کردنی سیاسەتێکی عادل و بەختەوەر هەرگیز مومکین نابێت."

لە کتێبی یەکەمدا **رافایل هیثلۆدۆیس** ڕەخنەی توند لە بارودۆخە ناهەموارەکانی زەمەنی ئەو دەگرێت، ڕەخنە لە نادۆخی یاسایی و دارایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە دواجار هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ خاوەندارێتییەکی تاکەکەسی سەرمایەداریی کۆن. بەو شێوەیە ڕەخنە لە "ژمارەی زۆری نەجیبزادەکان" دەگرێت کە "وەک گەلۆر لەسەر کاری ئەوانی دیکە دەژین."

موور بەتایبەتی وەک سەرچاوەی هەموو بەدخووییەکان باس لە ناکۆکی بەکارهێنانی زەوی دەکات. بەوەدا کە خوری قازانجی زیاتر فرێدەدات لە دانەوێڵە، نەجیبزادەکان

"هەموو زەوییەکان وەک لەوەڕگا تەلبەند دەکەن ..." بۆ ئەوەی:

"یەک تاقە خەسارکار، تێرنەبوو و نەفرەتێکی ڕاستەقینەی خاکەکەی خۆی، بتوانێت دەوری هەزارەها مەتر زەوی کشتوکاڵی بە یەک تەلبەند بگرێت، نیشتەجێکان لە ماڵ و حاڵ دەردەپەڕێندرێن؛ لەڕێێ پیلانی تەڵەکەبازانە و ستەمی توندوتیژەوە بێدیفاعیان دەکەن یاخود لەڕێی کارپێکردنی قورس و ماندووکەرەوە وایان لێدەکەن بیفرۆشن."

کەمبوونەوەی ڕووبەڕی کشتوکاڵی دەبێتە هۆی گرانبوونی خواردن، برسییەتی، مەینەتی و بڵاو بوونەوەی تاوان.

لای یوتۆپیاییەکان بە پێچەوانەوە "بەهۆی دابەشکردنی یەکسانی موڵکەکانەوە، هەموو تاکەکان زیاد لە پێویستی خۆیان کەرەستەکانی ژیانیان لەبەردەستدایە."

یەکسانی لێرەدا واتای ئەوە نییە تەنها لەپێش یاسادا یەکسان بیت و لە فەزای گشتیدا مافی گوتاردانت هەبێت، بەڵکوو لەوە ڕیشەییتر، دابەشبوونی یەکسانی موڵک، کە لە سایەی دەستبەرداربوون لە خاوەنداریێتی تایبەتەوە دروستدەبێت. لێرەدا تیۆرییەکی سیاسیی سەردەردەهێنێت، کە ئازادی و یەکسانی، وەک دواتر لای **لۆک**، وابەستەی خاوەنداریێتی تاکەکەس ناکات – ئاراستەکردنێکی تیۆریی کە کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی بەجێهێشتووە. بۆ ئەوەی ئازاد بیت و لەگەڵ ئازادەکانی دیکەدا بە چاوێکی یەکسان تەماشابکرێیت، دەبێت بە وتەی **لۆک** خاوەنی

موڵکی تایبەت بیت. **لۆک** لێرەدا وایدادەنێت، ئەو موڵکە مافێکی سروشتیمانە: ئێمە لەڕێی کارەوە دەبین بە خاوەنی ڕسقێکی سروشتی. لەگەڵ ئەوەدا ئەو ڕاستییە فەرامۆش دەکات کە ئێمە لە دۆخی سروشتیدا ناژین، بەڵکوو لە سیستەمێکدا، کە هەمیشە دابەشکردنێکی نایەکسانی شتەکان و بەردەستییەکی نایەکسانی سەرچاوە سرووشتییەکان ڕەوتی دیاریکردووە. **لۆک** ئەفسانەی نوخبە دەسەلمێنێت و لەوە بێدەنگ دەبێت کە ئێمە پێگەی کۆمەڵەیاتیمان (لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتی بەشداری سیاسیمان) نەوەک تەنها لەسەر بنەمای توانا تاکەکەسییەکانمان، بەڵکوو لە لەدایکبوونمانەوە بۆمان دەمێنێتەوە. لە **لۆک**ەوە ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ هەیە بۆناو نیۆلیبڕالیزم و پارلەمانتاریزمی سەرمایەداریی ڕۆژەکانی ئەمڕۆمان، بە پێچەوانەی ئەوەوە لە **موور**ەوە ڕێگایەک بۆ ناو سۆسیالیزمێک هەیە، کە بەهۆی نیگایەکی مارکسییەوە بۆ دەستکردیی کۆمەڵگا، کە یاسای بێلایەن و مێژوویی بکاتە ڕێبەری خۆی، فاسد نەبووە. ئەو سۆسیالیزمەی کە لە **یوتۆپیا**دا هۆنراوەتەوە، هێشتا هیچی نەگەیشتووە.

ڕەخنەی **موور** لە خاوەندارێتی تایبەت ڕووی لە ناوەندە هەرە لەبارەکەیەتی، ئەویش پارە و ئابووری پارەیە: ئەو کەسەی کە گرەوی لەسەر کۆکردنەوەی سەرمایەکەیەتی، "خودی خۆی وەک پاشکۆیەکی ڕووت، ڕۆژێک وەک

بەخشیشێکی پارە ئاسنەکانی دەکەوێتە ناو خزمەتکارە کۆنەکانی خۆیەوە!"

لێرەدا پارە وەک ناوەندێک دەردەکەوێت، کە پەیتا پەیتا جێگای ئەو شتەی، کە دەبێت بکەوێتە بەینییەوە، دەگرێتەوە. پارە وەک نوێنەری گرێبەستێک وایە لەنێوان دوو لایەندا، بەڵام ئەو گرێبەستە خۆی سەربەخۆ کردووە و دوو لایەنەکەی ملکەچ کردووە. لەو پاشخانەوە ڕەنگە مرۆڤ لەوەش تێبگات، کە **موور** بۆچی لە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوە دەستپێناکات. ئەو ناکۆکی گرێبەستەکان، بەتایبەتی لە کۆنتێکستی نمایشکردنی سیاسەتی دەرەکی یوتۆپیاکەیدا، بە بابەتکردووە.

هەڵبەت ئەسڵەن بە کارەساتی دەزانن، کە نەریتی گرێبەستکردن ڕەگووڕیشەی داکوتاوە، ئەگەر چۆن دڵسۆزانە پابەندیشی بن. خۆ لە سایەی ئەویشەوەیە کە گەلەکان پێیان وایە، بۆ دوژمنایەتی کردن و کینەی یەکتری خەلقکراون، و هەتا ڕادەی نەفیکردن شیروتیر لە یەک دەسوون، ئەمە لەکاتێکدا گەر گرێبەست ڕێگایان لێ نەگرێت – ڕێک وەک ئەوەی هیچ کۆمەڵگەیەکی سرووشتی نەبێت دوو گەل بە یەکەوە ببەستێتەوە، کە تەنها بۆشاییەکی وردیلەی گردێک یاخود شاخێک لە یەکی جودا کردوونەتەوە.

ئەو ڕەخنەیە لەڕووی پێکهاتەوە هاوشێوەی ڕەخنەی **پۆڵس**ە لە یاساکانی **پەیمانی کۆن**[17]، وەک ڕەخنەی **هیگڵ**یش لە **کانت**. **پۆلس** لە **نامەی ڕۆمادا** دەڵێت، پەیڕەوی یاسا دەگات بە موستەحیل؛ یاسا خۆی ناچارت دەکات سەرپێچی بکەیت. کەوابێت دەبێت شتێکی دیکە بێتە پاڵ یاسا، بنەمای پێکەوەژیانێکی مەرجدار، کە **پۆڵس** و **هیگڵیش** بە کۆنسێپتی خۆشەویستی دەیسەلمێنن. بە هەمان مانا یوتۆپیاییەکانیش پێیانوایە:

"مرۆڤ بۆی نییە هیچ کەسێک وەک دوژمن تەماشابکات، گەر هیچ شتێکی ناڕەوای لێنەبینێت. کۆمەڵگای سروشتی مرۆڤ بەدیلێکە بۆ گرێبەستەکان، مرۆڤەکانیش لەڕێی ویستنی چاکەی یەکترییەوە کاریگەرتر و پتەوتر دەبن وەک لەڕێی گرێبەستەوە، مرۆڤەکان زیاتر لەڕووی زەینییەوە پەیوەستی یەکن، وەک لەڕووی وشەوە."

**مەسیح** بە وتەی **موور**: "گوزەراندنی ژیانە بە کۆمەڵە (کۆمەنیستییەکە)ی ئاوەڵەکانی بە باش زانیوە"، **موور** زیاتر جەختی لێدەکاتەوە: "کە هێشتا ئەو جۆرە ژیانە لەناو بازنەی مەسیحییە هەرە ڕاستەقینەکانی ئەمڕۆ باوە."

یوتۆپیاییەکان کۆمەڵگایەکی مەرجدار دەهێننەدی، کە وەک تاقە کۆمەڵگا "دەتوانێت ناوی **کۆمەڵگای** دەوڵەتی بە مافی خۆی بزانێت. چونکە هەر کەسێک لە شوێنێکی دیکە باس

---

[17] ئینجیل لە دوو بەشی سەرەکی گەورە پێکهاتووە، کە بە پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ ناوزەند دەکرێن.

له خۆشگوزەرانی گشتی بکات، ئەوا له هەموو شوێن تەنها بیر له بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەکاتەوە؛ به پێچەوانەوە لێرەدا، له شوێنێک که خاوەندارێتی تایبەتی بوونی نییە، بەڕاست و دروستی بەرژەوەندی گشتی ڕەچاو دەکرێت."

کۆمەڵگای یوتۆپیایی به شێوازێکی فەرمی لەڕێی یاسایەکی به کۆمەڵی بەسەر هەموو هاووڵاتیاندا سەروەرەوە، خۆی دەستنیشان ناکات، بەڵکوو لەڕووی ناوەڕۆکەوە، لەڕووی به کۆمەڵی ژیانێکی باشەوەیە. یوتۆپیاییەکان زەوق به مانای ڕاستەقینەی بریتیبوونی بەختەوەری مرۆڤ دەبینن. ئەو بەشەی که باس له فێرکاری ئەخلاقی یوتۆپیاییەکان دەکات، که لەسەر سێ کۆڵەکەی ڕەوشت و بەختەوەری و زەوق بنیاتنراوە، پارچەی جەوهەری کتێبەکە پێکدەهێنێت. سیاسەت تەواوبوونی خۆی تەنها له ژیانێکی سەرکەوتووی هاووڵاتیاندا دەدۆزێتەوە. بۆ موور کۆششی زەوقیی یوتۆپیاییەکان لەگەڵ ئایدیالی کۆمەڵگاکەیاندا له گرژییەکدا نییە؛ زەوق و کۆمەڵگا مەرجن بۆ یەکتری. بەپێی **موور** ئەو مەرجانەی دادگای خوودایی، که هەموو بوونەوەرێکی عاقڵ دانیپێداناوە، حوکمدانی سەرجەمی کردەوەکان له پاش مەرگی تاک، ڕێگری له گەشەیەکی نائاسایی کۆششی زەوقی هەر تاکێک دەکات. له درێژەدا **موور** تێبینی ئەوەش دەکات که گەر مرۆڤ له گەیشتن به بەختەوەری و شادی ئەوانی دیدا کۆمەک بکات، دەبێت بۆ

خودیش شتێکی باش بێت؛ کەوابێت مرۆڤ بۆچی خۆی لەو باشییە مەحروم بکات؟

تەلەبەکانی بەختەوەری لە **یوتۆپیادا** ڕۆڵێکی مەرکەزی دەبینن. **بلۆخ** سەرنجمانی خستە سەر ئەو فەزا **ئانتیتۆتالیتێر**ەی، کە باڵی بەسەر سەرجەمی ئەو نیگایەدا کێشاوە؛ کە سیستەمێکی ئایدیالی دارایی و دەوڵەتداری ناتوانێت لە خودی خۆیەوە شایەنی ئەوە بێت مرۆڤ کۆششی بۆ بکات، بەڵکوو تەنها لەپێناوی ژیانێکی سەرکەوتووی هاووڵاتیانەوەیە. داواکاریی دیموکراسیی ڕیشەییش ناتوانێت دەستبەرداری ئەو لەحزە یوتۆپیاییە بێت.

وەک پاشەکییەک

# یوتۆپیا – هەمیشە و لە هەموو شوێن

هانس پێتەر شیوت

یوتۆپیاکان لە میدیاکاندا باشیان لەسەر ناگوترێت، ئەویش نەک لە سەردەمی داڕووخانی سۆسیالیزمی ڕاستەقینەوە. هەر زووتر لەناو ئەوانەدا کە پێیان گوتراوە چەپ، کاتێک گوتراوە "خۆ ئەوە یوتۆپیاییە!" مەبەست لە ڕەزامەندی نەبووە، بەڵکوو کتومت پێچەوانەکەی. لەگەڵ بێزاریماندا لە یوتۆپیاکان، بۆ تێبینیتان هەمیشە خوێندکاری عاقڵی مارکس و ئێنگلس بووین، کە جگە لە تەکاندنی خەیاڵوپڵاوی

یوتۆپیایی لە سۆسیالیزمە زانستیەکەیاندا هیچ شتێکی تریان بۆ گرنگتر نەبووە.
هەڵبەت ئەو بێزارییە شتێکی وەک هەڵوێستێکی ڕۆژانە وابوو. کاتێک وەرماندەگرت، گەر بمانویستایە بە جدی بیر لەوە بکەینەوە، دەبێت لەڕووی سیاسیی یاخود بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبێت مرۆڤ چی بکات، لە ئێرە و لە ئێستادا، بەهەرحاڵ هێندە بەم زوانە، کە خۆمان دەرئەنجامەکانی بە چاوی خۆمان ببینین. بەڵام ئەوە ڕێگری لە کەس نەکرد لەژێر هەلومەرجی دیکەدا – چۆن دەڵێیت وەک ئەوەی ڕۆژانی پشوو بێت – جارێک بەبێ جڵەو بیر لەوە بکاتەوە، دەشێت لەجێی بارودۆخە ئاشناکان چی حاڵەتێک بوونی هەبێت.
ئەو یوتۆپیایانەی کە لە نهۆمەکانی سەرەوەی کۆمپانیا بازرگانییەکاندا دەهۆنرێنەوە ناوی دیکەیان هەیە: پێیان دەگوترێت "نیگا". بێگومان بڕیارە ئەوانە "یوتۆپیای واقیعی بن"، کە گوایە کاریان ئەوەیە ئێستێکت پێ بکەن، تاوەکو جارێک لە سەرو خۆتەوە ببینیت، بۆ ئەوەی هەموو شتەکان لە ڕۆتینێکی خۆڵەمێشیدا چەقنەبەستێت. لەکاتێکدا یوتۆپیا "خراپەکان" پرسیار لەو ڕێگایەی، کە لە ئێرە و ئەمڕۆ و بەرەو ئەوان دەتباتە دەرێ، سووک و ئاسان بەبێ وەڵام بەجێدەهێڵن، گوایە "یوتۆپیا واقیعییەکان" یاخود "نیگاکان" لە مەسەلەی ئەو ڕێچکانەدا کە مومکینە مرۆڤ بیانگرێتە بەر، ئێمە دەکەن بە داهێنەر.

هێنانەوەی ئەو پێوەرە ناوەڕۆکییانەی، کە ئاخۆ چی شتێک یوتۆپیایەک لە یوتۆپیاکانی دیکە جوددادەکاتەوە، ئاسان نییە. بۆ ئەو مەبەستە دەبێت سەبارەت بە واقیعی یاخود ناواقیعی ئارگومێنتەکان زیاتر بزانین. تەنانەت گەر مرۆڤ تەواو یەکلایی بووبێتەوە، تەنها بیر لە "یوتۆپیای واقیعی" بکاتەوە، ئەوا تەنها بەو هۆیەوە پێوەرێکی ڕیالیزمی بەدەستناکەوێت کە مرۆڤ بتوانێت سوودی لێوەربگرێت. ئەو ناکۆکیانەی بە زەحمەت بڕیاریان لەسەر دەدرێت، لەسەرئەوەی ئاخۆ ڕیالیزم لەکوێ تەواو دەبێت و شێتی پەتی لەکوێوە دەستپێدەکات، لەو ڕووەوە شتێکی پێشبینیکراوە. ئەوەش مەرج نییە خراپ بێت.
با ئەو پرسیارە، کە ئاخۆ کام یوتۆپیایانە "خراپن" و کامانە وەک "نیگا"ی پاڵنەر نەک تەنها بۆیان هەیە سەرنجی ئێمە بدۆزنەوە، بەڵکوو دەبێت بیدۆزنەوە، وەلانێین!
دوو مەودای دیکە لە ئارادان کە بە شێوازێکی حاشاهەڵنەگر ئەوە نمایش دەکەن، کە مرۆڤ بە مانایەکی ناتوانێت دیاریکراو دەستبەرداری ئەوە بێت بیر لە یوتۆپیا بکاتەوە، ئەگەرچی بشیەوێت. یەکێک لەو دوو مەودایانە **بیرکردنەوەی زانستییە**، ئەوەی دیکەشیان **شیعرە**.
ناسراوە کە جیاوازی نێوان گشتگیریکردنی نادیاریکراو و ئەوانەی، کە پەیوەندییەکی شەرعی لەنێوان دوو دیاردەی سرووشتیدا کەشف بکەن جیاوازتر شتەکان ناخەنە بەرتیشک، بەراورد بەوەی کە مرۆڤ لەڕێی گەڕانەوە بۆ

ئەو ئەگەرانەی کە بە دژەواقیع ناوزەند دەکرێن، دەستیدەکەوێت.
گشتگیرکردنی شەرعی کتومت ئەوانەن کە هەمانکات پشتگیری لە ئەگەری دژەواقیع دەکەن: سەرەتا کاتێک پەیوەندییەکی یاسانسی بەدیدەکەین، کە زانیارییەکانمان بمانخاتە دۆخێکەوە، شانبەشانی هەموو حەقیقەتەکان ئەو حاڵەتانەمان بۆ دەرکەوێت، کە دەکرا ڕوو بدەن و دەکرێت لە ئایندەدا ڕووبدەن، گەر ئەوە و ئەوە ڕوویانبدایە یاخود ڕووبدەن. گەر بە زەقی قسە بکەین: بە بێ سەبەب هێنانەوەی دژەواقیع دەستتێوەردانی زانستی لە ژینگە و چواردەورماندا کارێکی نەکردەیە. دەستبەرداربوون لە بیرکردنەوەی دژەواقیعی و لەگەڵ ئەوەدا دەستبەرداربوون لە یوتۆپیاکان کاری ئەو کەسەیە، کە هەست بە بەرپرسیاریەت ناکات.
بۆ ئەوەی بزانیت کە لە **شیعردا** خەیاڵگەلێک تەشەنەدەکەن، بەڕای من هەرگیز پێویستناکات دەستبکات بە ئارگومێنت هێنانەوە. ئەوەی کە خوێندنەوەی خەیاڵی شاعیری – چ لە ئەدەبی داستاندا، یاخود لە فیلم یاخود هەر شتێکی دیکەدا بێت – شانبەشانی گەلێکی دیکە لەڕووی مەعریفییەوە مەربوتە، دەبێت هیچ گومانێکی لەسەر نەبێت. لێرەدا "**لەڕووی مەعریفییەوە مەربوت**" لەو چوارچێوەیەدا تەنها ئەم واتایەی هەیە: ئەوەی ئێمە لە شکڵی ئەو جۆرە خەیاڵانەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئێمە لەگەڵ چیدا هەست بە

بەزەیی دەکەین، هەست بە شادی دەکەین یاخود بە چەشنێکی دیکەی کاریگەر هەستمان دەبزوێندرێت، لە بەرچاوڕوونی مەعریفی ئەو جیهانەی، کە تیایدا دەژین، بەشداره، گەر ناوی بڵێین؛ جیهانی کۆمەڵایەتی. ئیدی بێگومان پەرجوو نییە کە یوتۆپیا ڕاستەقینە و ڕەچەڵەکییەکان سەرەتا بەرهەمی خەیاڵی ئەدەبین. لەسەر ئەوەی کە نوکتەی ئەو جۆرە خەیاڵانە تا چی ڕادەیەک دەتوانێت شاراوە و زەحمەت بێت، "یوتۆپیا سەرەتاییەکەی" تۆماس موور گەواهی دەدات. هەر کەسێک خۆی بە نیوەی ئەو پنتە مومکینانەی، کە لەو تێکستە ئەدەبییەدان، ئاشناکربێت، هەرگیز جارێکی دیکە ئامادە نابێتەوە، بەجدی لە مشتوومڕێک سەبارەت بە جەوهەری ڕاستەقینەی "یوتۆپیا" وە بگلێندرێت. ئەو جەوهەرە، ئەگەر هەرگیز بوونی هەبێت، لانی کەم هێندەی جەوهەری تراجیدیا، کۆمیدیا، ڕۆمان یاخود هەر جۆرە هونەرێکی دیکە فرەئادگار و ڕووگۆڕە.

گەر دەستبەرداربوون لە بیرکردنەوە یاخود توێژینەوە لە یوتۆپیاکان مانای ئەوەبێت کە مرۆڤ هەمانکات ناچاردەبێت کۆڵ لە **زانست** و **شیعر** بدات، ئەوا ئەو تێزە بە ڕووخسار ئیستیفزازکارەی، کە دەڵێت یوتۆپیاکان "هەمیشە و لە هەموو شوێن" دەستدەکەون، بەڕای من بەپێی پێویست مەعقول کراوە.

لەگەڵ ئەوەدا من باسی یوتۆپیای چەشنی سێهەمم نەکردووە. مەبەست لەوان ئۆبجێکتە ماتماتیکییەکانە.
ئەو حەقیقەتەی، کە ئۆبجێکتێکی فیزیایی، کە ڕووکەشەکەی وەسفێکی ماتماتیکیی فرەچەشنی پنتگەلێکە و لە خاڵێکی دیاریکراودا لە بۆشاییەکاندا کتومت هەمان مەودا لەبەینیاندا هەیە، هێندەی بزانین بە حەقیقی بوونی نییە، ڕێگامان لێناگرێت، دەقیقی وەسفێک، کە ماتماتیک دەماندات، کە نەک تەنها سەرسام بین، بەڵکوو هەموو سوودەکانی ئەو ئاماندارییەی، کە لەناو خۆیدا حەشاریداوە، خۆشحاڵانە بەکاربهێنین، ئەگەرچی دەشزانین کە جگە لە نزیکبوونەوە "**غەیبییەکان**" لە سروشتی فیزیاییدا هیچ شتێکی دیکە نادۆزرێتەوە. هەموو ئەو مۆدێلانەی کە ئێمە لە تێگەیشتنە زانستییەکەی جیهاندا دەگەڕێینەوە سەری، لەگەڵ ئۆبجێکتە ماتماتیکییەکاندا لە کاراکتێری یوتۆپیایی یاخود "ئایدیال"دا هاوبەشن.
کەوابێت بێزارییە ڕۆژانەییەکەمان لە یوتۆپیا چی لێ دەمێنێتەوە؟
ئەو ڕیالیزمەمان، کە پێوەرە لاوازەکانمان هاودەمین، بەشی ئەوە ناکات ئەو بێزارییەمان بسەلمێنین. زانست، بەتایبەتی ماتماتیک و هونەر، وانەمان دادەدەن کە ئاوها نییە.
کەوابێت بەرهەڵستییەکەمان لەکوێ پشتوپەنا بدۆزێتەوە؟
من وای تێدەگەم کە ئەوە شتە یوتۆپیاییەکان نین — دەمەوێت بڵێم: دژە واقیع، ئایدیال، تەنها ئەوەی

هۆنراوەتەوە —-کە وامان لێدەکەن یوتۆپیاکانمان لا قێزەون بن. ئەوەی کە ئەوە دەکات شتێکی تەواو جیاوازە. ئەو یوتۆپیا "خراپانەی" کە ئێمە دەیانناسین، سەروکاریان لەگەڵ گۆڕانێکی نەخشەبۆدارێژراوی دۆخە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ناو مرۆڤەکاندا هەیە. من وای دەبینم، ئەوەی کە ئێمە لامان قێزەونە، ئەو "مۆدێلی کێکبرژێن"ەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییەیە کە لەپشتییەوە خۆی حەشارداوە — هەڵبەت لەسەر ئەو دروشمەی کە دەڵێت: دەیهێنیت و تێکەڵیهەڵدەدەیت ... و پاشان ... کاتێک دێت کێکەکە ئامادەیە! ئەوەی ئێمە لامان قێزەونە، ئەو بیرۆکەیەیە، کە ئێمە خودی خۆمان، خووەکانمان، پیلانەکانمان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان ڕەنگە ببنە کەرەستەیەکی ڕووتی قەبیلەی چەند کۆمەڵگادروستکەرێک، کە لەسەر ڕەچەتەیەکی ئامادە وەک کێکێک کۆمەڵگا دروست دەکەن.

مەنتیق و مۆڕالی ئەو جۆرە کۆمەڵگادروستکەرانە کتومت هاوشێوەی پەروەردەکارێکی ئاژەڵە، کە بۆ تێبینیتان تەنها "باشترینیان" بۆ ئاژەڵەکانی خۆیان دەوێت. بێگومان دەڵێن، بۆ ئاژەڵەکانیان "تەنها باشترینیان" دەوێت. بەڵام ناتوانین باشترینی خۆمانیان، واتا ئازادیمانیان بدەینێ؛ بەو چەشنە گۆڕانی باشترینی ئەوان بۆ ئێمە وەک گۆرانییەکی ناخۆش نمایش دەبێت، ئیدی بەو درۆیە دەبینین کە هەڵبەت هەر

درۆشە. بۆ تێبینیتان مرۆڤ دەتوانێت شتی لەو جۆرە سەبارەت بە زۆرێک لە "نیگاکانیش" بڵێت.

بۆ ئەوەی بێمتمانەیی خۆمان بەرامبەر ئەو جۆرە بێئابڕووییانە دەرببڕین، ئەوا نە زەرووره و نە کارێکی ژیرانەیە، حوکمێکی نەفرەتکردن بەسەر یوتۆپیا وەک یوتۆپیا یاخود بیرکردنەوەی یوتۆپیاییدا بەگشتی بدەین. هێندە بەسە بکێشین بە چنگە سپییەکانی کۆمەڵگادروستکەرەکاندا، تاوەکو ئاردەکەی لێ بتەکێت و بەناو هەویرە شلەکەدا نینۆکە دڕندەکانیان دەربکەوێت.

## سەرچاوە:

Thomas Morus' Utopia
Und das Genre der Utopoie in der politischen Philosophie
Herausgegeben von Ulrich Arnswald und Hans-Peter Schuett